
# عێراق نەخشەی ڕێگەی بۆ چارەسەری کێشەکانی هەیە
# بەڵام گرفتەکە ئەوەیە لەسەر ئەو نەخشەیە ناڕوات







**((وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ ئەو تەنگژە سیاسییەی ئێستا لەعێراق دروست بووە، پێویستە ئەمریکا هاندەر بێت بۆئەوەی پرۆسەی دەستووری بەردەوام بێت و ڕێز لەمافی سیاسی و مافەکانی مرۆڤ بگیرێت، بێجگە لەم ڕێگەیەش هیچ ئاکامێکی دیاریکراو بەدەست نایەت، بۆ بارودۆخی ئێستا وا پێویستە، واشنتۆن پشـــتگیری کورد بکات بۆئەوەی ببێتە میانگیر و بارودۆخەکە هێور بکاتـــەوە، بەبێ ئەوەی هیچ لایەک قوربانی گەورە بدات... لەم بارودۆخەدا مەزندەی چەندین سیناریۆ دەکرێت، کە هیچ کام لەم سیناریۆیانە نموونەیی نین، بەڵام پێویستە ئەمریکا ئامادەباشـــی بۆ هەموویان هەبێت، لەوانەیە گەڕانەوە بـــۆ بارودۆخی پێش ئەم تەنگژەیە پەســـەند بێت، بەڵام هیچ کام لەو کێشانە چارەســـەر ناکات کە پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق ڕووبەرووی بوونەوە، هەروەها لەوانەیە کورد و عەرەبی سوننە چیتر سەبریان نەمێنێت ئەگـــەر مالیکی دووبارە بەڵێن بدات و جارێکی دیکە لەبەڵێنەکانی پاشـــگەز بێتەوە، بۆیە بۆئەوەی ڕێگە لەوە بگیرێت تەنگژەی دیکە دروست نەبێتەوە، ئەوا ئێســـتا لەهەرکاتێکی دیکە زیاتر پێویستە ئەمریکا نفوزی خۆی لەسەر مالیکی بەکاربهێنێتەوە، بەشـــێوەیەکی تایبەتی دەبێت ئەمریکا بەئاشـــکرا هەڵوێســـتی خۆی بەرامبەر هەر هەڵکشـــانێکی دیکە دەرببڕێت، وەک (لابردنـــی وەزیرەکانی ئەلعراقیە و فەرمانـــی دەســـتگیرکردن کە پێدەچێـــت هۆکاری سیاسی لەپشتەوە بێت)، ئەمەش بەڕێگەی سڕکردنی هاریکارییـــە ئەمنییـــەکان بۆ حکومەتـــی عێراق و هەروەها هۆشداریدان بەگەشتیاران بەوەی سەردانی عێـــراق نەکەن، ئەم هۆشـــداریەش دەبێت بەڕێگەی وەزارەتی دەرەوە بێت، ئەمەش ئاستەنگی زیاتر بۆ وەبەرهێنانی بیانی لەعێراقدا دروست دەکات)).**



**مایکل نایت**

بارودۆخی ئێســـتای عێراق لەباشـــترین حاڵەتدا لەبارودۆخی ئەو فڕۆکەیە دەچێت کە کاپتنەکەی نەخشەی لەبەردەمدایە و لەسەر نەخشەکە ئاراستەی ڕۆیشـــتنی فڕۆکەکە دیاری ناکات و بەپێی مەزاجی کەسی خۆی بەبێ ئەوەی بزانێت دەگاتە کوێ، ئاراستەی فڕۆکـــە وەردەچەرخێنێـــت و بەمـــەش نەك ژیانی خۆی، بەڵکو تەواوی سەرنشینەکانی فڕۆکەکـــەش دەخاتە مەترســـییەوە، بەڵام پرســـیار ئەوەیـــە ئایا تەواوی سەرنشـــینی فڕۆکەکـــە چاوەڕێی قەدەرێکـــی نادیاری مەزاجـــی کاپتنەکە دەکەن، یان پێویســـتە هەموو سەرنشـــینەکان لەو ســـاتە ناسکەدا چیان لەدەســـت دێت بیکـــەن؟ بێگومان بۆ وەڵامی ئەم پرســـیارە لۆژیك قبوڵی ناکات سەرنشـــینی فڕۆکەکە دەستەوەســـتان بن و چاوەڕێ بن، بەڵام دەستەوەســـتان نەبوونیش مانای ئەوە نییە، پێویستە هەموو ڕێگەیەك تاقیبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لەو ساتە ناسکە چارەنووســـی تەواوی سەرنشینی فڕۆکەکە و کاپتنەکـــەش دیـــاری دەکات، هەنـــگاو هەڵگرتنی ئاقڵانەیە، ئەگەر لەم چارەســـەرە دوور بکەونـــەوە، ئەوا هەمـــوو گەمەیەکی خۆکوژی ئەنجامدەدەن، بۆ ئێســـتای عێراق بەداخەوە بارودۆخەکە تەواو هاوشێوەیەی ئەو فڕۆکەیەیە، کێشەکە ئەوە نییە کام گرووپ لەســـەر هەقـــە و کام گـــرووپ تاوانبارە، کێشـــەکە ئەوەنییە لەم تەنگژەیەدا کێ لەوی دیکە زیاتر بەرپرســـیاریەتی لەئەســـتۆیە، بەڵکـــو کێشـــەکە ئەوەیە چۆن ئاراســـتەی پرۆســـەی سیاســـیی عێراق وەك ئاراستەی فڕۆکە ڕاســـت بکرێتەوە، بۆئەوەی هەموو پێکەوە لەو مەترســـیە ڕزگارمان بێت، ئێستا لەعێراقدا نەخشـــەی ڕێگە بۆئەوەی عێراق بگەڕێتەوە بۆ کەناری ئارام و پێکەوەژیان و بونیادی دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی، دەســـتووری عێراقە، ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەش پێویستی بەوەیە هەموو لایەنەکان و پێکهاتە ســـەرەکیەکانی عێراق بگەڕێنەوە بۆ ســـەر نەخشـــەی ڕێگاکە کە دەســـتوورە بۆئەوەی ئاراســـتەی بەرەو پێشـــەوەچوونی عێراق ون نەبێت، ئەمەیە کە پرۆ فیســـۆر مایکل نایت تۆژەری باڵا لەبواری دیراســـاتی سەربازی و ئەمنـــی عێراق و ئێـــران و لیبیا و یەمەن و دەوڵەتانی کەنداو لەئامۆژگای واشـــنتۆن بۆ سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك ڕاشکاوانە ئاماژەی پێکردووە و ئەمریکا ئاگادار دەکاتەوە بۆ ئـــەم قۆناخە پێویســـتە ئەمریکا هاندەر بێت بۆئەوەی پرۆســـەی دەستووری بەردەوام بێت و ڕێز لەمافی سیاســـیی و مافەکانی

## بۆئەوەی ڕێگە لەوە بگیرێت تەنگژەی دیکە دروست نەبێتەوە، ئەوا ئێستا لەهەرکاتێکی دیکە زیاتر پێویستە ئەمریکا نفوزی خۆی لەسەر مالیکی بەکاربهێنێتەوە

مرۆڤ بگیرێت و بێجگە لەم ڕێگەیەش، هیچ ڕێگەیەکی دیکە ئاکامێکی پەسەند و دیاریکراو بەدەست ناهێنێت.

### گەڕانەوە بۆ دەستوور بەچ مانایەك؟

گەڕانەوە بۆ دەستوور واتە گەڕانەوە بۆ نەخشەی ڕێگە و دیاریکردنی ئاراستەی داهاتوو بەپێی ئەو نەخشەیەی بۆ ئەو داهاتووە داڕێژراوە، ئەمەش ڕاشکاوانە واتە پابەندبوونی هەموو لایەك بەجێبەجێکردنی دەستوور، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بۆ هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی (کورد و سوننە و شیعە) جێبەجێکردنی دەستوور هەمووی قازانج نییە، بەڵکو جێبەجێکردنی دەستوور، چۆن بۆ کورد مانای جێبەجێکردنی لانی کەمی داخوازییەکانی گەلی کوردستانە لەم قۆناخەدا، بەهەمان شێوە بۆ عەرەبی سوننە و شیعەش بەهەمان شێوە لانی کەمی خواست و داواکارییەکانیان جێبەجێ دەکات، ئەمەش فێرمان دەکات هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکە(کورد و شیعەو سوننە) ڕازی بن بەوەی هەر لایەك لانی کەمی داخوازییەکانی بەپێی ئەو دەستوورە بۆ بێتە دی، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا هەر یەك لەو سێ پێکهاتەیە (کورد و شیعە و سوننە) مافی زیاتریان نییە؟ بێگومان هەیانە، هەر بۆ نموونە ئەگەر شیعەی عێراق خۆیان خاوەنی دەوڵەتێك بن کە هەمووی شیعە بێت، حەتمەن لەئێستا زیاتر دەسەڵاتیان دەبێت و، عەرەبی سوننەش ئەگەر خۆیان خاوەنی دەوڵەتێك بن حەتمەن دەسەڵاتیان زیاتر دەبێت، کوردیش ئەگەر خاوەنی دەوڵەتی خۆی بێت زۆر لەئێستا زیاتر مافی دەبێت، بۆیە ئەم هاوکێشەیە ئەوەمان پێدەڵێت: دەوڵەتی فیدراڵی فرە نەتەوە و فرە ئایین دەوڵەتی سادەی هامۆجینی یەك پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی نییە، ئەگەر هەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی دەوڵەتی فیدراڵی کە پێی دەگوترێت دەوڵەتی لێکدراو (الدولة المرکبة)، ئەمە واتای ئەوەیە لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ئارەزوومەندانەی هاوسەنگی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی پێکەوە لکێنراو و دەوڵەتەکە پێکهاتووە، ڕایەڵی سەرەکی ئەو پێکەوە گرێدانەش تەوافوق و کۆمپرۆمایزە، بەڵام دەوڵەتی سادەی هامۆجینی یەك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی، لەناوەکەی خۆی ڕادیارە کە پێی دەگوترێت دەوڵەتی سادە(الدولة البسیطة)، ئەم دەوڵەتە نە پێویستی بەدابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەیە لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئایینی و نە پێویستی بەکۆمپرۆمایزی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان هەیە، هەربۆیە ئەگەر لەدەوڵەتی یەك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی، دابەشکردنی دەسەڵاتەکان پیادەبکرێت، ئەوا دابەشکردنی دەسەڵاتەکانیش لەناو دەوڵەتێکی یەکگرتوودایە(الدولة الموحدە) و تاکەکانی ناو ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای یەك ناسنامەن و پێویستیان بەتەوافوق و کۆمپرۆمایز نییە، بەڵام لەدەوڵەتی هاوبەش، کە پێی دەگوترێت دەوڵەتی فیدراڵی (الدولة الاتحادیە)، پێکهاتەکان هاوبەشن، ئەمەش واتە هەر پێکهاتەیەك پارێزگاری بەناسنامەی نەتەوەیی خۆی و پێڕەوی ئایینی یان مەزهەبی خۆی دەکات و لەدەوڵەتێکدا لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە هاوبەشە.

کەواتە دەوڵەتی فیدراڵی چوارچێوەیەکە بۆ هاوبەشیکردنی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان، بەڵام ئەم هاوبەشیە کاتێك دەست پێدەکات کە هەر پێکهاتەیەك بەو بەشەی خۆی ڕازی بێت کە لەدەستووردا بۆی دیاریکراوە، بەمانایەکی دیکە هاوبەشی و شەراکەت، کاتێك سەرکەوتوو دەبێت، کە لەنێوان هاوبەش و شەریکەکاندا گرێبەستێك هەبێت و بەپێی ئەو گرێبەستە هەر لایەك دان بەمافی ئەوی دیکەدا بنێت، ئەم دانپێدانانە بوار بۆ ئەوە دەکاتەوە، هەر لایەك ئەو پشکەی بەپێی دەستوور بۆی دیاریکراوە بەپێی سروشت و تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئایینی خۆی ڕێکیبخاتەوە، ئەمەش بوار بۆئەوە دەڕەخسێنێت، پرۆسەی هەموارکردنی دەستوور کە ئێستا لەعێراقدا وەك پرۆسەیەکی مەترسیدار سەیر دەکرێت، ببێتە پرۆسەیەك بۆئەوەی زیاتر دەستوورەکە بەرەو پێشەوە ببات، هەر بۆ نموونە زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبین عەرەبی سوننە تەحفوزیان لەسەر دەستوور هەیە و پێیانوایە

## بۆ ئەم قۆناخە پێویستە ئەمریکا هاندەر بێت بۆئەوەی پرۆسەی دەستووری بەردەوام بێت و ڕێز لەمافی سیاسیی و مافەکانی مرۆڤ بگیرێت

دەبێت ئەو دەستوورە هەموار بکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا عەرەبی سوننە ئەو مافەی هەیە داوای هەموارکردنی دەستوور بکات؟ لەوەڵامدا دەڵێین بەڵێ شیعە و کوردیش ئەو مافەیان هەیە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا مەبەست لەهەموارکردنی دەستوور چییە؟ ئەگەر مەبەست ئەوە بێت عەرەبی سوننە دیانەوێت ئەو بەشەی دەستوور کە مافی ئەوان لەدەوڵەتی فیدراڵی عێراق دیاریکردووە بەجۆرێکی دیکە داڕێژنەوە کە لەگەڵ تایبەتمەندی پارێزگاکانی عەرەبی سوننە بگونجێت، ئەوا هیچ کەسێك ناتوانێت ئەم ڕێگەیان لێ بگرێت، لەبەر ئەوەش ئەو هەموارکردنەوەی ئەوان پێوەندی بەمافی کورد و شیعەوە نابێت، ئەوا ڕاپرسیش لەسەر هەموارکردنەکە بکرێت، ئاکامی ڕاپرسیەکە پشت بەدەنگی هاووڵاتیانی عەرەبی سوننە دەبەستێت، نەك تەواوی عێراقیەکان، بۆیە لەم حاڵەتەدا کورد و شیعەش دەتوانن بەشەکەی

## دەوڵەتی فیدراڵی فرە نەتەوە و فرە ئایین دەوڵەتی سادەی هامۆجینی یەك پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەیی نییە

خۆیان هەموار بکەن، عەرەبی سوننە هیچ پێوەندیەکی پێوەی نابێت، بەڵام ئەوەی ئەم دەستوورە ڕێگەی لێدەگرێت ئەوەیە کە نابێت هیچ پێکهاتەیەك یاساکانی هەرێمەکەی خۆی (بەمەرجێ لەگەڵ دەستوور هاودژی دروست نەکات) بەسەر پێکهاتەیەکی دیکە لەهەرێمێکی دیکە بسەپێنێت، هەر بۆ نموونە ئێستا یاسای باری کەسێتی لەهەرێمی کوردستان تەواو جیاوازە لەو یاسایەی لەپارێزگاکانی دیکەی عێراق جێبەجێ دەکرێت، یان یاسای قەدەغەکردنی فرۆشتنی لەهەرێمی کوردستان بوونی هەیەو لەپارێزگاکانی دیکەی عێراق بوونی نییە، ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت بڵێ ئەم یاسایە بۆ هەموو عێراق؟ یان یەکێك لەبەسرا بەپێی ئەم یاسایە ڕەفتار نەکات و بانگی بکات بۆ هەرێمی کوردستان و سزای بدات؟ بێگومان نەخێر ئەوە تەنیا دەسەڵاتی هەرێمە و تەنیا لەو هەرێمەشدا کاری پێدەکرێت، ئەم دەسەڵاتە بێگومان بۆ پارێزگاکانی عەرەبی شیعەو سوننەش ڕاستە و نابێت بەسەر هەرێمی کوردستان بسەپێنرێت.

هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئەم باکگراوندەی

چەمکی دەوڵەتی فیدرالی و دەوڵەتی سادە، دووركەوتنەوە نەبوو لەباسەكە، بەڵكو بۆ تیشك خستنە سەر ئەو كێشە گەوهەریە بوو گەڕانەوە بۆ پرۆسەی دەستووری و چارەسەركردنی كێشەكان بەپێی دەستووری عێراق چ مانایەك دەگەیەنێت.

**تەوافوق و هاوبەشی لەدەوڵەتی فیدرالی كۆتایی نایەت**

كێشە و گرفتی سەرەكی سیاسەتمەدرانی عێراق، كە ئەزموونی حكومڕانی و شارەزایی كەمە لەپرۆسەی بونیادنان و پیادەكردنی حكومڕانی لەدەوڵەتی فیدرالیدا، ئەگەر لەم خاڵەوە وەك چاودێرێكی بارودۆخەكە و بەدیدیكی ڕەخنەییانە سەیرێكی لێدوانەكانی د.نوری مالیكی سەرۆك وەزیرانی عێراق بكەین، كە ڕاشكاوانە وتی پێویستمان بەتەوافوق نەماوە و دەتوانین حكومەتی زۆرینە ڕابگەیەنین، ئەوا زۆر بەسادەیی هەست دەكەین سەرۆك وەزیرانی عێراق خۆی ڕاشكاوانە ئاستی تێڕوانینی بۆ عێراقێكی دیموكراتی و فیدرالی چۆنە، خاڵی گرنگ بەپێی دەستووری عێراق، دەوڵەتی فیدرالی عێراق پێویستە بەو جۆرە بونیاد بنرێتەوە كە حكومەتی فیدرالی بەغدا دەسەڵاتەكانی بەتەواوەتی سنووردار بێت و تەنیا ئەو دەسەڵاتانە پیادەبكات كە دەستوور بۆی دیاریكردووە كە ئەویش(بەرگری و دەرەوەو دارایی-یە)، هەروەها دەبێت دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمەكان فراوان بێت تا ئەو ئاستەی دەسەڵاتە سنووردارەكانی حكومەتی فیدرالی نەبەزێنێت، بێجگە لەو دەسەڵاتە سنووردارانەی حكومەتی فیدرالی، ئەوا حكومەتی هەرێمەكان هەموو دەسەڵاتەكانی دیكەیان هەیە، بەدەسەڵاتی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هەرێمەكانیشەوە، لەمەش گرنگتر لەپەرلەمانی دەوڵەتی فیدرالیی لەدوو ئەنجوومەن پێكدێت، ئەنجوومەنی نوێنەران كە بڕیارەكان تیایدا بەزۆرینە و كەمینەیە، ئەنجوومەنی هەرێمەكان كە تیایدا بڕیارەكانی بەتەوافوقە یان نوێنەری هەرێمەكان لەو ئەنجوومەنە یەكسان و پێوەندی بەزۆرینەو كەمینەوە نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو دامەزراوەكانی دەوڵەتی دیموكراتی و فیدرالی بۆ ڕێگرتن لەخۆسەپاندن و تاكڕەوییە و بەردەوام لەبەردەم پرۆسەی چاودێری و هاوسەنگی ڕاگرتنە كە ئەم پرۆسەیەش پێی دەگوترێت(چێك و باڵانس)، كە پرۆسەی چێك و باڵانسیش پشتگوێ خرا و مەسەلەكە هەمووی لەچوارچێوەی زۆرینە و كەمینە چڕكرایەوە، وەكە سەرۆك وەزیرانی عێراق بەئاشكرا بانگێشەی بۆ دەكات، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆك وەزیران تەواو تەواو لەپرۆسەی دەستووری عێراق دوور كەتۆتەوە، ئەمەش ئەو مەترسییەیە كە عێراق بەرەو لیواری هەڵدێر دەبات.

**سیاسەتی مانۆڕكردن كێشەكانی عێراق ئاڵۆزتر دەكات**

یەكێك لەو خاڵانەی بۆتە جێگە سەرنجی پسپۆران و چاودێرانی بیانی نەك تەنیا عێراقی، ئەوەیە كە سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق هێندە خۆی تەرخانكردووە بۆ پیادەكردنی مانۆڕی سیاسیی و بەڵێندان و خۆ دزینەوە لەجێبەجێكردنی بەڵێنەكان، بەهیچ شێوەیەك هەوڵەكانی خۆی تەرخان نەكردووە بۆ بونیادنانەوەی عێراق و جێبەجێ كردنی دەستووری عێراق، هەر بۆ نموونە لەماوەی كەمتر لەمانگێكدا دووجار لەدوو ئامۆژگای گرنگی وەك (ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ستراتیژی و سەنتەری سابان لەناو ئامۆژگای برۆكینگز) ئیدارەی ئەمریكی ئاگادار كراوەتەوە كە كورد و عەرەبی سوننە لەدواكەوتن یان جێبەجێنەكردنی ئەو بەڵێنانەی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەیدات سەبریان نامێنێت و عێراق ڕووبەڕووی كارەسات دەبێتەوە، وەك لەپێشەكی ئەم ڕاپۆرتەش ئاماژەمان پێكردووە پرۆفیسۆر مایكل نایت ڕاشكاوانە لەڕۆژی ٢٠١١/١٢/٢١ (واتە دوای تەقینەوەكانی بەغدا) ئاماژەی بەوەكردووە یەكێك لەمەترسیەكان ئەوەیە كاتێك هەوڵدەدرێت دووبارە عێراق بگەڕێتەوە بۆ ناو پرۆسە دەستوورییەكە، سەرۆك وەزیرانی عێراق كۆمەڵێك بەڵێنی دیكە بدات و جارێكی دیكە جێبەجێیان نەكاتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆكاری ئەوەی چیدیكە كورد و عەرەبی سوننە نەتوانن چاوەڕێ بكەن و بارودۆخەكە بتەقێتەوە، بۆیە پێشنیاریان بۆ ئەمریكا وەك وڵاتی خۆیان ئەوەیە، كاتی



ئەوە هاتووە ئەمریكا نفوزی خۆی لەسەر سەرۆك وەزیرانی عێراق تاقی بكاتەوە، ئەو یارمەتیانەی ئەمریكا بۆ هێزەكانی ئاسایشی عێراق دەینێرێت، بیبەستێتەوە بەجێبەجێ كردنی بەڵێنەكانەوە، لەمەش زیاتر پرۆفیسۆر نایت داوای ئەوە دەكات كە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا هۆشداری بداتە هاووڵاتیانی خۆی كە چیدیكە سەفەر بۆ عێراق نەكەن، ئەمە بێگومان سەرمایەداران و خاوەن كۆمپانییەكانیش دەگرێتەوە، پێشنیاری ئەم ناوەندانە بۆ ئیدارەی ئێستای ئەمریكا بۆئەوەیە كە عێراق نەكەوێتە كارەساتێكەوە كە دواتر بەهیچ شێوەیەك لێی دەرباز نەبێت و ئەو ڕێگەچارەیەش دوور بخرێتەوە، كە دەتوانرێت بەحكومەتێكی مەركەزی بەهێز ئارامی و سەقامگیری لەعێراقدا بپارێزرێت،

**ئەگەر لەدەوڵەتی یەك پێكهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دابەشكردنی دەسەڵاتەكان پیادەبكرێت، ئەوا دابەشكردنی دەسەڵاتەكانیش لەناو دەوڵەتێكی یەكگرتوودایە و تاكەكانی ناو ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای یەك ناسنامەن و پێویستیان بەتەواوفق و كۆمپرۆمایز نییە**

**چاودێران و پسپۆرانی ئەمریكا داوا دەكەن بایەخدانی سیاسەتی ئەمریكا بەعێراق جەختكردنەوە بێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆی عێراق**



راشکاوانەتر ناوەندەکانی توێژینەوە حکومەتی خۆیان ئاگادار دەکەنەوە، ئەو شێوازەی ئێستا سەرۆك وەزیرانی عێراق دەیەوێت حکومڕانی عێراقی پێبکات و هەوڵدەدات عێراق بگێڕێتەوە بۆ مەرکەزیەت، ئەو شێوازە عێراق بەرەو کارەسات دەبات و عێراقییەکان جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت قبووڵ ناکەن، بەتایبەتی کورد کە لەهیچ سەردەمێکدا دیکتاتۆری قبووڵ نەکردووە و هەتا کار گەیشتۆتە ئەوەی ڕژێمی پێشووی بەعس هەموو ڕێگایەکی گرتۆتە بەر وەك کۆمەڵکوژی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی بۆئەوەی کورد چاوترسێن بکات، بەڵام دیسان هەر نەیتوانیووە دیکتاتۆریەتی خۆی بسەپێنیت، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی ئەوکاتی ڕژێمی سەدام حوسین (پێش نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو) زۆر لەبارودۆخی ئێستا جیاوازبووە، لەمبارەوە پسپۆران هەڵوەستە لەسەر بارودۆخی ئێستای سوننەکانی عێراقیش دەکەنەوە و پێیانوایە ئێستا سوننەش دیکتاتۆریەت قبووڵ ناکات و ئەوانیش چەك بەدەستن و بەچەك ڕووبەڕووی سەرۆك وەزیران دەبنەوە، ئەمەش زەمینە بۆ شەڕێکی مەزهەبی ناوخۆیی خوێناوی سازدەکات،

**لەم قۆناخەدا عێراق پێویستی بەسەرۆکی حکومەتێکە بەئەقڵانی کاروبارەکان بەڕێوەبەرێت، نەك بەئەقڵیەتی میلیتاری**

بۆیە ئێستا چاودێران و پسپۆرانی ئەمریکا، وڵاتی خۆیان لەو مەترسیە ئاگادار دەکەنەوە کە لەئاکامی سیاسەتی پشتگرتنی بێمەرجی ئیدارەی ئەمریکا بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بۆیە داوا دەکەن بایەخدانی سیاسەتی ئەمریکا بەعێراق جەختکردنەوە بێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆی عێراق، کە ئێستا بەکردەیی پۆستی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بەدەست نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانەوەیە، داوا دەکەن ئەم وەزارەتە وەك وەزارەتێکی حکومەتێکی فیدرالی و دیموکراتی سەرلەنوێ ڕیکبخرێتەوە، لەبەر ئەوەی تەنیا بەڕێکخستنەوەی سیاسەتی ناوخۆی عێراق، کێشەکانی عێراق چارەسەر دەکرێت و تەنیا بەڕێکخستنەوەی سیاسەتی ناوخۆی عێراق بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەپارێزرێت.

### دوورکەوتنەوە لەدەستوور
### عێراق لەدەوڵەتی فاشیل نزیکدەکاتەوە

هەندێك جار کە دەنووسین یان لەلێدوانەکانمدا باسی ئەوە دەکەین، هەندێك لەسیاسەتمەدرانی عێراق باش لەچەمکە سیاسییەکان حاڵی نابن و لێی تێناگەن، لەوانەیە خوێنەر یان بیسەر هەست بەوە بکات کە جۆرێك لەموبالەغەی سیاسیی لەدەربڕینەکانماندا هەیە، بەڵام ئەگەر لەواقیعی سیاسی عێراق وردبینەوە و لەگەڵ ڕەفتاری سیاسەتمەدارانی عێراقی بەراوردیان بکەین، هەست دەکەین لەنێوان مانای چەمکە سیاسییەکان و ڕەفتاری سیاسەتمەدارندا تێنەگەیشتنێکی قورس هەیە، لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەچەند نموونەیەك بکەین:

* بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کە خاوەنی دەسپێشخەریەکەی ساڵی ڕابردووە بۆ گەیشتن بەڕێککەوتنی هەولێر، بەڕێزی ئەم دەستپێشخەریەی لەسەر بنەما دارشتووە، ئەویش پابەندبوونە بەجێبەجێکردنی دەستووری عێراقەوە، نەك پابەندبوون بەماددەیەك و ڕەتکردنەوە یان پێشێلکردنی ماددەیەکی دیکە، بۆ ئەم

مەبەستەش چەندین جار و لەچەندین بۆنەی جیاوازدا بەئاشکرا ڕایگەیاندووە، ئەگەر دەتانەوێت عێراق یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی هەبێت و بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوە دەبێت ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرێت، لەمەش ڕاشکاوانەتر گوتوویەتی تەنیا ڕایەڵێک ئێمە بەعێراقەوە گرێبداتەوە ئەو دەستوورەیە، ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێ نەکرێت ئێمە بەرپرسیار نین لەوەی عێراق چی بەسەر دێت، لەیەکدوو مانگی ڕابردوو بەڕێز سەرۆکی کوردستان ئەم پەیامەی بەنوێنەری تایبەتی خۆی کە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقیشە بۆ د.مالکیی ناردووە و، وەک ئەوکات نوێنەری سەرۆک بارزانی بەگوڵانی ڕاگەیاند، (من بەنوێنەری سەرۆک بارزانی نامەیەکی زارەکی بەڕێزیم پێیە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەوەی ئایا ئەو ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ دەکات یان نە؟) بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس ئەوکات لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەگوڵانی ڕاگەیاند ئەگەر سەرۆک وەزیران پێی وتین پابەند نابین، ئەوا ئێمەش دەگەڕێینەوە و بڕیاری خۆمان دەدەین. ئەگەر بەوردی لەسەر ئەم پەیامە ڕاشکاوانەی سەرۆکی کوردستان هەڵوەستە بکەین و بپرسین، ئایا سەرۆک وەزیرانی عێراق کاتێک دەڵێت وەڵامی سەرۆک بارزانی دەداتەوەو دەڵێت(بەڵێ من پابەندم بەڕێککەوتنی هەولێر و ئامادەم و پابەندم بۆئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ بکەم) پرسیار ئەوەیە ئایا سەرۆک وەزیران لەناوەڕۆکی ڕێککەوتنی هەولێر و مانای جێبەجێکردنی دەستوور تێگەیشتووە؟ بێگومان ڕەفتارەکانی ئەم یەکدوو مانگەی دوایی بەڵێنەکانی پێمان دەڵێت نەخێر تێنەگەیشتووە، لەوانەیە هەندێک بڵێن بەڵێ تێگەیشتووە، بەڵام دەیەوێت عێراق ئاراستەیەکی دیکە بگرێت و بگەڕێتەوە بۆ مەرکەزیەت و دیکتاتۆری، لەوەڵامی ئەوەشدا دەڵێین، ئەمەش دیوێکی دیکەی تێنەگەیشتنە، لەبەر ئەوەی پێویستە سەرۆک وەزیرانی عێراق بزانێت ئەو نەدەتوانێت ببێتە دیکتاتۆر نە بارودۆخەکەش زەمینەسازی ئەوەی هەیە کە بتوانێت وەک دیکتاتۆر عێراق بەڕێوە بەرێت، هەتا ئەگەر هەندێک پێیان وابێت، ئێستا لەبەر ئەوەی سەرۆک وەزیران پۆستی وەزارەتە ئەمنییەکانی کۆنترۆڵ کردووە، بەمەش دەتوانێت خۆی بسەپێنێت، وەڵامی ئەمەش بەو جۆرەیە ئەمەیان ئەوپەڕی تێنەگەیشتنە، لەبەر ئەوەی لەم قۆناخەدا عێراق پێویستی بەسەرۆکی حکومەتێکە بەئەقڵانی کاروبارەکان بەڕێوەبەرێت، نەک بەئەقڵیەتی میلیتاری.

* شکستی پرۆسەی سیاسیی، مانای بوونی عێراقە بەدەوڵەتێکی فاشیل، ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردنە لەحکومەتی ئێستای عێراقدا ئەوەیە، کە نەک گەندەڵی دیاردەیەکە و لەناو ئەو حکومەتە بوونی هەیە، بەڵکو وەک پرۆفیسۆر کینس پۆلاک سەرۆکی سەنتەری سابان لەئامۆژگای برۆکینگز ڕاشکاوانە لەبەردەم لیژنەی سەربازی سەنات ئاماژەی پێکرد(گەندەڵی تەنیا توخمە کە حکومەتی عێراق دەجوڵێنێت، ئەگەر گەندەڵی نەبێت حکومەتی عێراق ڕادەوەستێت و هیچ کارێکی پێ ئەنجامنادرێت)، ئەگەر سەیری ئەم دەستنیشانکردنەی پرۆفیسۆر پۆلاک بکەین کە حکومەتەکەی خۆی لێ ئاگادار دەکاتەوە، ڕاشکاوانە دەستی خستۆتە سەر برینەکانی حکومەتی عێراق، بەوەی هەر هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی لەحکومەتی عێراقدا بخرێتەگەڕ دەبێتە هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی چالاکیەکانی حکومەتی عێراق و ئەگەر بویسترێت گەندەڵی بنبڕ بکرێت، ئەوا ئەو حکومەتە لەبەر یەک هەڵدەوەشێت، ئەمەش مانای ئەوەیە گەندەڵی بۆتە پەتایەک و

**پێویستە سەرۆک وەزیرانی عێراق بزانێت ئەو نە دەتوانێت ببێتە دیکتاتۆر نە بارودۆخەکەش زەمینەسازی ئەوەی هەیە کە بتوانێت وەک دیکتاتۆر عێراق بەڕێوە بەرێت**

لەحکومەتی عێراق نابێتەوە و حکومەتەکەی تووشی شەلەل کردووە، بۆیە ئەم حکومەتە لەبچووکترین تەنگژەدا عێراق بەرەو دەوڵەتی فاشیل دەبات، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا سەرۆک وەزیرانی عێراق لەمانای دەوڵەتی فاشیل تێدەگات؟ ئەگەر لێی تێبگەیشتایە ئەو سیاسەتەی پیادە دەکرد بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت؟ لەوانەیە هەندێک بڵێن لەپێناوی مانەوەی خۆی و بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی ئەو ڕێگایەی گرتۆتەبەر، ئەم وەڵامە لەوانەیە لەسەر ئەرزی واقیع جۆرێک لەماقوڵیەتی تێدابێت، بەڵام ئەم ماقووڵیەتە ڕوویەکی دیکەی تێنەگەیشتنی سەرۆک وەزیرانمان پیشاندەدا، بەوەی ئەگەر عێراق ببێتە دەوڵەتی فاشیل ئەو وەک سەرۆک وەزیران هەتا ئەگەر سەرۆک وەزیرانیش بێت، هیچ بوونێکی نامێنێت.

### هەرێمی کوردستان وەک دەروازەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی، پێویستە پشتگیری هەرێمی کوردستان بکات بۆئەوەی ببێتە دەروازەیەک بۆ چارەسەری ئەم تەنگژەیە:

١- ئەگەر هەرێمی کوردستان ببێتە دەروازەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیە، ئەوا چارەسەرەکە دەبێتە چارەسەرێکی ناوخۆیی عێراقی و سیمایەک پیشانی ڕای گشتی جیهانی دەدرێت، هەر چارەسەرێکیش لەهەرێمی کوردستانەوە هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، دەکەوێتە ناو چوارچێوەی دەستووری عێراقەوە، دەستووری عێراقیش ڕاشکاوانە کێشەی سیاسیی و ئەمنییەکان لەیەکتری جیادەکاتەوە.

٢- هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دەسپێکی پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە ڕۆڵی بەوجۆرە بووە کە بەشێکە لەچارەسەر نەک بەشێک بێت لەکێشەکە، بۆیە لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و دراوسێکانی عێراقیش هیچ لایەنێک نییە بتوانێت وەک هەرێمی کوردستان ڕۆڵی چارەسەری بێلایەنانە لەکێشەکەدا بگێڕێت، بۆ ئەم بارودۆخەش تەنیا هەرێمی کوردستان و شەخسی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە بتوانێت ئەم ڕۆڵە بەهاوکاری بەڕێز مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق بگێڕێت، لەبەر ئەوەشی بەڕێز مام جەلال وەک سەرۆک کۆماری عێراق خۆی دەبێتە بەشێک لەکێشەکە، ئەوا سەرۆک بارزانی دەتوانێت باشتر ڕۆڵەکە بگێڕێت.

ئەم ئاراستەیە تەنیا بۆچوونێکی کوردانە نییە بۆ چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیەی ئێستای عێراق، بەڵکو ئەمە پێشنیار و ڕاسپاردەی ئەو کەسانەشە کە لەسەر ئاستی ئیدارەی ئەمریکی بایەخ بەبۆچوونەکانیان دەدرێت و داوا لەحکومەتی وڵاتی خۆیان دەکەن، پشتگیری هەرێمی کوردستان بکەن بۆئەوەی بتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت، هۆکاری ئەمەش وەک مایکل نایت ڕاشکاوانە ئاماژەی پێکردووە بۆئەوەی هیچ لایەنێکی ناو کێشەکە قوربانی گەورە نەدەن و، دووبارە پرۆسە سیاسییەکە لەچوارچێوەی نەرمی نواندن و کۆمپرۆمایز بکەوێتەوە سەر سکەی خۆی، بەڵام پێویستە ئەو بەرنامەیەی لەهەرێمی کوردستان بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسە سیاسییەکە دادەڕێژرێت، ئەمریکا نفوزی خۆی لەسەر ئەو لایەنانە بەکاربهێنێت کە ئیلتزامی جێبەجێکردنیان دەکەوێتە سەر شان و پێشتر نەیانتوانیوە جێبەجێیان بکەن.



### پرۆفیسۆر تۆماس ئۆدۆنیل بۆ گوڵان:

# عێراق لەناو جەرگەی ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەدایە، لەم کاتەدا شەڕی ناوخۆ ڕوودات، دەبێتە کارەسات بۆ عێراق و تەواوی ناوچەکەش

**پرۆفیسۆر تۆماس ئودۆنیل ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی نیو سکوڵ لەنیویۆرك و تایبەتمەندە لەسەر تەنگژە جیهانییەکانی وزە، هەروەها پسپۆرە لەئابووری سیاسیی و جیۆپۆلیتیکی دەوڵەتانی خاوەن پەترۆل لەئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بێگومان لەچوارچێوەی تایبەتمەندی کارەکانیدا عێراقیش یەکێکە لەوڵاتانی خاوەن پەترۆڵ، بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکانی عێراق کە ئێستا بەرەو تەنگژەیەکی ترسناك هەنگاو هەڵدەگرێت، پرۆفیسۆر ئۆدۆنیل لەلێدوانیکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی:**

((بەدڵنیاییەوە تەنگژەی عێراق جێگەی مەترسییە، مەترسییەکەش گەورە دەبێت، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی دەبێت خزمەتگوزاری باش بۆ عێراقیەکان دابین بکرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەکاتی نەبوونی دامەزراوەی بەهێزدا ناکۆکی و جیاوازیە تائیفیەکان گەورەتر دەبن، بەتایبەت کە حاڵی حازر ئەمریکیەکان عێراق جێدەهێڵن، عێراق ڕووبەڕووی دەستێوەردان و دەستڕۆیشتوویی دەوڵەتە دراوسێکان دەبێتەوە کە هەر یەکەیان بەرژەوەندی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی کارێکی تەواو زەحمەتە وڵاتێك وەك دورگەیەك وابێت و بەم قۆناغە ئینتیقالیەدا بڕوات، بەڵام عێراق لەجەرگەی ئاڵۆزیەکەدایە. لەم بارودۆخەدا عیراق بکەوێتە شەڕی ناوخۆوە، ئەوە دەبێتە کارەسات بۆ عێراق و بۆ تەواوی ناوچەکە، هیچ گومان لەوەدانییە دوای چەندین ساڵ لەنەهامەتی لەدوای داگیرکاری ئەمریکاوە، ئەوا دەبێتە کارەسات بۆ خەڵکی عێراق. دەبێت هەموو هەوڵێك بدرێت لەلایەن گرووپە عێراقیەکان و لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە بۆ ئەوەی ئەوە ڕوونەدات. هەموو دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق وەك گۆڕەپانێك لەعێراق دەڕوانن، بەڵام ئەگەر شەڕی ناوخۆ ڕوودات، ئەمە لەبەرژەوەندی کەسدا نابێت، بەڵکو مایەی کارەسات دەبێت. بەدیوێکی دیکە ئەگەر ئەمریکا بەباشی



بیری لێبکاتەوە، ئەوا بوونی عێراقێکی ئازاد و سەربەخۆ و بەهێز کە بتوانێت بەرگری لەسنوورەکانی بکات لەبەرژەوەندی ئەمریکا دەبێت، کە کەس لەئاییندەیەکی نزیکدا عێراق بەهەڕەشە نەزانێت. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەزانین ئەمریکا هێزێکی گەورەیە لەسیستەمی وزەی نێودەوڵەتیدا و خۆی وەك بەرگریکاری بازاڕی نەوت دەزانێت، لەبەر ئەوەی نەوتێکی زۆر لەپێنج وڵاتی دەروبەری کەنداو کۆبۆتەوە، ئێران، عێراق، سعودیە، کوەیت و ئیمارات. ئەمریکا لەماوەی بیست ساڵی ڕابردودا سیاسەتێکی نەگۆڕی هەبووە، ئەویش ڕێگەنەدانە بەوەی هیچ وڵاتێك باڵادەست و زاڵ نەبێت بەسەری ئەوی دیکەدا، بەچەشنی ئەوەی سەددام کوەیتی داگیرکرد، پاڵنەرە بنەڕەتیەکەش ئەوەیە ئەوان ئەمە وەك هەڕەشە بۆ سەر بازاڕی نەوتی جیهانی دەزانن، کە وڵاتێك بەتەنیا ئەوەندە دەستڕۆیشتوویی و نفوزی هەبێت، لەبەر ئەوە باوەڕم وایە. ئەمە پاڵنەری ناکۆکیانە لەگەڵ ئێراندا، چونکە ئەمریکا ڕێگە نادات ئێران باڵادەست بێت بەسەر عێراقدا، یان سیاسەتی نەوتی عێراقدا، یان سیاسەتی نەوتی وڵاتێکی دیکەدا، هەروەها عێراق هەوڵیداوە بۆ ئەوەی لەئاییندەیەکی نزیکدا ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنێت ١٠ بۆ ١١ ملیۆن بەرمیل، کەواتە بوژاندنەوەی کەرتی ئابووری گرنگ و پێویستە بۆ عێراق بۆ ئەوەی لەڕووی ئابوورییەوە گەشە بکات. کەواتە لەلایەکەوە ئەو خەڵکانە هەن کە نیەتیان باشە و لەلایەکی دیکەشەوە هەموو ناوچەکان بەرژەوەندی ئابوور خۆیان هەیە، ئەگەر پێکەوە کاربکەن و بوار بەو کۆمپانیانە بدەن بۆ ئەوەی نەوت بەرهەمبهێنن، ئەوکاتە حکومەت داهاتی پێویستی دەبێت بۆ دروستکردنی دامەزراوەی باش و قوتابخانەی باش و بونیادنانی ڕێگاوبانەکان)).

### پرۆفیسۆر کریستۆڤەر گلبی بۆ گوڵان:

# مەترسی دەوڵەتی فاشیل بۆ خەڵکی وڵاتەکەیە و ئەوان باجەکەی

**پرۆفیسۆر کریستۆڤەر گلبی ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی دیوك(Duke) و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کێشە سەربازییە نێودەوڵەتیەکان و ستراتیژیەتی چارەسەرکردنی تەنگژە نێودەوڵەتیەکان و هەروەها ڕای گشتی ئەمریکا لەسەر پەنابردن بۆ هێزی سەربازی، لەچوارچێوەی ئەم تایبەتمەندیەدا کێشەی عێراق و سیاسەتی ئەمریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەی بایەخی پرۆفیسۆر گلبی-یە، بۆ قسەکردن لەسەر مەترسییەکانی دەوڵەتی لاواز و فاشیل و بارودۆخی ئێستای عێراق، پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر گلبی کردو لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

((مەترسی دەوڵەتی فاشیل، لەسەر خەڵکی وڵاتەکە مەترسیەکی گەورەیە، لەبەر ئەوەی دۆخێك دروست دەکات گرووپە لۆکاڵەکان بتوانن بەزۆر و بەناڕەوا تەعدا لەخەڵك بکەن و توندوتیژی بەکار بهێنن لەپێناو کۆنترۆڵکردنی خەڵکدا. کەواتە خەڵکەکە باجێکی گەورە دەدەن لەڕووی بوونی ئابووریەکی سەرکەوتوو، یاخود مافی موڵکداریێتی. لەپێوەندیدا بەئەگەری گەڕانەوەی عێراق بۆ ئەو دۆخە، ئەوا هەندێ مەترسی لەئارادایە کە وا دەکەن ئەگەری ڕوودانی ئەو هەرەسهێنانە بکرێت، ئەویش لەپێوەندیدا بەوەی خەڵکانێکی زۆر پێوەندی و پەیوەستیەکی بەهێزتریان بەپێکهاتە ئیتنیەکانەوە هەیە بەبەراورد بەو پێوەندیەی هەیانە بەدەوڵەتەوە. ئەمە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی بوونی سەروەتێکی زۆری نەوت لەم وڵاتەدا. ئایا عێراق ئەتوانێت بەسەر ئەوەدا زاڵبێت؟ ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی



تا چ ڕاددەیەك دامەزراوە دیموکراتیەکانی عێراق پتەوبوونە، ئەمە پرسیارێکە هەموو کەس خوازیاری ئەوەیە وەڵامەکەی بزانێت و کەسیش نازانێت. بەڵام ئەگەر شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا دروست بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە مەترسیە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و ڕەنگە سەربکیشێت بۆ دابەشبوونی عێراق بۆ سێ بەش، یاخود بەلای کەمەوە بۆ دوو بەش، ئەگەری ئەوەش هەیە ئەو کێشەیە بپەڕێتەوە بۆ سەرتاسەری

### پرۆفیسۆر ڕۆبەرت جینسن بۆ گوڵان:

# ئاییندەی عێراقێکی یەکگرتوو لەرزۆکە

**پرۆفیسۆر ڕۆبەرت جینسن ئوستادی ڕۆژنامەوانیە لەزانکۆی تەکساس و بەڕێوەبەری بەشی پێوەندییەکانە لەزانکۆی ناوبراو و یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسە ئازادانەی کە لەمیدیاکانی جیهاندا تیڕوانین و ڕەخنەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە، هەروەها یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی زۆر دژی هاتنی ئەمریکا بووە بۆ عێراق و یەکێکە لەچاودێرانی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ قسەکردن لەسەر بارۆدخی عێراق بەتایبەتی و ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر جینسن بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ خستینەڕوو:**



((با سەرەتا لەوەوە دەستپێبکەم کە من هاووڵاتیەکی ئەمریکیم و بەئەرکی خۆم دەزانم ڕەخنە لەحکومەت بگرم، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە٢٠٠٣دا کارێکی نایاسایی و نائەخلاقی بوو، بەدوور لەشیکردنەوەی یاسایی و ئەخلاقی، واقیعە عەمەلیەکەش بریتی بوو لەکارەسات، کارەسات بوو لەبەشێکیدا لەبەر ئەو لوتبەرزییەی پلاندانەرانی ئەمریکا هەیانبوو بەوەی دەتوانن کۆنترۆڵی ئاکامەکانی داگیرکارییەکە بکەن کە نەیانتوانی، لەئەنجامی ئەو شکستەوە ئێستا عێراق لەم هەل و مەرجەی ئێستادایە. من وەك چاودێرێکی دەرەکی پێموایە ئاییندەی عێراقێکی یەکگرتوو لەرزۆکە. ئەگەر عێراقییەکان نەتوانن یەکگرتوویی وڵاتی خۆیان بپارێزن، ئەوا پێموایە کەس ناتوانێت پێشبینی ئەنجامەکانی بکات لەسەر عێراق یان لەسەر ناوچەکە. یەکێك لەگەورەترین فشارەکان کە لەئاییندەدا دژواری دروست دەکات، بریتییە لەدروستبوونی ناکۆکی ئێران لەگەڵ سعودیە یان ئەمریکادا، ئەمە بۆ سەردەمی پێش داگیرکردنی عێراقیش لەلایەن ئەمریکاوە هەر ڕاست بووە، ئێستاش کە ئەمریکا عێراق جێدەهێڵێت، ئەوا ئەو جیاوازیە توندتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکا نیگەرانە لەدرێژبوونەی دەستڕۆیشتی ئێران لەناو عێراقدا و ڕەنگە بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆ ناوچەی کەنداو. ئەگەر ناکۆکی نێوان ئێران و ئەمریکا توندتر بێت، ئەوا بەتێگەیشتنی من شیعەکانی باشووری عێراق لەلایەك هاوسۆز دەبن لەگەڵ ئێراندا و لەلایەکی دیکەشەوە تا ئاستێکی دیاریکراو سەربەخۆ دەبن لەئێران و ئەگەری ئەوە هەیە ئێران دەستڕۆیشتوویی لەباشووری عێراقدا زیاتر بێت، کە ڕەنگە ئەمە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە. هەروەها ئەگەر توندوتیژی تائیفی و ڕووداوێکی وەك شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا ڕوودات، ئەوا

## دەدەن

ناوچەکـــە، لەبەر ئـــەوەی هـــەر گرووپێك هاوپەیمانی هەیـــە لەوڵاتێکدا، جا کورد یان شیعە یاخود سوننە، کە هەوڵدەدەن پشتیوانیان بکەن، کەواتە دەســـتێوەردانی دەرەکی دەکەن لەشەڕە ناوخۆییەکەدا، کە بۆی هەیە ناوچەکە بگرێتەوە. بـــۆ ئەمریکاش کاریگەری دەبێت لەبەر ئەوەی ئەگەر بەخێرایی عێراق بخزێتە شەڕێکی ناوخۆییەوە، ئەوا زیان بەسومعەی ئەمریکا دەگەیەنێت، لەپێوەندیدا بەدەستێوەردان و بڵاوکردنـــەوەی دیموکراســـیەوە، واتە ئەوە ئاشـــکرا دەکات ئەمریـــکا لاوازە و توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی نییە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەوەش ڕوویدات، من پێم وایە ئەمریکا وەك بەهێزترین دەوڵـــەت لەڕووی ئابووری و سەربازیەوە دەمێنێتەوە، کەواتە بێگومان زیان بەسومعەی ئەمریکا دەگەیەنێت، بەڵام تێکی ناشکێنێت.

پرســـیارەکە ئەوە دەبێت سیاسەتی ئەمریکا چـــی دەبێـــت. لەســـاڵی ٢٠٠٦دا، پێش ڕاپۆرتـــی گرووپی لێکۆڵینـــەوە لەعێراق و زیادکردنـــی ژمارەی هێـــزەکان، کاتێك بارودۆخەکە زۆر خراپ بوو، پشتیوانیەکی زۆر بەهێز هەبوو کـــە هێزەکانی ئەمریکا پاشەکشە بکەن بۆ سنوورەکان و هەرچیەك ڕوودەدات با ڕووبـــدات، بەڵام بەمەرجێك عێـــراق لەدەوڵەتـــە دراوســـێکان داببڕێ، هەندێ ئەگـــەر هەن کە ئەو سیاســـەتە بگیرێتەبـــەر، بـــەڵام دوای مانەوەیان بۆ ساڵانێکی زۆر لەعێراقدا ڕەنگە خواستی ئەوە نەبێـــت دووبارە لەکاروبـــاری عێراق تێوەبگلێنـــەوە، ئەوە مەحاڵـــە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر دەوڵەتی دەرەکی تێوەبگلێن، ئـــەوا ئەگەری ئـــەوە هەیـــە ئەمریکاش تێوەبگلێت. بەداخەوە، خەڵکی کوردستان، کە دەســـتکەوتی گەورەیـــان هەیە، وەك دیموکراســـی و پەرەپێدانی دامەزراوەکان، وەك هەر وڵاتێکی دیکـــە ناتوانن بەتەنیا بەرەوپێشبچن.

**پرۆفیسۆر لیسا گیلدن بۆ گوڵان:**

# لەعێراقدا شەڕی ناوخۆ ڕوویدات جارێکی دیکە عێراق بەیەکگرتوویی نامێنێتەوە و هیچ هێزێک نییە دووبارە یەکی پێبگرێتەوە

**پرۆفیسۆر لیسا ئێم گیلدن ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئۆسیگۆ لەنیویۆرك و تایبەتمەندە لەسیاسەت و حکومەت لەدەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی و شرۆڤەکارە لەسەر پرسی دینامیکیەتی سیاسیی بۆ گۆڕانکاری لەئەمریکای لاتینی، کە زۆربەی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی دەوڵەتی لاوازن و ئاستەنگی گەورەیان لەپرۆسەی بونیادی دیموکراتی هاتۆتە ڕێ، ســـەبارەت بەکاریگەری لاواز و شکســـتخواردو لەسەر پرۆسەی سیاسیی و عێراقیش وەك یەکێك لەو دەوڵەتانە، پرۆفیســـۆر لیســـا گیلدن لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە ڕای خۆی دەربڕی:**

((پێموایە لەعێراقدا ئەگەری سەرهەڵدانی دەوڵەتی لاواز لەدەوڵەتی شکستخوارد زیاترە، هەر بۆنموونە ئەوەی وڵاتێکـــی وەك لوبنان ئەنجامیداوە لەجیاکردنەوەی گرووپە ئایینیە جیاوازەکان، بووە هۆی چەسپاندنی ئاڵۆزیە ئیتنییەکان و گواستنەوەیان بۆ دامەزراوەکان، بـــۆ نموونە لەوڵاتێکـــی وەك ئیکوادۆر (کۆتا)یان لەپەرلەماندا بۆ خەڵکە ئەســـڵیەکەی وڵاتەکە داناوە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیان هەبێت. پێموایە ســـەرەکیترین مەسەلە ئەوەیە نابێت حکومەت و نوێنەرایەتی لەســـەر ئەساســـی ئیتنی یان ئاینی بونیادنرابێت، بەڵکو دەبێت لەسەر ئەساســـی ناســـنامەیەکی نەتەوەیی بونیادنرابێت. هەروەها دەبێت شەرعیەتی ئەو دامەزراوانە ئەوەبێت کە ســـەروەری یاسا هەبێت، لێرەوە ئەگەر باسی عێراق بکەین کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت شـــەڕی ناوخۆی تێدا ڕووبـــدات، پێموایە بەڕادەیەکی گەورە یەکێتـــی عێراق دەخاتە مەترســـییەوە، زەحمەتە دووبارە لەدوای شـــەڕی ناوخۆییەوە بکەوێتەســـەر پێی خۆی و نەتەوەیەکـــی یەکگرتوو بونیاد بنێیت. هەروەها دەبێتە مایەی ناسەقامگیری لەناوچەکەدا، لەبەر ئەوەی زۆرێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای جەنگی جیهانی یەکەم وڵاتانی دەســـتکردن، هەروەها هۆکاری نەبوونی هەســـتی نەتەوەیی ئەوەیە هەســـت بەیەکێتی نەتەوەیـــی نەکـــراوە. زۆرێك لەوڵاتانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت ســـەرقاڵی ئەوەن بزانن ناسنامەی نەتەوەیی ئەوان چییە. حاڵـــی حازر نیگەرانی هەیە لەبارەی ئەو



ئۆتۆنۆمیەی لەکوردستاندا هەیە، کە پێموایە ئەگەر کوردستان جیابێتەوە و ببێتە دەوڵەت، ئەوا ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە، وەك ئێران و تورکیا و سوریا زۆر نیگەران دەبن لەوەی بەشـــێك لەوڵاتی ئەوانیش جیابێتەوە و کوردســـتانی گەورە دروست بێت، کە ڕەنگە ئەمە سابقەیەك بێت بۆ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە کێشە و ناکۆکی هەیە لەنێوان گروپە جیاوازیە ئیتنی و ڕەگەزی و ئاینییەکاندا تێدایە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەش دابەشبن. بۆ نموونە، ســـەیری ســـودانی باشوور بکەن کە دەنگیان بۆ ســـەربەخۆییدا و لەڕواڵەتدا ســـودانیش ڕێزی لێگرت، بەڵام تا ئێستا ئۆپەراسیۆنی ســـەربازی ئەنجام دەدات لەسەر سنوورەکانی سودانی باشـــوور و سنووریش دەبڕێت، کەواتە کێشانی سنوور لەسەر نەخشە بەمانای ئەوە نییە ســـنوورەکان ڕێزیان لێدەگیرێت. بەڵام ئەگەر عێراق وەك یوگسلافیای پێشـــووی لێهات، کە من پێموایە هەندێ ئەگەری بەهێز هەن کە دابەشبوونێکی چەشنی ئەوە ڕوویدات. بەلای منەوە هەندێ شـــوێنی، وەك کوردستان ئامادەن خۆیان حکومڕانی خۆیان بکەن و ببێتە وڵاتێکی ســـەربەخۆ، بەڵام دڵنیانیم لەوەی شیعە و سوننەکان توانای بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان هەبێت، ئەگەر بەشێوەیەکی تائیفی دابەش بێت بەسەر دوو ناوچەدا، چونکە لەنێو شـــیعە و سوننەکانیشدا ڕێککەوتنێك نییە لەبارەی چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانەوە، لەبەر ئەوە بەدڵنیاییەوە دابەشبوونی لەو چەشنە بەڕاستی مەترسیدارە.

# عێراق دەوڵەتێکی فاشیل که هەرگیز نابێتەوە یەک



ئاسۆ کەریم

**هەرچۆن لێکی بدەیەوە تەجرەبەی دوو ساڵی دوالیزمی «دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن» تەجرەبەیەکی سەرکەوتوو نەبوو**

* ئەمریکا، ڕێککەوتننامەی نێوان خۆی و حکوومەتی عێراق «سۆفا»ی وەکو خۆی جێبەجێ نەکرد، ڕاستە لەکاتی خۆیدا هێزەکانی کشاندەوە، لێ وەکو لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە، دوای خۆی وڵاتێکی جێگیری سیاسی و دیموکراتی و فیدراڵی جێنەهێشت. ڕاستە هەر دەبێت ڕۆژێك «داگیرکەر» بکشێتەوەو چارەنووس بداتەوە دەست ئەهلی وڵات. لێ ئەمریکا سور ئەوەی دەزانی کە هەر زوو دوای کشانەوە، نیشانەکانی ئەو ناجێگیری و لێکترازانە سیاسییە زەقتر دەبنەوە، وەك ئێستا بەدیار کەوتوون. دیار نییە ئاکامی ئەو تەنگژەیە بەچی دەگات و داخوا سەردەکێشێتە شەڕێکی تایەفی وەك ئەوەی ساڵانی نێوان ٢٠٠٥-٢٠٠٧؟ ئێستا ئەمریکا (پێوەندییە تەلەفۆنییەکانی ئەو چەند ڕۆژەی جۆ بایدن)، ئەوەی بۆ ماوەتەوە بێتە تکاو ڕجایێ کە بە دیالۆگ گرفتەکان چارەسەر بکەن و بەپەلە سەرۆك ئەرکانی سوپا «جەنەراڵ ئۆدێرنۆ» و سەرۆکی سیا «پاتریۆس» خۆیان بکەنەوە بە عێراقدا و لەگەڵ لایەنە پێوەندارەکان کۆببنەوە.. بەبڕوای من ئەوەش، لە وڵاتێکی دابەش-دابەشی ئیتنی و نەتەوەیی وەکو عێراق، بەتەنیا بەس نییە..

* سەرانی سوننە و لیستی عێراقیە «هاشمی و موتلەگ» و «عەلاوی»، کە ئێستە وەزیرەکانی خۆیان لە حکوومەت هەڵپەساردووە، ماوەیەکە سەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالیکی بە دیکتاتۆر ناودەبەن و بە خراپتر لە «صدام»ی دادەنێن و داوای ستاندنەوەی متمانەی لێ دەکەن. لەهەمانکاتدا پەنجەی تۆمەت بۆ ئێران ڕادەکێشن کە گوایا لە پشت پەردەوە کاری خۆی لە عێراقدا دەکات. لەبەرانبەردا سەرباری هاشمی دانە دادگا، مالیکی سەرانی کەمینەی عەرەبی سوننە بە تیرۆریست ناو دەبات و لە جێگەی «حکوومەتی شەراکەتی نیشتمانی»، باس لە حکوومەتی زۆرینەی پەرلەمانی دەکات و بە توندی دژایەتی دامەزرانی هەر هەرێمێکی تر لەناو عێراقدا دەکات بەپێچەوانەی دەستوورەوە. لەم ناوەدا نوجەیفی، وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران، بۆ تاوتوێکردنی ئەو تەنگژە نوێیە، نەیتوانی سەرۆکی فراکسیۆنەکان کۆبکاتەوە.

* سەرۆك بارزانی داوای کرد کۆنگرەیەکی نیشتمانی گرێ بدرێ بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکەو دیراسەتکردنی پرۆسەی سیاسی و مەترسییەکانی بەردەم شەراکەت لە عێراقدا. «صەدرییەکان» خێرا هاتنە سەر خەت . لەبەر ئەوە وێناچێ وا زوو مالیکی بەدەم دیالۆگەوە بێت. چونکە بەگوێرەی زانیاری و داتای بەردەست لە دامەزراوەکانی سوپا و پۆلیس و ئیستخباراتدا، مالیکی و شیعەکان باڵادەستیی ڕەهایان هەیە کە زۆر لە ڕێژەی ژمارەی شیعە لەچاو پێکهاتەکانی تردا زێترە. بێ لەوە سەرچاوەکانی داهاتیشیان لەبەردەستە. لەبەر ئەوە شتێك نییە پێی بگوترێ شەراکەت، تەنانەت لە هەڵوێست بەرانبەر حکوومەتی سوریا و ڕووداوەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتەدا، شیعەکان بەگشتی و حکوومەتی مالیکی، بەپێچەوانەی هەڵوێستی عەرەبی سوننەوە، تێڕوانینی خۆیان سەپاند و کەوتنە بەرانبەر تەوەرەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و تورکیاو سعودیەوە....



* دوای ئەو تەنگژە نوێیە، پارتی و یەکێتی لە کۆبوونەوەی خۆیاندا، جەختیان لەوە کردەوە کە کورد نابێتە تەرەف لە ململانێی نێوان شیعەو سوننەدا. سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە ئامادە نین هاشمی رادەستی عێراق بکەنەوە. جارێ هاشمی گوتەنی «میوانی تاڵەبانی»یە. بەڵام کورد تا کوێ و تا کەی دەکارێ خۆی لەو تەوەربەندییە بپارێزێ، وەڵامەکەی دیار نییە!

* تورکیا کە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سوننەکان و لیستی «عێراقیە»دا هەیە و دەستی لە پێکهێنانیدا هەبووە و وەك هێزێکی ئەقلیمیی رکابەری ئێران، چاودێریی رەوشەکە دەکات. بە رای هەندێ لە نووسەرە دیارەکانی ناو ئەو وڵاتە، دوای کشانەوەی ئەمریکا، «بۆشایی دەسەڵات» بەرچاوتر دەبێت و تێکهەڵچوون بەتایبەتی لە ناوچە کێشە لەسەرەکاندا لەنێوان کوردو حکوومەتی عێراقدا روودەدات. هەندێ لەو نووسەرانە لە دیدگایەکی ئەمنییەوە شرۆڤە بۆ رەوشی عێراق دوای کشانەوە دەکەن و ئامۆژگاری حکوومەتی تورکیا دەکەن کە هاوکاری عێراق بن لە گەڕاندنەوەی «تەناهی و جێگیریی سیاسی و هەیبەتی دەسەڵات» لە سەرانسەری عێراقدا! و نووسەرانێکی تریش، باس لە هاو بەرژەوەندیی تورکیا و سعودییە دەکەن، لەبەرانبەر نفوزی پەرەسەندووی ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا..

* لەم ناوەدا، جارێ دیار نییە کەی سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێم پاش تەواوبوونی دوو ساڵەکەی د. بەرهەم ساڵح بەگوێرەی رێککەوتننامەی ستراتیجیی نێوان پارتی و یەکێتی، رادەستی پارتی دەکرێتەوەو کێ دەبێتە سەرۆکی کابینەی حەفتەم.

* دیار نییە کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بەشداریی لە کابینەی نوێ، ئەگەر پێکبێت، دەکەن یان نا. لێ بە راشکاوانە دەڵێن، بەلای ئۆپۆزیسیۆنەوە ئەوە گرنگە کە داخوا کابینەی تازە، پاکێجە ئیسلاحییەکەی ئەوان وەکو خۆی جێبەجێ دەکات یان نا. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە داخوا ئۆپۆزیسیۆن، شتێکی بۆ دیالۆگ تێدا هێشتۆتەوە یان نا؟ بەداخەوە، رووداوەکانی بادینان (٢٠١١/١٢/٢)، کۆسپێکی تریان بۆ دیالۆگ و رێککەوتن لەسەر بەرنامەیەکی دیاریکراو، هێنایە پێشەوە کە پێویستی بە شان دانەبەر و لە خۆبوردوویی و دەستپێشکەریی هەیە بەتایبەتی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی. وەکچۆن هەم پارتی و هەم یەکێتی، لە هەوڵدان بۆ رێکخستنەوەی ناوماڵی سیاسیی کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش، کۆنتاکتی راستەوخۆ لەنێوان سەرکردە باڵاکانی ئەو دوو حزبە و رێکخەری گۆڕان، نەوشێروان مستەفادا هەبووە و هەیە.

* بە تێڕوانینی من، ئەم قۆناخەی ئێستای کوردستان، پێویستی بە سازش و سات و سەودا هەیە. هەرچۆن لێکی بدەیەوە تەجرەبەی دوو ساڵی دوالیزمی «دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن» تەجرەبەیەکی سەرکەوتوو نەبوو، ئەوە بەو مانایە نییە کە هیچ ئیجابیاتێکی نەبووە. بەشێکی ئەو سەرنەکەوتنە، بەبەر پارتی و یەکێتی دەبڕێ. کەواتە تەنیا و تەنیا، حکوومەتی شەراکەتی نیشتمانی دەتوانێ لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵك بێت و دەکارێ بەرەنگاری پێشهاتەکان ببێتەوە، یان ئامادەکاریی بۆ هەر هەنگاوێکی چارەنووسساز بکات کە بێتە پێشەوە. بۆ ئەمەش، جگە لە گوێ لەیەکتر راگرتن و دیالۆگ و سات و سەودا، هیچ رێگەیەکی تری ساغلەم و دروست نییە. پێموایەو ناکرێ لە روانگەی هێزو سەنگ و قورسایی هێزە سیاسییەکان بەهەموو رەهەندەکانییەوە، ئەو دیالۆگ و سات و سەودایە کوردستانییە سەیر بکرێ، یان لە روانگەی ئەو واهیمەیەوە کە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بەگشتی، پارتی و یەکێتی وەکو دوو حزبی سەرەکیی حوکمڕان دەکەن بە ژێرەوە و هەر شەراکەتکردنێك لەگەڵیاندا، تەنیا درێژەدانە بە دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە..

* ئەگەر حکوومەتی شەراکەتی نیشتمانی دروست نەبێت و ئۆپۆزیسیۆن هەمان رۆڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١بگێڕێ و تەنگژە دوای تەنگژە بێتە پێش، چ چارەیەك لەبەردەمدا دەمێنێتەوە جگە لەوەی کە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ پەرلەمانی کوردستان بکرێ و لەسەر بنەمای ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، لەهەردوو ئاستی لۆکاڵ «پارێزگا» و هەرێمی کوردستاندا، حکومەتایەتی بە رێزبەندییەکی تازەوە بکرێ....

**تەنیا و تەنیا، حکوومەتی شەراکەتی نیشتمانی دەتوانێ لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵك بێت و دەکارێ بەرەنگاری پێشهاتەکان ببێتەوە**

**ئەگەر حکوومەتی شەراکەتی نیشتمانی دروست نەبێت و ئۆپۆزیسیۆن هەمان رۆڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١بگێڕێ و تەنگژە دوای تەنگژە بێتە پێش، چ چارەیەك لەبەردەمدا دەمێنێتەوە جگە لەوەی ، هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ پەرلەمانی کوردستان بکرێ**



# عیراق لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا



دەیڤید ڕۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

ڕەنگە ئەو کاتەی ئێوە ئەم ستوونە ئەخوێننەوە، دوایین سەربازی ئەمەریکی عیراقی جێهشتبێت، زۆرێك لە ئێمە نیگەرانی ئەوەین ئەوان زوو پاشەکەشیان کرد و پێناچێت ئاماژە سەرەتاییەکانیش زۆر ئیجابی بن. پێش ئەوەی دوا پۆلی سەربازانی ئەمەریکا خاکی عیراق جێبهێڵن، حکومەتەکەی مالیکی کە شیعەکان باڵادەستن تێیدا یاداشتی دەستگیرکردنی بۆ تاریق ئەل هاشمی، جێگری سەرۆك کۆمار دەرکرد. پێدەچێت سەرۆك وەزیران مالیکی هەوڵی دوورخستنەوە و دەرکردنی جێگرەکەی «ساڵح موتڵەگ» بدات.

هەردوو بەڕێزان هاشمی و موتڵەگ دوو سەرکردەی دیاری عەرەبی سوننەن لە ناو لیستی ئەل عیراقیەدا. بەڕێز هاشمی بەوە تۆمەتبار کراوە کە فەرمانی بە پاسەوانەکانی کردووە بۆ ئەنجامدانی ئیغتیالات لە دژی بەرپرسانی حکومەت (بەرپرسە شیعەکان)، لە کاتێکدا تۆمەتەکەی موتڵەگ سوکترە، کە بەوە تۆمەتبارکراوە «باوەڕی بە عیراق نییەو» کەسێکی «ناکارامەیە». لە کاتێکدا من ئەم ستوونە ئەنوسم، بەڕێز هاشمی لە کوردستانە و دەسەڵاتەکانی بەغدا ناتوانن مولاحەقەی بکەن تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕازی نەبێت لەبری ئەوان دەستگیری بکات.

ڕاستی تۆمەتەکانی دژ بە هاشمی و موتڵەگ هەرچیەك بن، ئەوا بەرەوپێشچوونەکانی ئەم دواییە تێڕوانینێکی ڕوونمان دەداتێ دەربارەی وڵاتێك کە بە چەشنێك دابەش بووە کە قابیلی چارەسەر نەبێت. عەرەبە سوننەکان پێیان وایە سەرکردە شیعەکان لە بەغدا تەنانەت چاوەڕێی ڕۆیشتنی دوا سەربازی ئەمەریکیش ناکەن بۆ ئەوەی بە هەڵنان و هاندانی ئێران دەستپێکردنەوەی وەرزی دروێنەکردنی گیانی ئەوان ڕابگەیەنن. لە کاتێکدا کوردەکان چاوەڕوانی ئەوەن حکومەتی بەغدا بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە پێوەندیدا بە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، یاسای نەوت و غاز و پرسە گرنگەکانی دیکەوە.

زۆر کەس خوازیارە هۆکاری هەموو ئەمانە گرێبداتەوە بە ڕۆیشتنی ئەمەریکیەکانەوە، ئەوان واشنتۆن بە ئەنجامدانی چەندین هەڵەی گەورە تۆمەتبار دەکەن، ئەویش کاتێك یەکەم ئەنجومەنی حکومڕانی کاتی لە بەغدا لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی تائیفی (شیعە، سوننە، کورد، مەسیحیەکان و بە شێوەیەکی ڕەمزی تورکمانێك یان دووان) پێکهێنا، هەروەها کاتێك پشتیوانی دەستوری ٢٠٠٥ی کرد کە سیستمێکی فیدراڵی نامەرکەزی بۆ حکومەتی نوێی عیراق چەسپاند. تەنانەت دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ئەمەریکا، لە پێشەنگیاندا نیۆیۆرك تایمز، سوورن لەسەر ئەوەی ئەم ڕێگاچارانە بە ڕێگاچارەی هەڵە وەسفبکەن کە ئایندەی عیراقیان دووچاری دژواری کرد.

دووبارە، ئەم ڕەخنانەت هەڵەن. پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی لە ساڵی ٢٠٠٣دا کە کورد، سوننە، شیعە و گروپەکانی دیکەی- بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووانیان- لە خۆ گرتبوو، بووە هۆی خولقاندنی حکومەتێك کە هەرگیز عیراق حکومەتێکی لەو چەشنەی بەخۆوە نەبینیبوو کە بەو شێوەیە هەمووان لە خۆبگرێت. دوای هەشتا ساڵ لە دیکتاتۆریەت، «نصابی -کۆتای-تائیفی» باشترین ڕێگاچارە بوو بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لەو کاتەی کەمەی لەبەردەستدا بوو، لە نێو ڕێگاچارە خراپەکاندا ئەم ڕێگاچارەیە لە هەموویان باشتر بوو. هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن،

عیراقیەکان بە پێی دابەشــبوونی تائیفی دەنگیاندا و خۆیان تەئکیدیان لەم سیستمە کــردەوە. زەحمەتە باوەڕ بــەوە بکەین کە بڕیاردانی ئەمەریکیەکان (بە هاوبەشــی لەگــەڵ چەندین کەســایەتی عیراقی لە ناوخۆدا)لەســەر شــێوەی پێکهێنانی حکومەتی کاتی لە ساڵی ٢٠٠٣دا، بووە هۆی ئەوەی خەڵکی عیراق جار لە دوای جار ئەو شێوازی دەنگدانە دووبارە بکەنەوە. هەروەک عەرەبە سوننەکان بانگەشەی بۆ دەکەن ئەوان تائیفی نین و ناسیۆنالیستی عیراقین، کەواتــە ئەیانتوانــی جیاواز دەنگیان بدایە ( واتە لەســەر ئەساســی ناتائیفی). ژمارەیەکی زۆری چاودێران باوەڕ بە عەرەبەکانی عیراق دەکەن کاتێك ڕایدەگەیەنن ئەوان کەسانی ناسیۆنالیستن، کە ئەمەش کارێکی ڕێزلێگیراوە لە بەشە عەرەبییەکــەی عیراقدا، بەڵام ئەوان درك بەو ڕاستیە ناکەن کە زۆربەیان تائیفیانە ڕەفتار دەکەن.

ئەمــە ڕاماندەکێشــێت بۆ پرســی دووەم: بــە نامەرکەزیکردن و فیدراڵیزم. ســنووردارکردنی دەســەڵاتەکانی بەغدا، باشترین دەرفەت دەدات بە عیراقیەکان- کە بەســەر هێڵــە تائیفیەکانیدا دابەش بوونــە- بــۆ هێنانەدی دیموکراســی. (سەرەڕای پۆســتی تەشریفاتی سەرۆك کۆمار) هەرگیز خەڵکی کوردســتان بیر لەوە ناکەنــەوە جڵەوی حکومەتی بەغدا بگرنەدەست، ئەویش تەنها بەهۆی ئەوەی ئاستێکی پێویست لە ئۆتۆنۆمیان هەیە لە هەرێمەکەیاندا. خاوکردنەوەی ململانێی دەسەڵات لە مەرکەزدا کە بریتیە لەوەی (یان دەبێت هەموو دەسەڵاتەکان بە دەستی خۆم بێت یان هیچ دەســەڵاتێکم ناوێت)، دەرفەت بە عیراقیەکان دەدات بۆ ئەوەی بە جۆرێك لە دابەشــکردنی دەســەڵات ڕازی بــن کە دیموکراســی لە عیراقدا پێویســتی پێیەتی. تەنها ڕێگاچارەیەك دیکــە مابێتەوە بۆ هێنانەدی عیراقێکی سەقامگیر بریتیە لە گەڕانەوە بۆ شێوازی حکومڕانی خۆسەپێنی پێش ٢٠٠٣، کە نابێت هیچ کەسێك بەمە بڵێت دەوڵەتێکی سەرکەوتوو.

دواجار عەرەبە ســوننەکانیش درکیان بەمە کرد و لە ئێســتادا زۆربەیان داوای پێکهێنانی هەرێمێك بــۆ خۆیان دەکەن.

**بەرەوپێشچوونەکانی ئەم دواییە تێڕوانینێکی ڕوونمان دەداتێ دەربارەی وڵاتێك کە بە چەشنێك دابەش بووە کە قابیلی چارەسەر نەبێت**

بەڵام ئــەو کاتەی باوەڕیــان بەو وەهمە هەبوو کە ئەتوانن دووبــارە حکومڕانی بەغدا بگرنەوە دەســت، بانگەشەیان بۆ حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز دەکرد، بە چەشنی ئەوەی زۆرێك لە عەرەبە شیعەکان «ناسیۆنالیســتەکان» بانگەشــەی بۆ دەکەن. ئەگەر سوننەکان دوایین بەڵگەی ئەوەیان ویستبێت کە بۆچی حکومەتێکی مەرکــەزی بەهێــز بیرۆکەیەکی خراپە، ئــەوا بەڵگەکــە بریتیە لە یاداشــتی دەستگیرکردنی هاشمی. لە کاتێکدا کە دەیانزانی دۆخەکە بە چ ئاراســتەیەکدا دەڕوات، ئەویش کاتێك حکومەتی بەغدا ئەنجومەنەکانی سەحوەی نەکردە بەشێك لــە هێزی ئەمنــی ڕەســمی، هەروەك ئەوەی بەڵێندرابوو، یاخود کاتێك یاسای ڕیشەکێشکردنی بەعس کرابووە بیانویەك بۆ کردنە ئامانجی عەرەبە ســوننەکان بە هەمــوو چین و توێژەکانیانــەوە، یاخود کاتێك هەر ڕێگاچارەیەك دەربارەی پرسی داهات و دەسەڵات دەگیرایەبەر. لە هەموو ئەو کاتانەدا، هەمووان بەردەوام دەیانووت کە مەســەلەی ئاینی و ئیتنی گرنگ نییە و «ئێمە هەموومان عیراقین.»

ئەگەر ئێســتا عیراق، کــە خاوەنی سەروەرییەکی تەواوە، دەرفەتی هێنانەدی ســەقامگیری و دیموکراســی هەبێت، ئەوا پێویســتە عیراقیەکان بە چەشــنی پەتی ڕزگاربوونەوە دەســت بە پرســی

**عیراق دەرفەتی ئەوەی هەیە ببێتە وڵاتێکی سەقامگیر و دیموکراسی لە ئایندەدا، ئەویش تەنها لەبەر ئەوەی کوردەکان لە ساڵی ٢٠٠٣دا پێداگیریان لەسەر فیدراڵیزمێکی نوێنەرایەتی و نامەرکەزی کرد**

نامەرکەزیکردنــەوە بگــرن. دەبێت هەر پێکهاتەیــەك خــۆی لــە گرتنەبەری ستراتیجیەتی مەترســیداری پێداگیری کــردن لەســەر هێنانــەدی هەمــوو داواکارییەکان بە دوور بگرێت. ئەمە بۆ کوردەکان بە مانای ئەوە دێت پێشمەرگە نەنێرن بۆ باشوور و هەوڵنەدەن لە ڕێگەی هێزەوە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یەکلابکەنــەوە. بۆ شــیعەکان بە مانای ئەوە دێت دابەشــکردنێکی ڕاستەقینەی دەســەڵات پیادە بکــەن ( لەگەڵ ئەو گروپانەی شــیعە نین، هەروەها لە نێوان گروپە سیاســیە جیاوازەکانی شیعەدا) و ڕێز لە ئەحکامەکانی دەســتور بگرن لە پەیوەندیدا بــە نامەرکەزیکردنەوە. بۆ سوننەکانیش، بە مانای ئەوە دێت، هەوڵی خراپکردنــی بارودۆخەکە و گەڕانەوە بۆ یاخیبوون نەدەن، بە چەشنی ئەوەی چەند ساڵێك پێش ئێستا کردیان.

ئەگەر گرنگترین ئەکتەرە سیاسیەکانی عیــراق بــەم شــێوەیە لــە بەرزەفری تموحەکانیان کەم بکەنەوە، ئەوا دەوڵەتەکە دەرفەتی (ڕزگاربون و بەردەوام بوونی) دەبێــت. عیراق دەرفەتی ئــەوەی هەیە ببێتە وڵاتێکی سەقامگیر و دیموکراسی لە ئایندەدا، ئەویــش تەنها لەبەر ئەوەی کوردەکان لە ســاڵی ٢٠٠٣دا پێداگیریان لەســەر فیدراڵیزمێکــی نوێنەرایەتی و نامەرکەزی کرد. ئەگەر دەوڵەتی عیراق شکســت بهێنێت، ئەوا لەســەر دەستی خودی عەرەبەکانی عیــراق دەمرێت بە دڵنیاییەوە، ئەگەر ئــەوە ڕوویدات، ئەوا ئەوانەی پێشەیان ڕەخنەگرتنە، ئۆباڵەکە دەخەنە ئەســتۆی کورد و ئەمریکیەکان. پێناچێت لە ئێســتادا درك بەوە بکەن بە زۆری مەسەلەکە دەوەستێتە سەر سەرکردە شــیعەکانی بەغدا بۆ ئەوەی سوود لەو دەرفەتە وەربگرن کە کورد و ئەمریکیەکان پێی دان، یــان تەنانەت پتر دەکەونە ژێر نفــوزی ئێران و ئەو دەوڵەتە ســاوایە لە ناو دەبەن کە جڵەوەکەی کەوتۆتە دەســت ئــەوان. ئەگەر عیراق وەك پێویســت لە ئاستی چاوەڕوانی کوردەکان نەبوو، نەك بە پێچەوانەوە، ئەوا ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە پشــتیوانی لە جیابوونەوەی کوردستان بکات.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزووری**

# تێکەڵاوبوونی مەسەلە ئەمنی و سیاسییەکان دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا



ڕاستەوخۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کۆمەڵێك کێشە و تەنگژە لەعێراقدا سەریانهەڵدا کە کێشەکان لەگەڵ ئەوەی باکگراوندێکی سیاسیان پێوە دیارە، بەڵام لەهەمانکاتدا بەشێوازی کێشەی ئەمنی و یاسایی خۆیان بەرجەستە دەکەن، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەموحسین سەعدون پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی کرد و سەبارەت بەهەڵوێستی لیستی کوردستانی بەرامبەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و کێشەکانی ئەم دواییەی دروستبوون، بەم جۆرە وەڵامی گولانی دایەوە:(بەمەفهومی یاسایی و دەستووری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا واتە گێڕانەوەی سەروەری و سەربەخۆیی نیشتمانی بۆ عێراق، دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری ئەمە بەگرنگترین ڕووداو دادەنرێت لەعێراق و پێویستە هەموو گەلی عێراق دڵخۆش بن بەم ڕووداوە، بەڵام بەداخەوە ناکۆکییە سیاسییەکان کاریگەرییەکی سلبییان کردە سەر ئەو هەڵوێستە، هەروەها دەرفەتی بۆ پێشێلکاری ئەمنی ڕەخساند و ئەو ڕووداوانەی لەڕۆژانی ڕابردوو لەبەغدا ڕوویاندا گەواهیدەری ئەم ڕاستیەن، هەروەها ئەو گرژییە لەکاتێکی زۆر ناسك و نەگونجاودا لەنێوان لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا هاتە ئاراوە، چونکە زۆر لەدوژمنانی عێراق چاوەڕێی کاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکی دەکەن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بارودۆخی عێراق تێکەڵ و پێکەڵ بکەن، بۆیە پێموایە ئەو گوتارەی کە ئێستا لەئارادایە پێویستە کۆتاییەکی خێرایی هەبێت و هەموو لایەك هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاسایش و پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و پێشکەشکردنی خزمەت و گوزاری زیاتر بدەین و حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی و پەرلەمان ڕۆڵی خۆیان ببینن لەو بوارەدا. هیواداریـن هەموو لایەك بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن بەتایبەتی هێزە سیاسییەکان و سەرکردەکانی کوتلە سیاسییەکان کە پێویستە کۆدەنگییەکی نیشتمانییان هەبێت بۆئەوەی ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت و دەستوور بەشێوەیەکی تەندروست بەدیدێکی ڕوونەوە بەرەو پاشەڕۆژێکی نوێ بۆ عێراق جێبەجێ بکرێ. ئێمە وەك هاوپەیمانی کوردستان پێشتر ڕای خۆمان دەربڕی کە نابێ مەسەلە سیاسی و یاساییەکان تێکەڵ بکرێن، ئەگەر تاوانبارکردنی بەڕێز هاشمی لەڕێگای ئیعتیراف کردنی پاسەوانەکانی بێت، ئەوا هاشمی بەپێی یاسا دەتوانێت لەبەردەم دادگا ئامادە بێت بەتەوکیل کردنی پارێزەرێك و بەپێی یاسای ئسوڵی دادگای جەزائی دەتوانێت دادگایی کردنەکەی بگوازێتەوە ئەگەر دەستەی دادوەری ڕازی بێت و بەپێچەوانەوەش دەتوانێت لەبەردەم دادگای تەمیزی ئیتیحادی تەمیز بکات بۆ ئەوەی داواکەی بگوازێتەوە بۆ هەرێم یان هەر پارێزگایەکی دیکە بەپێی چەند ڕێوشوێنێکی یاسایی، بۆیە ناکرێ ئەم مەسەلەیە لەچوارچێوەی یاسا دەربچێت و بکرێت بەبابەتێکی سیاسی بەجۆرێك هەموو هەڵە و کەموکورییەکانمان داپۆشێت بەتایبەتی لەو کاتەدا، چونکە ئەمە هەڵەیە و پێویستە ئاراستەی سیاسی بابەتەکە ڕاست بکەینەوە، لەعێراق یاسا ڕێڕەوی خۆی بگرێت دەرهەق بەهاشمی)).


**کێشەکان کۆنن و کێشەی سیاسین**

سەبارەت بەوەی ئایا ئەم کێشانە تاچەند کێشەی کۆنی نێوان لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی ئەلعراقیەن و بۆچی لەم کاتەدا سەری هەڵدایەوە، پرسیارمان لەخاتوو عیتاب جاسم پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە کردو ئەویش بەمجۆرەی ڕای خۆی بۆ گولان خستەڕوو وتی:(قەیرانە سیاسییەکان بۆ ئێستا ناگەڕێنەوە، بەڵکو کۆنن و بەر لەپێکهێنانی حکومەت دروستبووە، چونکە ئەو حکومەتەی ئێستا بەپێی ڕێکەوتننامەی هەولێر دروستبووە وەك هەموو لایەك دەزانن ئێمە دەستبەرداری سەرۆکایەتی حکومەت بووین لەپێناو بەرژەوەندی گشتی، دیارە پشتگوێخستن و دەرکردن و دەستگیرکردن و تاوانبارکردنی لیستی عێراقییە گەیشتۆتە لوتکە، هەروەها دەستبەرداری ئەنجومەنی سیاسەتە ستراتیژییەکانیش بووین و سەرکەوتووش نەبووین لەو دەستبەردارییە، هەروەها سەبارەت بە وەزارەتی بەرگری کە تا ئێستاش وەکو خۆی ماوەتەوە بەبێ وەزیر و هەموو دەسەڵاتەکانی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و ئاسایش بەدەست بەڕێز مالیکین بەسیفەتی ئەوەی سەرۆك وەزیران و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانە، ئەوەی لەبەغدا ڕوویدا نیشانەی ئەوەیە کە تیرۆریستەکان ئەو کەلێنە سیاسییەی ئێستا لەئارادایە قۆستیانەوە و بەهەموو شێوەیەك لەبۆسەدا بوون بۆ دۆزینەوەی هەر کەلێنێکی سیاسی بەتایبەتی کە ئێستا هێزەکانی ئەمریکا لەکشانەوەدان، ڕاستە تیرۆریست بێ بەزەیین، بەڵام پێویستە سیاسەتمەداران بەزەییان بەگەلی خۆیانەوە بێت لەڕێگای ئاشتبوونەوە و گفتوگۆ و خۆشەویستی و شەراکەت و پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی، لەهەمان کاتدا دەبنە مایەی متمانەی زیاتری گەل و پشت ئەستوور دەبن بەسەرکردە سیاسییەکانیان، دەبوایە سەرکردە سیاسییەکان بیر لەدابینکردنی ئاو و کارەبا



و خزمەتگوزاریەکان و یارمەتیدانی بێوەژن و بێ باوك و دابینکردنی کار و بژێوی ژیانی هاووڵاتیان بکەنەوە نەك تەنیا بیر لەکورسی و دەسەڵات بکەنەوە، دەبوایە بەرژەوەندی گەل لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە بێت، ئێمە هەمیشە وتوومانە وا باشترە خۆمان لەقسەی هەڵبەستراو دوور بخەینەوە، چونکە ئەنجامی باشی نابێت، کەچی بەڕێز مالیکی لەلێدوانەکەیدا وتی: من فایلی جۆراوجۆرم لایە کە بۆ سێ ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە، گەر وایە بۆچی مالیکی و هەر کەسێکی دیکە کە فایلی لایە تایبەت بەگەندەڵی یان پێوەندی بەکاری تیرۆریستییەوە هەبێت بۆچی کاتی خۆی ئاشکرایان نەکردووە، ئایا گەلی عێراق شایستەی ئەوە نییە ڕاستییەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە و خزمەت بکرێت، تا ئێستا باڵاخانەیەك یان پڕۆژەیەکی پەروەردەیی ڕاستەقینە یان کشتوکاڵێکی پێشکەوتوومان نەبینیوە، تائێستا نەمان بینیوە سەرکردەیەکی سیاسی دەستی بەسەری منداڵێکی بێ باوك دابهێنێت و دڵی بداتەوە و فرمێسکی بێوەژنێك بسڕێتەوە، لەڕێگای ئێوەوە بەگەلی عێراق دەڵێم بەکورد و شیعە و سوننە و موسڵمان و مەسیحی و یەزیدی و هەموو پێکهاتەکانی ترەوە بۆ شادکردنی دڵی شەهیدەکان و سڕینەوەی فرمێسکی بێ باوك و بێوەژنەکان پێویستە یەك دەست بین بۆ لێدانی تیرۆریست و بکوژەکان و ڕێگا نەدەین بەوکەسانەی ئەجێندای تایبەتییان هەیە کە بەویستی خۆیان یاری بەچارەنووسی ئێمەوە بکەن، بەتایبەتی ئەجێندای تائیفیەت کە بەرەو جەنگی ناوخۆییمان دەبات و تەنیا مردن و وێرانکاری وماڵوێرانی بۆ عێراقییەکان بەدوای خۆیەوە دەهێنێت)).

هەر سەبارەت بەم پرسە پرسیارمان لە وەلید حلی پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی قانون کرد کە ئێستا تاریق هاشمی بەتێوەگلان لەکاری تیرۆریستی تۆمەتبار دەکات، سەبارەت بەم لایەنە وەلید حلی لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان وتی: (دەمەوێ یەك شت ڕاست بکەمەوە، دەوڵەتی قانون ناڵێ هاشمی تیرۆریستە، بەڵکو دەڵێ پێویستە خۆی ڕادەستی دادگا بکات، ئەگەر تاوانبار نەبێت، دادگا تۆمەتباری ناکات و ئەگەر تاوانبارە ئەوا دادگا بەپێی یاساکان ئیدانەی دەکات، ئێمە دادوەر نین تاکو کەسێك بەتاوانبار و بەتیرۆریست یان بێ تاوان ناوزەد بکەین، سەبارەت بەدیکتاتۆریەت، دیکتاتۆریەت واتە بەتاکڕەوی کردنی دەسەڵات، هەموو وەزیرەکان بەشێوەیەکی تەواو دەسەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنن، بۆ نموونە وەزیرانی دارایی و کشتوکاڵ و پەروەردە کە لەعێراقییەن دەسەڵاتی خۆیان پیادە دەکەن بەتەواوی، بەهەمان شێوە وەزیرانی کوتلەکانی دیکەش، لەعێراق هیچ جۆرە دیکتاتۆریەتێك نییە، چونکە هەر وەزارەتێك دەسەڵاتی خۆی هەیە و بارودۆخی عێراقیش بەسەر دەسەڵاتەکاندا دابەش بووە، پەرلەمانی عێراق چەندین بڕیاری دەرکردووە بێئەوەی سەرۆکایەتی وەزیران لێی ڕازی بێت، هەروەها چەندین یاسا گەڕێنراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە کە ئەمانە لەوڵاتە دیکتاتۆریەکاندا نییە، لێرە پرسیارێك دێتە ئاراوە ئایا دیکتاتۆر لەکوێیە، ئایا لەهیچ وڵاتێکی دیکتاتۆری بووە جێگری سەرۆك وەزیران، سەرۆك وەزیران بەدیکتاتۆر وەسف بکات، هەموو شتێك سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەم جۆرە لێدوانانە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کەسانە لەدیموکراتیەت ناگەن، وەسفکردنی سەرۆك وەزیران بەدیکتاتۆر خۆی لەخۆیدا نیشانەی دیموکراتیەتە، دواتر با بسەلمێنی کە چەك دژی گەلی عێراق بەکارناهێنێ و بسەلمێنێ کە پیاوانی خۆی خەڵك ناچەوسێننەوە ئینجا باخەڵکانی تر تاوانبار بکات، من بیرمە ڕۆژێکیان ئەندام پەرلەمانێك بەناوی ناصر ئەلجەنابی، کاتێك نوری ئەلمالیکی وتاری دەدا لەخولی



موحسین سەعدون

پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی بۆ گوڵان:

**هیچ کەسێک ناتوانێت هەڕەشە لە کوردستان بکات بە پێی دەستوور هەرێمێکی فیدرالییەو دەتوانێت یاسا پیادە بکات**

پێشووی پەرلەمان هەڵساوە وتی بەڕێز سەرۆك وەزیران ئێوە زیندانییەکان دەچەوسێننەوە و ئەشکەنجەیان دەدەن، مالیکی لەوڵامدا گوتی: تۆ ناصر ئەلجەنابی من فایلی ١٥٠ کەسم لەبەر دەستە کە تۆ لەسێدارەت داون، ڕۆژی دواتر جەنابی بەرەو ئوردن ڕایکرد و ڕایگەیاند کە یەکێکە لەسەرکردەکانی قاعیدە، گرفتی ئێمە ئەوەیە ئەو کەسانە بڕوایان بەیاسا نییە و دەیانەوێ جێبەجێی بکەن، کێ بووە قاعیدە و تاوانبارانی داڵدە دەدا و مافی ئەوەی پێدان کردەوەی خۆکوژی ئەنجام بدەن لەماوەی ٨ ساڵدا، ئایا ئێمە سەرچاوەی ئەم کارانە بووین، پێویستە هەموو کەسێك مێژوو و پێگەی خۆی بزانێت)).

هەر لەچوارچێوەی ئەم تەنگژەیەدا و سەبارەت بەو باسەی کە لیستی دەوڵەتی یاسا باسی بوونی پیلان و کودەتا دەکات دژی حکومەتەکەی، پرسیارمان لەوەلید حلی کردو ئەویش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (ئێمە لەحزبی دەعوە بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ بەرەنگاری حزبی بەعس بووینەوە و ئامادەین بەرەنگاری هەر کەسێکیش ببینەوە ئەگەر بیەوێ توندوتیژی دژی گەلی عێراق بەکاربهێنێت، بەڵام باسی کودەتای سەربازی بوونی هەیە کە دەبێ لە٢٠١٢/١/١ جۆرێك لەکودەتای سەربازی ڕووبدات، بەڵام لەواقیعدا ڕوودانی کودەتای سەربازی لەعێراق زەحمەتە، چونکە بارودۆخی ئێستای عێراق هاوشێوەی سەردەمی حزبی بەعس نییە و زۆریش گۆڕاوە و گەلی عێراقیش وشیارترە)).

سەبارەت بەو قسەیەی وەلید حلی کە داوای ئەوە دەکات هاشمی ڕادەستی دادگا بکرێت و هاشمیش ئێستا لەهەرێمی کوردستانە و بۆ ئەمەش سەرۆك وەزیران جۆرێك لەزمانی هەڕەشە و زبری بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان بەکارهێناوە، موحسین سەعدون پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی وێڕای ئەوەی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ کەسێك ناتوانێت هەڕەشە لەهەرێمی کوردستان بکات، ئاماژەی بەوەکرد هاشمی لەبەغداوە هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان ئەگەر پێویست بووە بگیرێت بۆ لەبەغدا نەگیراوە و لەمبارەوە وتی: (هیچ کەسێك ناتوانێت هەڕەشە لەهەرێم بکات، چونکە بەر لەوەی بێت بۆ کوردستان حکومەتی بەغدا دەیتوانی دەستگیری بکات، ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی هەبوایە و نازانم بۆچی ئەو کارەی نەکرد و کاتێك لەگەڵ بەڕێز خوزاعی هاتن بۆ لای بەڕێز سەرۆکی کۆمار تاکو سەبارەت بەدەستگیر کردنی پاسەوانەکانی گفتوگۆ بکەن، بۆچی کەس نەیگوت ئەوانە

تاوانبارن و تا ئێستاش بێتاوانە تاکو تاوانەکەی ئیسبات نەکرێ و دادگای کوردستان بەشێکە لەدادگای عێراق، بەڵام چەند میکانیزمێك هەیە پێویستە پیادە بکرێت وەك تانە لێدان، و هەرێمی کوردستان بنکەی پۆلیس نییە، بەڵکو هەرێمێکە بەپێی دەستوور هەرێمێکی فیدراڵییەو دەتوانێت یاسا پیادە بکات، هەروەها هیچ کەسێك ناتوانێت پەردەپۆشی لەیاسا بکات و کوردستان پەناگەی تاوانباران نییە و هەر کاتێك دادگا فەرمانێك دەربکات، کوردستان جێبەجێی دەکات)).

### گەڕانەوە بۆ وتووێژوو جێبەجێکردنی دەستوور

کێشەی لەمجۆرە تەنیا بەگەڕانەوە بۆ وتووێژ و زمانی لێکتێگەیشتن چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەوەی لەم پرسەدا گرنگە ئامادەباشی لایەنەکانە بۆ ئەوەی بتوانن دەست بەپرۆسەی دیالۆگ بکەن و پرۆسە دەستوورییەکە بخەنەوە سەر رێچکەی خۆی هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستوور چڕبکرێنەوە، سەبارەت بەم لایەنە و لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان پەرلەمانتار عیتاب جاسم دووری لەسەر ئەم پرسە بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی:(بەڕاشکاوی دەڵێم ئەگەر دەستپێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بەتەواوی جێبەجێ بکرایە بارودۆخەکە بەئێستا نەدەگەیشت، ئێمە هەمیشە بەچاوی رێزەوە دەڕوانینە هەرێمی کوردستان کە چۆن توانیویەتی بەو شێوەیەی ئێستا بارودۆخی خۆی رێك بخاتەوە، لەبەر ئەوەی لەسەردەمێکدا بەقۆناغی سەخت و دژوار و پشتگوێخستن و شەڕ و کوشتار تێپەڕیوە، بەڵام توانی برینەکانی سارێژ بکات، نازانم بۆچی حکومەتی ناوەندی لەسەر هەمان رێچکە و رێبازی هەرێمی کوردستان هەنگاو نانێت کە نموونەیەکە بۆ بونیادنانەوە و گەشەپێدان. بۆ ئێستاش من دیسان دووپاتی دەکەمەوە، مێزی گفتوگۆ تاکە هۆکارە کە لایەنە پێك ناکۆکەکان بتوانن کێشەکانی خۆیان تێیدا بخەنەڕوو، چونکە ڕەنگە هەر یەکێك لەو دوو لایەنە، پێمولیە ئاساییە گەر دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سەرۆك وەزیران گوێ لەداواکارییەکانی هەموو لایەنەکان بگرێت، ڕاشکاوانە دەڵێم لیستی عێراقییە پشتگوێ و فەرامۆش کراوە، لەوانەیە پێمان بڵێن ئێوە نۆ وەزیر و جێگری سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەتتان هەیە، بەڵام بەو شێوەیە نییە، چونکە ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوی ناوخۆی نییە بۆیە ساڵح موتڵەگ هیچ دەسەڵاتێکی نییە، هەروەها لەودا سەردانی خۆیدا بۆ واشنتون وا باشتر بوو یەکێك لەوەزیرەکانی لیستی عێراقییە لەگەڵدا بێ بۆئەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری گفتوگۆکانی بوایە لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی بەتایبەتی سەرۆك کۆماری ئەمریکا، تەنانەت لەبابەتی هەرێمەکان کە هۆکاری سەرەکی ئەم داوایە بریتی بوو لەپشتگوێخستنی ئەم پارێزگایانە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، من داوا لەبەڕێز مالیکی دەکەم کە سەردانی ئەم پارێزگایانە بکات و بزانێت چ پێداویستییەکان هەیە بۆیان دابین بکات، و بیسەلمێنی کە سەرۆك وەزیرانە بۆ هەموو پێکهاتە و تائیفەکان، نەك تەنیا بیر لەهەڕەشە بکاتەوە بۆ ترساندنی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق)).

هەر دەربارەی ئەم پرسە موحسین سەعدونیش لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بەمجۆرە هەڵویستی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لەسەر کێشەکان خستەڕوو وتی:(ئێمە لەهاوپەیمانی کوردستان پابەندین بەهەموو ئەو رێنماییانەی کە سەرکردایەتی کوردستان ئاراستەمان دەکات بۆ مامەڵە کردنمان لەگەڵ کوتلە سیاسییەکانی تر، تاکو بۆیان روون بێتەوە گوتاری میانڕەوانە کە هەموو عێراقییەکان بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بدۆزنەوە گوتاری کوردە، هەرچەندە قوربانیمان بەزۆر شت داوە لەپێناو ئەو کێشانەی لەعێراق ڕوودەدەن، بەڵام چارەسەری کێشەکانی عێراق بەرێگای دیالۆگ و وتووێژی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەلای ئێمەوە گرنگە).

ئەوەی پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی ئاماژەی پێکرد رۆڵی کوردی وەك بەشێك لەچارەسەر نەك بەشێك لەکێشەکە خستەڕوو، بەڵام ئایا لیستی دەوڵەتی یاسا ئامادەیە ئەم کێشانە بەزمانی دیالۆگ چارەسەر بکرێن؟ وەلید حلی پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (سەرۆك کۆمار لەدەستووردا دەسەڵاتی زۆری هەیە بۆ فشار خستنە سەر لایەنەکان و پاراستنی دەستوور و یاساکانی عێراق، لەم ڕوانگەیەوە بۆی هەیە چارەسەرێك بۆ ئەم گرفتە بدۆزێتەوە و ئەگەر دەستووری عێراقی بەتەواوی جێبەجێ بکرێت، ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت، بەڵام ئەگەر پێمان بڵێن لەگەڵ کەسانێك دابنیشن کە ئەمن و ئاسایشی وڵاتیان خستۆتە مەترسییەوە بەبیانوی بەرژەوەندی نیشتمانی، پێمولیە ئەمە بەرژەوەندی نیشتمانی نییە. تاکەی گەلی عێراق بەدەست تەقینەوە و کوشتن بناڵێنێت لەپێناو ئەم گرووپە یان ئەویتر. هەرێمی کوردستانیش دەتوانێت ڕۆڵی ئاشتەوایی ببینێت بۆ لەیەك نزیك کردنەوەی لایەنە پێك ناکۆکەکان، بەڵام پێویستە یاساش پیادە بکات).



**عیتاب جاسم**
پەرلەمانتاری لیستی ئەلعێراقیە بۆ گوڵان:

**ئەگەر دەستێشخەرییەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بە تەواوی جێبەجێ بکرایە بارودۆخەکە بە ئێستا نەدەگەیشت**



**وەلید حلی**
پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی قانوون بۆ گوڵان:

**ماوەی ٣٥ ساڵ بەرەنگاری حزبی بەعس بووینەوە ئامادەین بەرەنگاری هەر کەسێکیش ببینەوە ئەگەر بیەوێ توندوتیژی دژی گەلی عێراق بەکاربهێنێت**

# پێشبینی بۆ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

کۆتایی ئەمساڵ کۆتایی مانەوەی سوپای ئەمەریکایە لە عیراقدا، هەندێك کەس پێشبینی دەکەن کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەرگا بۆ دووبارە گرژی و ئاڵۆزی نێوان کورد و بەغدا دەکاتەوە، بە تایبەتی لەسەر ئەو هێڵی گرژی و ئاڵۆزییەی هێزەکانی دابەشکردووە. هەردوولا لە چەندین بۆنەی یەك بەدوا یەکدا نزیك بوونەوە لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا. زۆرجار لە دەرەوەی شارەکاندا کە فەرماندە سەربازییەکان مەیلی ئەوەیان هەیە سەربەخۆ ڕەفتار بکەن. بۆ نموونە، لە ٢٠٠٩دا سەربازەکانی بەغدا چوونە ناو شاری ئاڵتون کۆپریەوە کە شارێکی ناکۆکی لەسەرە و زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، کاتێك دانیشتوانی شارەکە بە پشتیوانی پێشمەرگە خۆپیشاندانیان کرد، فەرمانی تەقەکردن و کوشتن بە هێزەکانی بەغدا درا. تەنها بوونی هێزە ئەمەریکیەکان کە لەو نزیکانە جێگیرکرابوون ڕێگریان لە خوێنڕشتن کرد.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ەوە، ئەمەریکا هەوڵدەدات متمانە لە نێوان هەردوولایەندا دروست بکات، ئەویش بە پێکهێنانی دەورییەی هاوبەش لە نێوان هەردوولادا (کە پێی دەوترێت میکانیزمە ئەمنیە هاوبەشەکان) کە سەربازە ئەمەریکیەکانیشیان لەگەڵدایە، هەروەها بە بەڕێوەبردنی ٢٦خاڵی پشکنین بە هاوبەشی. لە هەندێ جێدا تەنانەت شوێنی خەوتن و خواردنیشیان پێکەوەیە.

سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەم ڕێ و شوێنانە دەڵێت «هاوکاری فریاگوزاری بۆ بنیاتنانی متمانە و هێنانەئارای سەقامگیری.» لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەم پرسیارە بکەین ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا چی ڕوودەدات؟ سالًح ئەوەی درکاند « من زۆر زۆر نیگەرانم کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا دەکشێنەوە» کەسانێکی دیکە زۆر توندتر گوزارشتیان لە نیگەرانی خۆیان کرد، بۆ نموونە جەنەراڵ تورهان یوسف عەبدولڕەحمان، جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك ڕایگەیاند « کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا هەڵەیەکی کوشندەیە..دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا بمێننەوە، ئەگەرنا شەڕی ناوخۆ بەرپا دەبێت.»


فەرماندەیەکی پۆلیسی کەرکوك کە کورد هاوڕابوو لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا «من قەناعەتێکی تەواوم هەیە بەوەی لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا کەرکوك دووچاری شەڕی ناوخۆی دەبێتەوە ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە، من زەمانەتی ئەوە دەکەم.» لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ببێتەهۆی قەناعەت پێهێنانی هەولێر و بەغدا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن لە بارەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێو خۆیاندا، لە نێویاندا کێشانی سنوری ناوخۆیی.

کەسانی دیکە پێشبینی هەرەسهێنانی خێرای حکومەتە هاوپەیمانێتیە لاوازەکەی نوری مالیکی دەکەن. بۆ نموونە دەرکردنی یاداشتی دەستگیرکردنی تاریق ئەل هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عیراق بە تۆمەتی تیرۆر عیراقی خستۆتە قەیرانێکی سیاسییەوە. لەوەش زیاتر پشێوییەکانی زاخۆ لە سەرەتای مانگی دیسەمبەردا ئاماژەبوون بەوەی کوردستانیش گیروگرفتی هەیە. لە کاتێکدا کە سەربازەکان دەکشێنەوە،

ئەگەرچی نابێت ئەم کارەساتە لەبەرچاو نەگیرێت، بەڵام پێدەچێت ئەگەری ئەوە هەبێت هەردوولا بە کەمترین توندوتیژی دۆخەکە تێپەڕێنن، ئەویش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١.) کەس خوازیاری ئەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەتی تیرۆریستی سەردەمی سەددام حوسێن، سەرەڕای نائارامی عەرەبەکان بەرامبەر دەستکەوت و داواکارییە بەردەوامەکانی کورد، بەڵام هێشتا کۆدەنگیەکی گشتی هەیە لەبارەی قبوڵکردنی هەرێمی فیدراڵیی کوردیەوە. باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عیراق، زەڵمای خەلیل زاد، باسی لەم خاڵە کرد کاتێك لە کۆنفرانسێك لە واشنتۆن لە ئازاری ٢٠١٠دا قسەم لەگەڵ کرد. لەوەش زیاتر،

٢.) پەیوەندی سوودبەخشی دوولایەنە لە نێوان هەولێر و سوپای بەغدا وەك فاکتەرێکی گرنگ دەمێنێتەوە کە ڕێگەلەوە دەگرێت هەردوولا بکەونە ناکۆکیەکی ڕاستەقینەوە. هەروەك کۆلۆنێل چاپمان بەم دواییە دەربارەی دۆخە دڵخۆشەکەرەکەی نووسی « هێزەکانی پێشمەرگە گۆڕاون بۆ یەکەکانی بەرگری میللی عیراق، پاسەوانی نیشتیمانی عیراق و یەکەکانی سوپای عیراق، پۆلیسی ژینگە و دارستان، پۆلیس و



**ئەگەرچی مەحاڵە بتوانین پێشبینی ئایندە بکەین، بەڵام پێشبینی دەکرێت. کە سەرەڕای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، کوردستان بەردەوام بێت لە بەرەوپێشچوون و گەشەکردن**

یەکەکانی پاراستنی سنور. . ڕەنگە گەورەترین بەرنامەی گۆڕینی هێزی پێشمەرگە بریتی بوبێت لە ئاوێتەکردنی ژمارەیەك لە هێزەکانی پێشمەرگە لە ناو سوپای عێراقدا.» تەنانەت بەغدا» لە ڕووی مەبدەئیەوە دابینکردنی دارایی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە قبوڵ کردووە، هەروەك لە یاساکانی بودجەی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨ ئاماژەی پێکراوە.» لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەردوولا نەگەیشتونەتە دارشتنەوەیەك بۆ دابینکردنی ئەو داراییە، ئەمە هەولێری سارد نەکردۆتەوە، بەڵکو هەولێر داوا لە بەغدا دەکات مووچەی خانەنشینی بۆ ٩٠،٠٠٠ پێشمەرگەی خانەنشین دابین بکات.

هەرچەندە «گومانێکی زۆر هەیە لە نێو غەیرە کوردەکاندا لە ئاست نیاز و نیەتی کوردەکاندا. . . بەڵام پێدەچێت یەکە کوردیەکانی سوپای عێراق دڵسۆزییەکی زیاتریان بۆ عێراق پیشاندابێت بەهۆی کردارەکانیانەوە بە بەراورد بە هاوشانە عەرەبەکانیان.» لە ڕاستیدا دوای دیراسەتێکردنێکی ووردی هێزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان لە نێویاندا پێشمەرگە (سوپای ڕێکخراو)، چامپان بەو دەرئەنجامە دەگات « کە هێشتا پچڕانی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە فیدراڵیەکان ڕووینەداوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تا ڕاددەیەك هەردوولا دانیان بەخۆیاندا گرتووە و نەرمیان نواندووە.» لە ڕاستیدا، «حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستان توانایەکی سەرسوڕهەێنەریان پێشانداوە بۆ هێورکردنەوەی باروودۆخەکە و (یاخود بەلای کەمەوە پەراوێزخستنی) ئەو مەسەلانەی ئەگەری تەقینەوەیان لێدەکرێت، هەروەها بۆ هاوکاری کردن لە چەندین مەسەلەی گرنگدا.»

ڕووداوێکی دڵخۆشکەری دیکە بریتیە لە سەردانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتۆن دی.سی لە نۆڤەمبەری ٢٠١١. خشتەی سەردانەکەی پڕ بوو لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسە حکومیەکانی ئەمەریکا وەك جۆزێف بایدن، و سین تانکەکان، دۆستە مەدەنی و بازرگانیەکان، ئەکادیمیەکان و چەند چاوپێکەوتنێکی ڕاگەیاندن. سەرۆك وەزیران، بەرهەم ساڵح باسی ئەو ڕێگایانەی لەگەڵ جێگری سەرۆك بایدندا کرد کە بەهۆیەوە ئەمەریکا و هەرێمی کوردستان ئەتوانن سەقامگیری و گەشەکردن لە کوردستان و هەروەها لە عێراقیشدا دەستەبەر بکەن دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا. لەم دیدارانەدا بەرهەم ساڵح تەرکیزی لەسەر بەرفراوانکردنی هاوکارییە دیبلۆماتی و ئابوورییەکانی نێوان ئەمەریکا و هەرێمی کوردستانی کردو، جەختی لەسەر پێویستی وەبەرهێنانی زیاتر کردەوە لە لایەن کەرتی تایبەتی ئەمەریکاوە بۆ «خولقاندنی پەیوەندیەکی ستراتیجی درێژخایەن لە نێوان ئەمەریکا و عێراق، لە نێویاندا هەرێمی کوردستان.» لەم پرسەدا، بایدن تەئکیدی لەسەر پابەندبوونی ئەمەریکا کردەوە بە عێراقێکی سەقامگیرو فیدراڵ و دیموکراتی کردەوە. هەروەها بایدن بە ئومێدەوە باسی لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندی نێوان ئەمەریکا و عێراق کرد هەروەك لە ڕێککەوتنی ستراتیجی ساڵی ٢٠٠٨دا باسکراوە. هەروەها پیرۆزبایی لە کوردەکانی عێراق کرد کە گیانێکی گەرم و گوڕیان هەیە و ستایشی پەیوەندی نزیکی نێوان خەڵکی ئەمەریکا و کوردی کرد.

لە دوای ئەم چاوپێکەوتنەی بایدن، ساڵح چاوی بە جێگری وەزیری دەرەوە ولیام جی. بێرنز کەوت، کە باڵیۆزی عێراقی لە ئەمەریکا، د. عەلی سیندی، هاوڕێیەتی دەکرد. دواتر ساڵح چاوی بە ئەندامە پایە بەرزەکانی ئەنجومەنی سیناتی ئەمەریکا کەوت، لە نێویاندا جۆن مەککین، لینزی گراهام و جۆزێف لیبرمان. بە هەمان شێوە چاوی بە ژمارەیەك لە ئەندامانی کۆمەڵەی دۆستایەتی کوردو ئەمەریکا لە کۆنگرێس کەوت. ڕۆژی دواتر، چاوی بە ڕۆبەرت زۆیلیك، سەرۆکی بانقی جیهانی کەوت، کە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بە مانای کۆتایی هاتنی پەیوەندی ئەمەریکا نییە لەگەڵ کوردستاندا. هەروەها چاوی بە زیاتر لە ٢٠٠ بزنسکاری ئەمەریکی کەوت کە تێڕوانینی خۆی بۆ بەرەوپێشچوونی ئیجابی کوردەکان ڕوونکردەوە.

ئەگەرچی مەحاڵە بتوانین پێشبینی ئاینده بکەین، بەڵام پێشبینی دەکرێت. کە سەرەڕای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، کوردستان بەردەوام بێت لە بەرەوپێشچوون و گەشەکردن.

# خەڵك و حكومەت

## بەردەوامی پێوەندی نێوانیان و كاریێكیان لەگەڵ یەكتریدا

٢٠١١/١٢/٢٦ ■ ([illegible]٦٧)

خەڵك و حکومەت، ئەو دوو توخمەن کە سیمای سیستمی حکومڕانی دیاری دەکەن، ڕەخنەگرتنی خەڵك بەدەنگی بەرز لەحکومەت و حکومڕانی ئەو ئەتمۆسفیرە گشتیە پیشاندەدات کە پێوەندی نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت لەلایەك و بازنەی بەرژەوەندییە هەمەجۆر و پێکناکۆکەکان ڕێکدەخات و تاکەکان لەچوارچێوەی ڕای گشتیدا کۆدەکاتەوە و بواریان پێدەدات بەشێوەیەکی ئەقڵانی بیروبۆچوونەکان بگۆڕنەوە بۆ ئەوەی ڕایەکی گشتی یەکگرتوو دروست بێت، کەواتە ڕای گشتی وەك ڕاستیەك لەکۆمەڵگەی دیموکراتی بەرهەمی ئاڵوێری نێوان بۆچوونە جیاوازەکانە کە لەمیانەی دیالۆگی ئەقڵانییەوە بەردەوامی بەپرۆسە دیموکراتیەکەدا، لەم ڕوانگەیەوە پێوەندی نێوان خەڵك و حکومەت، یان بەشداری خەڵك لەپرۆسەی حکومڕانیدان بەرهەمی جیاوازییەکانی نێوان کۆی گشتی خەڵك و دەستەبژێری حکومڕانە، لەم گۆشە نیگایەوە خەڵك بۆ لەلایەك نابێت و حکومەت و حکومڕانی لەلایەکی دیکە، یان بەواتایەکی دیکە خەڵك چاوەڕێی بێت حکومەت فەرمانی بۆ دەربکات و ئەو ملکەچی بێت و بڵێ، بەڵکو خەڵك لەنێو ئەتمۆسفیری گشتی کۆمەڵگەدا ڕایەڵێك بۆ پێوەندی بەردەوامی نێوان خۆی و حکومەت دروست دەکات و پێکەوە بڕیارەکان دەردەکەن و پێکەوە بۆ بڕیارەکە دەڵێن بەڵی، ئەمەش واتە نوێنەرانی خەڵك چ لەپەرلەمان بن یان لەحکومەت، بۆ ئەوە نەکراونەتە نوێنەر بۆ ئەوەی لەبری خەڵك بیر بکەنەوە و لەبری خەڵك قسە بکەن، بەڵکو دەبێت لەگەڵ خەڵك بیربکەنەوە و پێکەوە لەگەڵ خەڵك قسە بکەن، ئەم حاڵەتەش بەردەوام پێویستی بەپێوەندی نێوان خەڵك و حکومەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسان هەیە، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە ئەو بۆچوونەی هەیانە کە بێگومان بۆچوونەکان لەیەکتری جیاوازن، لەتیۆرییەوە بگۆڕێت بۆ پراکتیك و هەموو پێکەوە بەردەوامی بەگەشەسەندنی دیموکراتی نییە، ئەم

**نوێنەرانی خەڵك چ لەپەرلەمان بن یان لەحکومەت، بۆ ئەوە نەکراونەتە نوێنەر بۆ ئەوەی لەبری خەڵك بیر بکەنەوە و لەبری خەڵك قسە بکەن**

بەردەوامیە کە لەئاکامی پێوەندی بەردەوامی خەڵك و حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە بەرهەم دێت، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە ئایندەی هەموو کۆمەڵگەیەك پەیوەست دەبێت بەشێوازی ئەو سیاسەتەی کە بەشێوەیەکی کراوە پیادەدەکرێت و بەشی زۆری کۆمەڵگە بەشداری تێدا دەکات، لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو وڵاتانەی لەدەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان، بەردەوام پرۆسەی پێوەندی بەردەوامی نێوان خەڵك و حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئاستێکی ناهاوسەنگ و ئاڵۆزدایە، شێوازی پێکگەیاندنی بۆچوونەکان سەرچاوەیەکی ڕاستگۆییان لەخۆیان نەگرتووە، بۆیە لەئاکامی کارلێکی بۆچوونە جیاوازەکان ئەو ڕای گشتیە بەرهەم نایەت کە بتوانێت پێوەندیەکی بەردەوام لەنێوان پێکهاتەکاندا دروست بێت، بەڵکو گۆشەگیری زیاتر دروست دەبێت، زیاتر خەڵك لەحکومەت دوور دەکرێتەوە و لەپرۆسە سیاسییەکە بەشدار نابێت.

دەربارەی ئەم پرسە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ڕۆبەرت برۆبەردیج کرد کە ئوستادی پەرەپێدانە لەزانکۆی نیوکاسل و ماوەی ٣٠ساڵ لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەگەڵ ئاژانسی نەتەوەیەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی کاریکردووە، لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(پرسیار لەسەر نەوبوونی هاوسەنگی پێوەندی لەنێوان خەڵك و حکومەت، پرسیارێکی گەورەیە، لەڕاستیدا مەسەلەکە بوونی هاوسەنگیە لەنێوان خەڵك و ئەو کەسانەی حکومڕانی دەکەن، چونکە دەبێت خەڵك هەست بکەن کە ڕێز لەبەها و بەرژەوەندیەکانیان گیراوە،

**ئایندەی هەموو کۆمەڵگەیەك پەیوەست دەبێت بەشێوازی ئەو سیاسەتەی کە بەشێوەیەکی کراوە پیادەدەکرێت و بەشی زۆری کۆمەڵگە بەشداری تێدا دەکات**

لەلایەن ئەو کەسانەی حکومڕانیان دەکەن. ئەگەر ئەو متمانەیە شکێنرا، ئەوا جیابوونەوە لەنێوان حکومڕان و خەڵکدا دروست دەبێت. کەواتە ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، کە بریتییە لەپاراستنی ئەو هاوسەنگیە بەمتمانە و بەبەرپرسیارێتیەوە. حکومەت هەیە لەبری خەڵك کاردەکات، هەروەها نموونەی ئەو حکومەتانە هەن کە نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن و ئاستێکی بەرزی بەرپرسیارێتیان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری پێوەندی نێوان خەڵك و حکومڕانەکانی کۆریای باکوور بکەین، ئەوا زۆر سەیرە بەلای خەڵکانی ڕۆژئاواوە کە ئەو حکومەتە چۆن دەتوانێت لەخزمەتی خەڵکدا بێت، کاتێك جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێت لەنێوان خەڵك و حکومڕانەکاندا. بەڵام لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئەگەر خەڵك نارازی بن، ئەوا دەرفەتی ئەوەیان هەیە حکومەتەکەیان بگۆڕن بۆ حکومەتێك کە پێیانوایە باشتر دەتوانێت بەدەم پێداویستی و داخوازیەکانی کۆمەڵگەوە بچێت. هەربۆیە ئەمە دەوەستێتەسەر خەڵك و پارتی حکومڕان، حکومڕانێکردن بریتییە لەهاوسەنگی نێوان خەڵك و ئەو کەسانەی لەبری ئەوان بە بەرپرسیارێتی هەڵدەستن. حکومڕانی بریتییە لەئەنجامدانی کاروبارەکانی کۆمەڵگە لەپێوەندیدا بەڕێزگرتن لەئیرادەی خەڵکەوە. کەواتە ئەوە هاوسەنگیەکی هەستیارە. زۆربەی جار ڕەنگە لەدیموکراسیدا پارتێکی زۆر بەهێزت هەبێت و پارتێکی لاوازیش لەموعارەزەدا بێت، کەواتە لێپرسینەوە و لێپێچینەوە نییە، لەبەر ئەوە زۆرێك لەخەڵك هەست دەکەن نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانیان ناکرێت لەلایەن پارتە لاوازەکەوە، هەروەها هەست ناکەن خزمەت بە بەرژەوەندیەکانیان دەکرێت لەلایەن پارتە بەهێزەکەوە، پارتی زۆرینە. کەواتە ئەو کەسانەی لەدەسەڵاتدان، بەو جۆرەی پێیان باشە ڕەفتار دەکەن بێ ئەوەی دووچاری لێپرسینەوە ببنەوە، تاوەکو هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام دەدرێت، کەواتە ئەو بەرنامە و سیاسەتە جێبەجێ دەکەن کە پێیانوایە کێشەی کۆمەڵگە چارەسەر دەکات. بەڵام مەرج نییە نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵك بکەن، بۆ نموونە لەڕابردوودا حکومەتێك لەبەریتانیا حکومڕان بوو کە کەمتر لەسەدا ٤٠ی دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، بەڵام بوونە پارتی حکومڕان و هەستیان کرد دەتوانن حکومڕانی بکەن بێ ئەوەی پشتیوانی زۆرینەی ئەو کەسانەیان هەبێت کە حکومڕانیان دەکردن. کەواتە هەندێ جار لەدیموکراسیدا ناوهەسانگی هەیە لەنێوان خەڵك و ئەو کەسانەی حکومڕانی دەکرێن،



که ئەو هاوسەنگی هێزەش ناگۆڕێت، تاوەکو هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام نەدرێت)).

سەبارەت بەهۆشیاری خەڵك بۆ لێپرسینەوە لەحکومەت و چۆنییەتی کارلێکردنی لەگەڵ حکومەت بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەت وەڵامدانەوەی بۆ خواستەکانیان هەبێت، پرۆفیسۆر پیتەر برۆبەردیج لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (دەبێت خەڵکی زانیاری باشیان هەبێت، بزانن پرۆسەی دیموکراسی مانای چییە؟ لەبەر ئەوە دەبێت خەڵکی هۆشیاربکرێنەوە بەوەی کە چ دەسەڵاتێکیان هەیە و دەتوانن چ هەڵبژاردنێك بکەن و چۆن ئەو هەڵبژاردنانە کاریگەری دەبێت لەسەر ژیانیان. لەبەر ئەوە نازانن چۆن

**لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا ئەگەر خەڵك نارازی بن، ئەوا دەرفەتی ئەوەیان هەیە حکومەتەکەیان بگۆڕن بۆ حکومەتێك کە پێیانوایە باشتر دەتوانێت بەدەم پێداویستی و داخوازیەکانی کۆمەڵگەوە بچێت**

دەنگ بدەن و دەنگ بەکێ بدەن، لەبەر ئەوەی هاوسەنگی متمانە و پێدانی زانیاری بەدی نەهێنراوە. لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکان هاوسەنگی نییە لەنێوان نوخبەی دەوڵەمەند و ئەو کەسانەی پەروەردەیەکی باشکراون و دەتوانن دامەزراوەکان بەڕێوەببەن و ئەو کەسانەی دەرفەتی پەروەردەی باشیان بۆ دروست نەبووە و متمانەیان بەو کەسانە نییە کە حکومڕانییان دەکەن. بەو پێیە ئەمە کات و کۆششێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی خەڵك فێری ئەوە بکەیت کە پرۆسەی دیموکراسی، نەك تەنیا لەبەرژەوەندی خۆیان، بەڵکو لەبەرژەوەندی تێکڕای کۆمەڵگەکەیان بەکار بهێنن. کەواتە سوودی نییە بوترێت سیستمی دیموکراسی ئەمریکی پیادە دەکەین، ئەگەر خەڵکی ڕانەهێنرابن لەسەر بەکارهێنانی ئەو سیستمە، یان زانیاریان نەبێت لەبارەی بەکارهێنانییەوە، یاخود ڕەنگە ئەو سیستمە بۆ ئەوان هەر سەرکەوتوو نەبێت. هەروەها دەبێت خەڵکی ئەوەیان بۆ یەکلابێتەوە کە کام سیستمە سوودیان پێدەگەیەنێت و کام سیستمە کارا نییە، مەسەلەی ئابووری پەیوەستە بەئاییندەی تاك و خێزانەکەیەوە، کەواتە بەبێ دووبارە هاوسەنگ کردنەوەی هێزە ئابوورییەکان و دابەشکردنی یەکسانی داهات لەکۆمەڵگەدا، ئەوا هەمیشە ناوهاوسەنگی دروست دەبێت لەنێوان تاکەکاندا، ئەم مەسەلەیەش دەبێت بەسەروەریی یاسا ڕێکبخرێت، بێگومان سەروەری یاسا لەبەر چەند هۆکارێك گرنگە، یەکەمیان مامەڵەی یەکسان لەگەڵ هەژار و دەوڵەمەند و...تاد، واتە یەکسانی لەبەردەم یاسادا. دووەمیان دەبێت بەو شێوەیە لەیاسا بڕوانرێت کە چارەسەری کێشە و گرفتەکان دەکات، کاتێك ناکۆکیەکان سەرهەڵدەدەن. دواتر دەبێت بزانین مەبەستمان لەیاسا چییە. ئایا مەبەستمان لەدەستوورێکی نووسراوە کە بەڕوونی مافەکانی دیاری دەکات، مافەکان لەئاست دەوڵەت و...تاد. ڕەنگە بتەوێت بیر لەشەریعەت بکەیتەوە، کە یاسایەکی جیاوازە

**کات و کۆششێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی خەڵك فێری ئەوە بکەیت کە پرۆسەی دیموکراسی، نەك تەنیا لەبەرژەوەندی خۆیان، بەڵکو لەبەرژەوەندی تێکڕای کۆمەڵگەکەیان بەکار بهێنن**



و بنەماکانی ڕەفتاری باش و سزادانی ڕەفتارە خراپەکانی لەخۆگرتووە. کەواتە ئەمە دەوەستێتەسەر سیستمە یاساییەکە، هەروەها سیستمێکی یاسایی نییە کە بۆ هەموو کۆمەڵگەکان بگونجێت. بۆ نموونە ڕەنگە سیستمی دەستوری ئەمریکا بۆ وڵاتێکی تازەگەشەکردو لەئەفریقیا یان ئاسیا نەگونجێت. دەبێت ئەو سیستمە یاساییە بگریتەبەر کە خەڵکی پێی ئاشنان و متمانەی پێدەکەن. لەپێوەندیدا بەبازاڕی ئازادەوە یاسا تاکە کەسەکان تێدەپەڕێنێت، لەبەر ئەوە دەبێت یاساکانی بازاڕی ئازاد بەیەکسانی جێبەجێ بکرێت، کەواتە تەحەددیە ڕاستەقینەکە بریتییە لەتەفاعولی ئەو سیستمە یاساییەی

**بەبێ دووبارە هاوسەنگ کردنەوەی هێزە ئابوورییەکان و دابەشکردنی یەکسانی داهات لەکۆمەڵگەدا، ئەوا هەمیشە ناهاوسەنگی دروست دەبێت لەنێوان تاکەکاندا**

لەکۆمەڵگەیەکی تازەگەشەکردودا هەیە، لەپێوەندیدا بەبازرگانیکردنەوە، ئاڵوگۆڕی کەلتوری و...تاد. لەم ڕوانگەیەوە ئەو مەسەلانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەڕێی ڕێککەوتن و پرۆتۆکۆڵ و پەیماننامەوە دیاری دەکرێن. بۆ نموونە تۆ ناتوانیت پێشبینی ئەوە بکەیت کە وڵاتێکی وەك ئەندەنوسیا بتوانێت بەیەکسانی بازرگانی لەگەڵ ئەوروپادا بکات، ئەگەر ئەو یاسایانە درێژنەکەنەوە بۆ ئاستی مەحەلی. کەواتە ئەمە پێویستی بەپرۆسەیەکی فێربونە پێش ئەوەی بازاڕی ئازاد سەرکەوتوو بێت)).

## ڕایەڵی دروستکردنی پێوەندی لەنێوان توخمەکانی حکومڕانیدا

ئەگەر وەك پرۆفیسۆر ئیداواردۆ میسۆنی دەڵێت حکومەت کارەکانی حکومڕانی تەواو دەکات، ئەوە مانای ئەوەیە ئەو توخمانەی بەشداری حکومڕانی دەکەن هەموو ئەو لایەنانە دەگرێت کە لەئەتمۆسفیری کۆمەڵگەدا پێکەوە کارلێك دەکەن و سیستمی حکومڕانی میکانیزمی ئەو ڕایەڵی پێوەندیانە ڕێکدەخات، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر سیری گلۆپن بەڕێوەبەری توێژینەوەکانی ئامۆژگای مایکلسن بۆ پەرەپێدان و دادپەروەری لە نەرویژ کرد سەبارەت بەمیکانیزمی ڕێکخستنی ئەم پێوەندییە، پرۆفیسۆر گۆلپن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (تەحەددیەکە بریتییە لەخولڵقاندنی سیستمێك کە، ئەوانەی لەحکومەتدان بەو شێوەیە حکومڕانێتی بکەن کە لەبەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگەدا بێت، نەك بەرژەوەندی نوخبەیەکی بچووك، چەند فاکتەرێك هەن کە بەهۆیانەوە بتوانرێت کار بکرێت بۆ بونیادنانی پێوەندی نێوان خەڵك و ئەوکەسانەی حکومڕانیان دەکەن، کە ئەو پێوەندیەش لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی هاوبەش و متمانە بێت. لەوانە:

- ئاستی نایەکسانی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە. ئەگەر نوخبەی حکومڕان لەهەمان

**لەئارادابوونی میکانیزمەکانی لێپرسینەوە گرنگە. دووبارە. شەفافیەت و ڕۆژنامەگەری ئازاد گرنگە. بەڵام ئەگەری ڕاستەقینە هەبێت بۆ گۆڕینی ئەو نوێنەرانەی گەندەڵن یان ئەدایەکی باشیان نییە**

کاتدا نوخبەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریش بن (ئەویش یان بەهۆی ئەوەی خۆیان سەر بەو نوخبەیەن، یاخود لەبەر ئەوەی بەهۆی پێگەکانیانەوە سەروەت و سامان و پایەی کۆمەڵایەتیان پێدەدات)، ئەوا هێنانەدی ئەم ئامانجە زۆر زەحمەتە. بەڵام ئەگەر پێگە سیاسییەکان بەچەشنی هەر پیشەیەکی دیکە بن خراپ بەکاریان نەهێنابێت، ئەوا ئاسانتر دەتوانرێت پێوەندی پڕ لەمتمانە دروست بکرێت. هەروەها هۆکار و پاڵنەرێکی کەم دەمێنێتەوە تاوەکو سیاسییەکان هەوڵی گرتنەبەری هەموو ئامرازێك بدەن بۆ مانەوە لەپێگەکانی خۆیاندا. نابێت ئەم مەسەلانەی پەیوەستن بەئابووری سیاسییەوە بەکەم وەربگیرێن.

- خولْقاندنی دەرفەتی بەشداری لێپرسینەوە گرنگە. دووبارە، شەفافیەت و رۆژنامەگەری ئازاد گرنگە، بەڵام ئەگەری راستەقینە هەبێت بۆ گۆڕینی ئەو نوێنەرانەی گەندەڵن یان ئەدایەکی باشیان نییە.

- بەهەمان شێوە دیموکراسی ناوخۆ بۆی هەیە هاوکار بێت لەوەی خەڵك هەست بکەن نزیکن لەحکومەتەوە، ئەگەرچی رەنگە کەمینەکان لەسەر ئاستی مەحەلی لەمەترسیەکی زیاتردا بن.

ئەم خاڵەنانە پێمان دەڵێن، ئەگەر بەسادەیی بدوێین، ئەوا «حکومەتی خەڵك» وەك ئەوەی لەدەوڵەتە سۆشالیستیە تەقلیدیەکاندا لێی دەڕوانرا بەو شێوەیە خۆیان پێناسە دەکەن کە زیاتر «حکومەتێکن لەپێناوی خەڵکدا» (کە کەمتر تەرکیز لەسەر ئەوە دەکرا کێ بڕیار دەدات، هێندەی ئەوەی بایەخ بەوە دەدرا ئایا ئەوەی بڕیاری لێدراوە

حکومڕانی باسی لێوەکردن، گرنگن، بەڵام لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو زۆرجار لەبری ئەوەی هەنگاو هەڵگرتن بەرەو پێشەوە بێتەدی، دەبینین دیاردەی گەندەڵی و نەبوونی سەروەریی یاسا بەرهەم دەهێنن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسەش خاتوو گلۆپن لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان وتی: (من هاوڕام لەگەڵ سەرنجدانەکەی ئێوە کە ژمارەیەك لەپرۆسەکانی بونیادی دیموکراتی، جۆرە سیستمێکیان بەرهەم هێناوە کە ئەدایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی خراپیان هەبووە. وەك ئەنجامی هۆشیاری ڕوو لەزیاد بەوەی مەرج نییە خۆی لەخۆیدا دیموکراسی حکومڕانی باش بەرهەم بهێنێت. هەروەها بەم شێوەیە بێئومێدبوونێکی ڕوو لەزیاد دەبینین بەدیموکراسی. توێژەران و ئەو کەسانەی کار لەبواری بەرەوپێشچووندا



## سیری گلۆپن بۆ گوڵان:

# بێ بوونی سەروەری یاسا حکومڕانی باش مومکین نییە سەروەری یاسا تەنانەت ئەگەر جێبەجێش بکرێت بەس نییە بۆ پاراستنی دیموکراسی

کردنی جددی بۆ هەموو ئەو کەسانەی خواستی بەشداریکردنیان هەیە، لەگەڵ بەدەمەوەهاتنی حکومەت، زۆر گرنگە. ئەمەش پێویستی بەکرانەوە هەیە لەپێوەندیدا بەزانیاریەوە (لەنێویاندا ڕۆژنامەگەری ئازاد)، ڕەخساندنی زانیاری لەقۆناغە سەرەتاییەکانی پرۆسەکانی بڕیارسازیداو هەڵگرتنی هەنگاوی چالاك تاوەکو دەرفەت بۆ گروپە جیاوازەکان دروست بکەن و بەشداری بکەن، لەنێویاندا گرووپە لاواز و پەراوێزکراوەکان. دەکرێت بەشداری کردن تەنیا لەهەڵبژاردندا کورت نەکرێتەوە، لەنێویاندا گوێگرتن لەبیروبۆچونەکان لەپێوەندیدا بەیاسا دەرکردنەوە و پرۆسەی بەشداری کردن لەدانانی بودجەدا (کە پۆرتۆ ئەلێگری لەبەرازیل بەناوبانگترین نموونەیە).

-هەروەها لەئارادابوونی میکانیزمەکانی بەپێودانگی ئایدۆلۆجی سۆشیالیستی» ڕاستە»، کە جەخت لەسەر خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان دەکاتەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەمانی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگترە لەئازادی). لەسیستمە دیموکراتیەکاندا ئایدیا جەوهەرییەکە بریتییە لە»حکومەت لەلایەن خەڵکەوە»-(کە تەرکیز لەسەر ئەوە دەکرێت کێ بڕیار دەدات. ئەمەش لەسەر ئەو باوەڕە بونیادنراوە کە ئەگەر خەڵك بڕیار بدەن، ئەوا ئەمە لەبەرژەوەندی هەموواندایە- ئازادی بەشداری کردن لەبڕیارە سیاسیەکاندا بەشتێکی سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەمانی کۆمەڵایەتی). بەدڵنیاییەوە هەردوو سیستمەکە لەچەندین وڵاتدا لەبواری عەمەلیدا کێشەیان هەبووە و بەپێی تیۆرەکە بەڕێوەنەچوونە)).

ئەو خاڵانەی کە پرۆفیسۆر گلۆپن سەبارەت بەڕایەڵی پێوەندنی نێوان توخمەکانی دەکەن پرسیار لەوە دەکەن ئایا دەرفەتەکانی دامەزراندنی دیموکراسیەکی سەرکەوتوو باشترە ئەگەر دامەزراوە بەهێزەکانی حکومڕانی/ حکومڕانی باش بکەوێتە پێش بەدیموکراتیکردنەوە (هەروەها هەندێ کەس مشتومڕی ئەوە دەکەن، کە هێنانەدی حکومڕانی باش لەسیاقی بەدیموکراتیکردندا کارێکی قورسترە).

لەپێوەندیدا بەوەی بۆچی ڕژێمە دیموکراتیەکان ناتوانن حکومڕانی باش بەرهەم بهێنن؟ ئەوا دەکرێت چەند هۆکارێك هەبێت، وەك:

-پێموایە- هەروەك پێشتر باسم کرد بەشێوەیەکی گشتی ئاستی بەرزی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری هێنانەدی حکومڕانێتی باش دەکاتە کارێکی زەحمەت. بەزۆری ئەو کەسانەی حکومڕانی

دەکەن سەر بەنوخبەکەن- یاخود پێگەکانیان بۆ بوون بەنوخبە بەکاردەهێنن-هەروەها تاوەکو کۆمەڵگە نایەکسانتر بێت، ئەوا خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ خەڵکە ئاساییەکەدا کەمتر دەبێتەوە. بەرژەوەندیەکانیان هەمان بەرژەوەندی ئەو کەسانە نییە کە حکومڕانی دەکەن— ئەوان نەخۆشخانەی گشتی بەکار ناهێنن و منداڵەکانیان ڕەوانەی قوتابخانە حکومیەکان ناکەن، کەواتە بەرژەوەندیەکی تایبەتیان نابێت بەزۆرێك لەو دامەزراوانەی بونیادیان دەنێن و درێژەیان پێدەدەن. یاخود بەرژەوەندی دیکەیان هەیە تێیاندا-بۆ نموونە ڕەنگە نوخبەی سیاسی بەو شێوەیە لەدەزگاکانی پۆلیس/ سوپا و دادەروەری بڕوانن کە دامەزراوەگەلێکن بۆ پاراستنیان لەنائارامی و پشێوی ناوخۆیی، نەك دامەزراوەگەلێك بۆ دابینکردن خزمەت بۆ خەڵك. لەو کۆمەڵگەیەی نایەکسانییەکی نایەکسانییەکی مەزن هەیە، ئەوا ئابووری بازاڕی ڕێکنەخراو دەرفەتی زیاتر بۆ دەوڵەمەندبوون و گەورەبوونی نایەکسانی دەڕەخسێنێت. زۆرجار «دەوڵەمەندە نوێیەکان» زۆر بەباشی لەڕووی سیاسییەوە پێکەوە گرێدراون، هەروەها دەتوانن پشت بەپێوەندیە سیاسییەکانیان ببەستن و هەروەها بۆ ڕێگرتن لەدەرچوواندنی یاسای دژە پاوانکردن. بۆ ڕێگرتن لەڕوودانی ئەمە، پێموایە گرنگە لیبراڵیزەکردنێکی خێرای ئابووری ڕوونەدات، هەروەها بەربەستی بەهێز دابنرێت لەبەردەم ئەو جۆرە لیبراڵیزەکردنەی «کە بۆ نموونە تێیدا، هەمو ئیمتیازاتێك دەدرێت بەو کەسانەی لەڕووی سیاسییەوە وەلائیان هەیە (کە دواتر دەبێتەهۆی لاوازکردنی پرسی لێپرسینەوە)، ئەمە وایکردووە زۆربەی تێگەیشتنەکان لەبارەی دیموکراسیەوە گریمانەی بوونی لەنێو بەشە پەراوێزکراوەکانی کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی بتوانن جددیتر و یەکسانتر بەشداری بکەن، هەروەها لەپێوەندیدا بەپەرەپێدانی میکانیزمی باشترەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی ڕای گشتی، لەنێویاندا کۆبوونەوەی نێوان بەرپرسە هەڵبژێدراوەکان و بەشە جیاوازەکانی خەڵك لەبارەی پرسە سیاسییە زەحمەت و گرنگەکانەوە)).

بەڵام لایەنێکی گرنگ کە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی تا دوا ڕادە گرنگە، بوونی سەروەریی یاسایە لەکۆمەڵگە، کە بەشێوەیەکی یاسایی کارەکانی کۆمەڵگە ڕێکدەخات، سەبارەت بەم لایەنەش خاتوو سیری گلۆپن، بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (سەروەری یاسا زۆر

ڕۆبەرت برۆبەردیج بۆ گوڵان:

# دەبێت خەڵک هەست بکەن کە ڕێز لەبەها و بەرژەوەندیەکانیان گیراوە، لەلایەن ئەو کەسانەی حکومڕانیان دەکەن



کەمتری تێدایە، کاتێك سیاسییەکان لەبەرژەوەندی خۆیان کار دەکەن، ئەوا بەهەمان ڕادە حکومڕانی باش لاواز ناکەن لەڕوانینی باقی کۆمەڵگەوە.

- هۆکارێکی دیکە کە ڕەنگە ڕێگر بێت لەحکومڕانی باش بریتییە لەدامەزراوە لاوازەکانی لێپرسینەوە، واتە حکومڕانی بەشێوەیەکی کارا دووچاری لێپرسینەوە نابێتەوە. ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەهەر ٤ بۆ ٥ ساڵ جارێکدا بەس نییە بۆ بەدیهێنانی لێپرسینەوە. قۆناغە ئینتیقالیەکان دەرفەتگەلێکی مەزن دەهێننەئاراوە بۆ ئەو کەسانەی لەپێگەیەکی بەهێزدان-لەڕووی سیاسی و ئابووریەوە-تاوەکو دۆخەکە ئیستیغلال بکەن و پێگەی خۆیان پتەو بکەن، بۆ نموونە سەرچاوە سیاسییەکان بگۆڕن بۆ سەرمایەی ئابووری. هەروەها لەدۆخێکدا کە گفتوگۆ دەکەن لەنێوان خەڵك و ئەو کەسانەی بۆ دەسەڵات هەڵبژێردراون، بەڵام ئەمە مەکانەتێکی مەرکەزی هەیە لەدیموکراسیەتی تەشاوریدا (کە یورگن هابرماز پێشەنگی دەکات)، کە گفتوگۆ و مشتومڕی گشتی و بڕیاردان دوای گفتوگۆیەکی تێروتەسەل بەجەوهەری دیموکراسی و بەڕێگای گەیشتن بەباشترین بڕیارەکان دادەنرێن. زۆرێك لەحکومەتەکان ئەو دامەزراوانەیان بونیادناوە کە هانی گفتوگۆی پەیوەست بەسیاسەت و یاساکان دەدەن (پرۆسەکانی ڕاوێژکاری، گوێگرتنی گشتی)، لەنێویاندا گفتوگۆی سەر هێڵی ئەنتەرنێت، هەروەها هەندێ کەس میکانیزمی بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان داهێناوە. هێشتا دەکرێت باشتر ئەمە بەکاربهێنرێت و کاری زیاتر بکرێت. بەتایبەتی لەپێوەندیدا بەپەرەپێدانی تواناوە گرنگە بۆ بونیادنانی دیموکراسی. زۆر گرنگە ئازادیە شەخسیەکان دابین بکرێن (لەڕژێمە دیموکراتی و نا دیموکراتیەکانیشدا) و خودی پرۆسە دیموکراتیەکە لەڕێی پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ڕێساکانی پرۆسە سیاسییەکەوە بپارێزرێن. بێ بوونی سەروەری یاسا حکومڕانی باش مومکین نییە. بەڵام هێشتا، سەروەری یاسا-تەنانەت ئەگەر جێبەجێش بکرێت- بەس نییە بۆ پاراستنی دیموکراسی. گرنگە کە تەنیا ئەحکامە باشەکانی دەستور لەبەرچاو نەگیرێن، بەڵکو لەوە بڕوانرێت چۆن سیستمە دیموکراتیەکە پێکهاتووە- دابەشبوونی دەسەڵاتەکان، بەتایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. کەواتە لەکاتێکدا سیستمی دیموکراتی ناتوانێت بێ بوونی یاسا بەڕێوەبچێت، بەڵام ئەمە بەتەنیا بەس نییە، گرنگە کە دوورتر لەبەربەستەکە بڕوانین)).

# وەرچەرخانە وەزیفییەکان لە بواری سیاسیدا
# ڕامانێک سەبارەت بە هابرماس



دکتۆر شێرزاد نەجار
تایبەت بە گوڵان نووسیوێەتی

(١ــ٣)



**هابرماس قەناعەتەکانی سەبارەت بە قوتابخانەی فرانکفۆرت هێشتبووەوە بەوەی لیبرالییەت بەشێکە لە ئەزموونی بەدامەزراوەیی کردن**

لە پێناوی تێگەیشتن و ئیستیعاب کردنی میتۆدو هزریی سیاسییانەو و سۆسیۆلۆژیی فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵمانیایی یۆرگن هابرماس(JUERGEN HABERMAS ١٩٢٩) کە بە مەزنترین هزرمەندو بیریارو وفەیلەسوفی بواری فیکریی دەژمێردرێت کە تاوەکو ئێستاش هەر لەسەر پەرەپێدانی بزاڤی فکری مرۆیی بەردەوامی هەیە و، دەکرێت فەزاو پانتایی قۆناغەکانی بزاڤەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلبەندی بکرێت:

١ـ قۆناغی تێگەیشتن لە فەلسەفەی(هابرماس) ئەم قۆناغە پێوەندی هەیە بە فکری باڵە چەپەکەی سەر بە پارتی سۆسیالیستی ئەڵمانیاییەوە(SPD)کە بە تێڕوانینی فکریی ڕەخنەیی قوتابخانەی فرانکفۆرت ناسراوەو، هابرماس پێوەی پابەندبووەو ئینتیمای بۆی هەبووە، هابرماس لەناو بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیەدا بە پێشەنگی وەچەی دووەم دەناسرێت، لەو چوارچێوەیەشدا هابرماس کۆمەڵێك فکری گرنگ و پڕبایەخی پێشکەش کردووە، کە بەهۆیەوە چەندین پرۆگرام و بڕیارو سیاسەتی پارتی سۆشیالیستی لەسەر داڕێژراونەتەوە، کە لەناواخنیدا جەخت کراوەتە سەر مانەوە لەناو چوارچێوەی تێڕوانینی چەپگەرایی، ئەو تێڕوانینەش پابەندە بەبەشداری پێکردنی کرێکارانەوە لە بوارەکانی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و نەخشەڕێژکردنی سیاسەتی کارگەکان و کۆمپانیا پیشەسازییەکان، بەڵام هاوکات جەخت لەوەش دەکاتەوە کە لە مەسەلەی فکری شۆڕشگێڕی وازبهێنرێت و لێی دووربکەونەوە، ئەویش لە پێناوی وەدیهاتن و زەمینە سازکردن و بوار ڕەخساندن لەبەردەم کاروانێکی دوورودرێژی پرۆسێسی بەدامەزراوەیی کردندا.

٢- قۆناغی تێگەیشتن لە هابرماس لە ڕێگای لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەو پێگەیەی کە لە ناو بیردۆزی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا هەیبووە، کە ئەوەش لە مارکسیەتەوە دەست پێ دەکات و بەمیتۆدی ڕەخنەگریی تێپەڕ دەبێت، تا دەگاتە تیۆریی خیتاب گەرایی(DISCOURSE)، لەم ڕووەوە هابرماس پرۆژەکەی خۆی بەناوی پرۆسەی میتۆدی گەیاندن(تواصلی) (COMMUNICATIVE ACTION) پێشکەشکردووە و پشتی بەستووە بە تیۆریی خیتاب، کە ئەوەش لەبنەڕەتدا لە میانەی فیکرو بیردۆزەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە هەڵقوڵاوە(واتا میتۆدی رەخنەیی CRITICAL THEORY)، ئەم میتۆدە لە کۆمەڵێك کاری پڕ بایەخی هابرماس دا ڕەنگی داوەتەوە؛ لەوانە: ئەبستیم و بەرژەوەندی، زانست و تەکنیك وەك ئایدۆلۆژیا، تیۆری پرۆسەی گەیاندن. لەم کارانەشدا هابرماس جەختی لەوە کردبۆوە کە لە فەلسەفەی لیبرالیدا چرکەساتێکی ڕاستەقینە هەیەو خودی لیبرالیەت تێدەپەڕێنێت، لەمبارەیەوە هابرماس قەناعەتەکانی سەبارەت بە قوتابخانەی فرانکفۆرت هێشتبووەوە بەوەی لیبرالییەت بەشێکە لە ئەزموونی بەدامەزراوەیی کردن، گەر بێتوو لە هەوڵداندا بێت بۆ پارێزگاریکردن لەمەسەلەی پێکەوەلکانی هەردوو چەمکی (ئازادی و سەربەخۆیی) هەروەکو چۆن لە ڕێنیسانسدا بە تیۆر دانرابوو، ئەوەش وەك ئەلتەرناتیڤێك وابوو لەبری پێکەوە لکان و لێکبەستنەوەی (ئازادی بە بەرژەوەندیی) هەروەك چۆن دواتر ئەم چەمکەشیان بەفیعلی لە پراکتیکدا ڕوویدا بوو، ئیتر لەو کاتەوە لیبرالیەت لە مارکسیەت نزیك دەکەوێتەوەو لەناوەڕۆك و سیمای بنەماکانی لیبرالیەتیش دوور دەکەوێتەوە، کەواتە وایلێهات کە زیاتر لەمارکسیەت بچێت، نەك لە خودی لیبرالییەت.

٣- قۆناغی ڕاگواستن لەو دوو قۆناغەی سەرەوەی کە باسمان کردن بەرەو قۆناغێکی تازە کە تێیدا هابرماس تەرکیزی دەچێتە سەر دەنگ و سەدای ئنتێلێنجنسیای ڕۆشنبیران(INTELLECTUAL VOICE)، کە لە مارکسیەت جودایان دەکاتەوەو بەرەو تیۆری ڕەخنەیی و بە ئاڕاستەی تیۆریی خیتابگەرایی هەنگاوی پێدەنێت، لەم قۆناغەدا هابرماس ناسراوە بەهەوڵە بەردەوامەکانی خۆی بۆ بەرگریکردن لە پێناوی یەکبوون و یەکخستنی ئۆرگانەکانی بواری سیاسەت(INTELLECTUAL POLITICAL)، کە ئەوەش لەدژی خیتاب و جێبەجێکردنی تیۆرە ئابووری و کارگێڕی و کۆمەڵایەتیەکانە.

لەم لێکۆڵینەوەیەمدا بایەخ و تەرکیزم دەخەمە سەر ئەو قۆناغەیان کە دوابەدوای فەیلەسوفی مەزنی ئەڵمانیایی ئەمانۆئیل کانت(KANT ١٧٢٤ ١٨٠٤) (زۆرترین تێبینی و سەرنجی لەسەرە)، لەو کاتەوە تاکو ئێستا لە ڕێگای هیچ جۆرە گرێبەستێکەوە یان یاسایەکەوە بۆ بونیاتنانی شەرعیەتدان بە دەوڵەت یان شەرعیەتدان بەتایبەتمەندی سیاسەت، هیچ هەوڵێکی جیددی نەدراوە، ئەم دۆخە بەلای فەیلەسوفێکی مەزنی ئەڵمانیایی وەك (جۆرج فریدریك فیلهیلم هیگڵ) ەوە(HEGEL ١٧٧٠ ١٨٣١) زۆر ڕوون و بەرچاو بووە، هەروەها بەلای فەیلەسوف و بیرمەندانی تریشەوە هاوشێوە بووە، ئەوانەیان کە دەکەونە خانەی لیبرالییە چەپەکانەوە بەنموونەش لە پێش هەمووانەوە بیرمەندی پێشەنگی ئەڵمانییایی بواری زانستی کۆمەڵایەتی سیاسیی ماکس فیبەر بووە(WEBER ١٨٦٤ ١٩٢٠)، لە ڕاستیدا مەسەلەی پاراستنی یەکێتی ئۆرگانی لەبواری سیاسەتدا، بیرو هزری ئەم چوار فەیلەسوف و بیرمەندە مەزنانەی ئەڵمانیای داگیرکردبوو کە بریتین لە کانت – هیگڵ – کارل شمدت – هانا وارندت، بەنیسبەت کانت ەوە هەڵوێستەکەی تەمومژێکی زۆری تێدابووە بۆ سەردەمی خۆی، کاتێك بەرگری لەیاسای سروشتی دەکردو جەختیشیی دەکردەوە لەسەر ئەولەویەتدان بە ئەخلاق لەسیاسەتدا، بەوڕێگایەوە فیکرەکانی لەچوارچێوەی لیبرالیەت قاڵ دەکردەوە، بەو شێوەیە لە فیکری هیگڵی و شمدتی و وارنێتی دوور دەکەوتەوە، ڕەهەندی سیاسیی لە پرۆژەکەی کانت هەوڵەکانی بوون بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی باشترین و لەپێشترینی ئەو شێوازە پێشبینی کراوانەی دەکەوتنە ناوەندی بواری تایبەتی ئەخلاق و یاسای سروشتی و هۆشمەندی زاتیی تاکلایەنە لەلایەکەوە و هەروەها دامودەزگاکانی دەسەڵاتی سیاسیی و یاسای وەزعیی لەلایەکی ترەوە. لەمبارەیەوە کانت جەخت دەکاتەوە لەوەی کە لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بوارێکی گشتی هەیەو دەبێتە ناوەندگیری لەنێوان تێڕوانینی تایبەتی هاووڵاتیان و دەوڵەتدا، هەروەها لە ئەنجوومەن و کۆبەندی سەربەخۆدا تێکڕای هاووڵاتییە سەربەخۆکان گرد دەبنەوە، ئەو هاووڵاتیانە بەم شێوەیە بەهۆی گفتوگۆ سەربەخۆو ئازادەکانەوە لەڕووی ئابوورییەوە دەگەنە چەند پێگەیەك کە بەرژەوەندییە ئابووریەکانیان پایە بڵندتر دەکات لەلایەك و لە لایەکی تریشەوە گوشارێکی سیاسی و ئەخلاقی دەخەنە سەر ناوەندو دەسەڵاتی سیاسی.

بیردۆزەکەی کانت تایبەتە بەبواری گشتی، لەوێدا هیچ جۆرە بەرگرییەك لە یەکبوونی بواری دەوڵەت ناکات، هەروەکو چۆن هیگڵ ئەو بەرگرییەی لێدەکات، لەو بارەیەوە کانت جەختی کردۆتەوە لەسەر ڕەهەندەکانی ئەخلاق و بنەماکانی پێوەندیکردن بە بواری گشتییەوە، ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی کە پرۆسێسی سیاسی بە ناوی ڕەهەندی فکری جیهانی (UNIVERSAL) وەسف بکرێت، لەو پرۆپاگەندە تایبەتی و لاوەکیانەش تێپەڕێنێت کە لە پێگە بەرژەوەندخوازە هەمەجۆرەکانەوە دەهاتن کە دواتر بەپێی ئەو پێگانە دەسەڵاتی سیاسی لەبری ئەوەی ببێتە دەسەڵاتێکی ڕەسەنی ڕاستەقینە تەنیا دەبووە دەسەڵاتێکی یاسایی موجەڕەدو هیچی تر نا.

کانت پێی وایە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای بواری گشتییەوە زیاتر شەرعیەتی هەیە، بەڵام لەسەر بنەڕەتی فیکری جیهانگیری ئەم شەرعیەتە وەدەست دێت، نەك لەمیانەی زۆرینەی ڕەهای پەرلەمانییەوە یان بەهۆی بڕیارە جێبەجێکارەکانەوە، بەم شێوەیە کانت پێی وابوو کە لە دۆزینەوەی بەیان و ڕوونکردنەوەکەیدا بەسەر هەڵە زەقەکەی فەیلەسوفی ئینگلیزی هۆبزدا(HOBBES ١٥٨٨ ١٦٧٩)سەرکەوت، کاتێك هۆبز وای ڕادەگەیاند کە تەنیا سەرچاوەی شەرعیەت وەرگرتن(LEGISLATIVE MANDATE)خودی دەسەڵاتە نەك هەقیقەت، مادام گوشارە سیاسی و ئەخلاقییە پیادەکراوەکانی دەخرێنە سەر بواری گشتی و بەردەوام لە گفتوگۆدان، بەو چەشنە شێوازێکی هاوچەرخ بۆ یاسا زامن دەکەن، لەبری ئەوەی ببێتنە تەنیا پێوەرێك بۆ هێزو بەرژەوەندی، دەبنە پێوەرێکی تاقانە بۆ هەقیقەت.

لەبەرامبەر ئەمەدا هیگڵ پلەو ئاستی (بواری گشتی) بۆ ئاستێکی نزمتر لە (ڕای گشتی) دابەزاندو هێنایە خوارترەوە، هیگڵ جەختی لەوە دەکردەوە فەلسەفەی سیاسەت کە لەلایەن کانتەوە داڕێژراوەتەوە، گونجاوترە بۆ ئەو چەرخەی کە پرۆسێسی سەر لەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ماددی لە کۆمەڵگادا چۆتە ناو بواری تایبەتیەوە، کە ئەو بوارەش لەلایەن دەرەبەگ و موڵکدارەکان و خاوەنی کۆمپانیاکانی گواستنەوە قۆرخ وکۆنترۆڵکرابوو، بەمشێوەیە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە قۆناغی کانت کۆتایی پێهاتووە گەرچی قەبارەو هێزی ئابووریش بووەتە هۆی ئەوەی سەرلەبەری ڕەهەندەکانی یاساو کۆمەڵگای مەدەنی بگۆڕێت و ببنە بەربەست و تەحەددایەك بۆ یەکخستن و یەکگرتنی دەوڵەت.

هەرگیز نەدەتوانرا پێشتر لەسەر ئاستی تیۆریی، بواری ئابووری لە چوارچێوەی بواری تایبەتیدا پۆلبەندی بکرێت، هەروەها نەدەکرا بواری مەدەنی لەچوارچێوەی بواری دەوڵەتدا پۆلبەندی بکرێت، لەفەلسەفەی هیگڵیدا کۆمەڵگای مەدەنی بریتی بوو لە دەوڵەت ئەوەش بەبێ بواری ئابووری، کەچی ئێستا وایلێهات ئەو بوارەش بگرێتە خۆی، هیگڵ لە فەلسەفەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە تەنیا دەوڵەتە کە دەتوانێت وەك هەقیقەتێکی فیکری ئەخلاقی کار بکات و خێروبێری هاووڵاتیانیش شتێکە بەپێچەوانەی خێروبێری دەوڵەتەوەیە، هیگڵ لەکاتی بەرگریکردنیدا لەبواری سیاسەت جەختی زیاتری دەکردەوە لەسەر ئەوەی دەوڵەت وجودێکی تایبەتی هەیە کە پشت بەستوو نییە بە ڕەفتاری ئەخلاقیانەی هاووڵاتیەکانەوە بەڵکو پشت بەستووە بە گرێبەستێکەوە کە بەهۆیەوە وجودی دەوڵەت دەچەسپێت، بۆیە پێویستە بناغەیەك بۆ ژیانی ئەخلاقی هەبێت تاکو بەهۆیەوە ئەو گرێبەستە کاریگەری و سەرکەوتنی خۆی وەدەست بێنێت.

قۆناغی نەبوونی گرێبەست لەناو سیاسەتدا بەلای هەر سێ فەیلەسوفەکەی گرێبەستی کۆمەڵایەتییەوە: هۆبزو لۆك و ڕۆسۆ پشتگوێخرابوو، تەنیا هیگڵە کە هەستی پێکردوو لەتەقلیدی هاوچەرخی ئەڵمانیدا چەسپاندی و کردیە باو، هەروەها کردی بە بەشێکی ئەکتیڤ لەفەلسەفەی سیاسیدا، بە هۆیەوە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەوڵەت لەوە زیاترە بە تەنیا گرێبەستێك بێت بەڵکو دەوڵەت ئۆرگانێکە بۆ هەمووان و دەکەوێتە پێش هەر جۆرە گرێبەستێکەوە، دەوڵەت لەچوارچێوەی کۆمەڵێك فیکری هەمەچەشنەدایە کە هەموویان کار دەکەن بۆ دروستکردنی گرێبەستێك، ئەمەش یەکێکە لە چرکەساتەکانی دامەزراندن لە ژیانی ئەخلاقیداو لەسەر بناغەی ئەو بنەمایەی کە دەڵێت هەمووان لەیەکێکدان(A WHOLE IN A SINGLE) کە لەلایەن هیگڵەوە ئەم بنەمایە بەزەین و فیکر ناو نرا(GEIST)، بەو شێوەیە دەوڵەت بریتی نییە لە شێوازێکی موعەدەل لە گرێبەست دا بەڵکو لەوە دەترازێت و بریتییە لە شێوازێکی هاوچەرخ بۆ ددان پێنان و ڕێکەوتن تا هەموو شێوازەکانی قازانج خوازی و بەرژەوەندخوازی تێپەڕێنێت، ئەمەش بەتایبەتی بریتیە لە بەرگریی کردنێکی ئەنتۆلۆجی، بەرگریکردن لە یەکبوونی کیانی دەوڵەت کە پێشتر هەریەك لە فیورباغ و مارکس ڕەتیان دەکردەوە، چونکە ئەو دووانە هەوڵیان دەدا سەرچاوەکانی ڕاستەقینەی سیاسەت لەناو بەرهەمهێنان و شێوازەکانی تری بەرژەوەندی کۆمەڵگای مەدەنیدا بدۆزنەوە.

بیرمەندی ئەڵمانیایی و ئوستادی یاساو زانای سیاسەتمەدارو تیۆرداڕێژەری نازییەت کارل شمدت(KARL SCHMITT ١٨٨٨ ١٩٨٥) لە کتێبە ناسراوەکەی خۆیدا کە بەناوی (چەمکی سیاسەت)ە لەوێدا هەوڵی داوە یەکبوونی سیاسیی تەرح بکات و هەموو بەرژەوەندییە چینایەتیەکان و بەرژەوەندییەکانی تر تێ بپەڕێنێت، ئەوەش ڕابگەیەنێت کە ئەم یەکبوونە لەبواری گشتیدا وەدی نایەت تەنانەت لەناو دەوڵەتیشدا ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە شتێکدا بوونی هەیە کە ناوی (شتی سیاسی)(THE POLITICAL) یە کە پێویستە لە دەوڵەتدا بوونی فیعلی هەبێت.

چەمکی سیاسەت لە لای شمدت تایبەتمەند کراوە بۆ لێکجیاکردنەوەی هاوڕێکان و دوژمنەکان لە یەکتری.

لەم بوارە سیاسییەدا شمدت بە وردی ئاگاداری لە ڕۆڵی پەرلەمان و ژیانی سیاسییانەیە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ژیانی سیاسی و پەرلەمانی لە ژێر هەژموون و کۆنترۆڵی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریی سەرمایەداری تازەی پیشەسازیدایە، دەسەڵاتی تەشریعیش وەك دەزگایەك کە گوزارشت لە بەها سیاسییەکان دەکات بە بەردەوامی لە بنەما معیارییەکانی خۆیدا مەحروم و دابڕاوە، لەبری ئەو دۆخەش دەوڵەت دەبێتە لیژنەیەکی جێبەجێکردن بەڵام نەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری بۆرژوازییەکان وەك مارکس و ئەنگلز لە ساڵی ١٨٤٨ ئاماژەیان پێ داوە، بەڵکو لەپێناوی دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەندی چینایەتی لە نێوان بەشە هەمەچەشنەکانی سەرمایەداری و هاوکات ڕزگارکردنی چینی کارگەر.

شمدیت ئومێدێکی گەورەی بەوە هەبووە کەهەموو ڕەگەزەکانی کۆمەڵگەی ئەڵمانیایی لە پەرلەمان کۆببنەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بەهایانەی کە کۆماری فایماری ئەڵەمانیایی بەڕێوە دەبەن(١٩١٩ـ١٩٣٢)بەو شێوەیەش بیری دەکردەوە هەر وەك چۆن پێشتریش ماکس فیبەر بیری لێ کردبۆوە بەوەی دەزگای پەرلەمان وەك قوتابخانەیەکی لێ بێت بۆ ئامادەکردنی دەستەبژێرێکی سیاسەتمەدار، ئەوەشی زیاتر دەخستەڕوو کە ئەو داخوازییانەی لەلایەن سەرمایەداران و کرێکارانەوە هەن، خودی پەرلەمان لاواز دەکەن، بەوجۆرە دەرفەتێك بە پەرلەمان نادەن تا بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ، دیموکراتیەتی پەرلەمانی هەڵبسەنگێنێت.

**ماویەتی**

**هیگڵ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەوڵەت لەوە زیاترە بە تەنیا گرێبەستێك بێت بەڵکو دەوڵەت ئۆرگانێکە بۆ هەمووان**

**دەوڵەت بریتی نییە لە شێوازێکی موعەدەل لە گرێبەست دا، بەڵکو لەوە دەترازێت و بریتییە لە شێوازێکی هاوچەرخ بۆ ددان پێنان و ڕێکەوتن تا هەموو شێوازەکانی قازانج خوازی و بەرژەوەندخوازی تێپەڕێنێت**

**کانت پێی وایە دەسەڵاتی سیاسی لە ڕێگای بواری گشتییەوە زیاتر شەرعیەتی هەیە، بەڵام لەسەر بنەڕەتی فیکری جیهانگیری ئەم شەرعیەتە وەدەست دێت، نەك لەمیانەی زۆرینەی ڕەهای پەرلەمانییەوە یان بەهۆی بڕیارە جێبەجێکارەکانەوە**



# سوریا بەرەو شەڕی ناوخۆ دەچێت و میسر بەرەو ناسەقامگیری

خەریکە لەسەر دروستبوونی شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی لەسوریادا کۆدەنگیی تەواو لەنێو چاودێراندا دروست دەبێت، وەك مەترسیەکیش لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی عەرەبیەوە سەیر دەکرێت، بەتایبەتی دوای تەقینەوەکانی ئەم دواییەی سوریا کە ڕژێمی ئەسەد بەکاری تیرۆریستی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و لایەنی ئۆپۆزسیۆنی سوریش بەپیلانێکی ڕژێمی ئەسەدی لەقەڵەم دەدات، بۆیە ئاڕاستەی ڕووداوەکان بەو جۆرە دەڕوات کە شەڕێکی خوێناوی لەنێوان کەمینەی عەلەوی کە زۆربەیان ئەندامی حزبی بەعسی سوریان و لەدارودەستە نزیکەکانی ڕژێمن، لەگەڵ سوننەکانی سوریا ڕوبدات، هەندێك لەچاودێران پێیانوایە ڕژێمی ئەسەد ناتوانێت ئەم شەڕە بگۆڕێت بۆ شەڕێکی مەزهەبی نێوان کەمینەی شیعەو سوننە لەسوریا، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ستیفن بلاك بیرن تۆژەر لەسەر پرسی ئیسلام و پێوەندی نێوان ئیسلام و کریستیان لەئامۆژگای دۆنکان بلاك ماکدۆناڵد کرد لەوەڵامدا پرۆفیسۆر بلاکبێرن بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوەو وتی: (کێشەکە لەوەدایە کە «ئەسەد» نوێنەرایەتیی «عەلەوییەکان»دەکات کە خۆی لەخۆیدا کەمینەیەکی ئاینییە لەچوارچێوەی وڵاتەکەی، بۆیە بۆخۆی زۆر باشترە گەر خۆی لەبنەما ئاینییە تەسکەکەی دەربکات و هەوڵبدات بەشێوەیەکی ڕووکەش فراوانی بکات، باوکی

## «ئیخوان و سەلەفیەکانی میسر داد و گەشەپێدانی تورکیا نین»

لەمــــڕووەوە زۆر شــــارەزابوو، لەبەرئەوەی ئەوە باوکی بوو کە کەللەڕەقی و هەڵوێســـتی زۆر توندی بەرامبەر «ئیسرائیل»دەنواند، هەڵبەتە «ئیسرائیل»یش بەهەمان شێوە ڕەفتاری هەبوو و کاتێك «حافز ئەســـەد» زۆر کەللەڕەق بوو، ئیسرائیلییەکانیش بەهەمان شێوە ئەویان هەرس نەدەکـــرد، بەڕای من «بەشـــار»یش هەر بۆ هەمان شت هەوڵدەدات و تاکو ئەمڕۆ لەوبارەیەوە ســـەرکەوتوو بووە، بەڵام لەمیانی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی«سوریا» سیاســـەتی «ئیسرائیل» خاڵێکی لاوەکییە لەهزری ئەو کەســـانەی کە بەرهەڵستکاریی ڕژێمەکەی «ئەسەد» دەکەن. هەربۆیە بارودۆخی ســـوریا کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە هەیە، بەڕای من «سوریا» پێشوەختە کاریگەریی هەبووە لەسەر دەسەڵاتی سیاســـی لەناوچەکە بۆنموونە «لوبنان»، من لەوە بەئاگام کە لـــەم دواییانەدا بوو هێزەکانی «ســـوریا» لە «لوبنان» دەرچوون، بەڵام تاکو ئەمڕۆیش بریکاریان هەیە لەنێو



**لەمیانی ڕووداوەکانی ئەمڕۆی«سوریا» سیاسەتی «ئیسرائیل» خاڵێکی لاوەکییە لەهزری ئەو کەسانەی کە بەرهەڵستکاریی ڕژێمەکەی «ئەسەد» دەکەن**

**کاتێك پارتێکی ئایینی سەرکەوتنی زۆر گەورە لەدەسەڵاتی سیاسی بەدەست دێنێت ئەوکات «مەد و جەزر»ی ئایین لەگەڵ چارەنووسی پرۆسەی سیاسی پێکەوە گرێدەدرێنەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئیستغلالیان کردووە**

سیستەمی سیاســـیی«لوبنان»و کاریگەرییان هەیـــە تەنانەت لەســـەر تـــەواوی حکومەتی لوبنانـــی، بۆیـــە تەنانەت گەر هەرکەســـیش لەدەســـەڵات بێت ئەوە پێموایە کە «ســـوریا» هەمیشە دەســـتێوەردانی دەبێت لەکاروبارەکانی «لوبنان»، ئێستاش گریمان ڕژێمەکەی ئەسەد ڕووخاو ڕژێمێکی ئیسلامی جێگەی گرتەوە، بۆنموونە هاوشێوە لەگەڵ «حەماس»، ئەوکات بارودۆخەکە نەك تەنیا بۆ «ئیسرائیل» بەڵکو بۆ «لوبنان»یش ســـەخت دەبێت، لێرەدا ناتوانم زیاتر لەسەر ئەم مەســـەلەیە بدوێم لەبەرئەوەی هیچ زانیارییەکم نییە لەســـەر پێکهاتەی ئۆپۆزســـیۆن لە«ســـوریا»و نازانم چۆنن، بۆیە ناتوانم پێشبینی بکەم لەمبارەیەوە بڵێم چ جۆرە ڕژێمێك جێگەی ڕژێمەکەی «ئەســـەد»دەگرێتەوە، شـــتەکە لە«میســـر»دیارە کـــە لەهەڵبژاردنەکانـــدا «ئیخـــوان» و «ســـەلەفییەکان» لەپێشـــەوەن، بـــەڵام هـــاوکات ســـوپا تەواجودی هەیەو ســـوپا لایەنێکی بەهێزە لەکۆمەڵگەی میســـری و ئەگەری هەیە بارەکە بەتەواوەتی بشـــێوێنێت، بەڵام هیچ شتێکم نییە لەسەر «سوریا» باسی بکەم و نازانم پێکهاتەی هێزەکانی«ســـوریا» چین بۆ ئەوەی پێشبینیی لەسەر بکەم)).

هەر لەم چوارچێوەیە و سەبارەت بەگۆڕینی ئاڕاســـتەی بارودۆخی ســـوریا بەرەو کێشەی عەرەب ئیســـرائیل و کاریگـــەری بارودۆخی ئێســـتای ســـوریا لەســـەر تەواوی ناوچەکە پرســـیارمان لەپرۆفیسۆر حەیات ئەلیف عەزیز ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی پەنسلڤانیا و تایبەتمەند لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (سوپای سوریا لەئاست سوپای ئیسرائیلدا نییە، هەروەها مێژوو ئەوەی دەرخســـتووە کە سوریا دوچاری خەســـارەتێکی زۆر بۆتەوە لەســـەر دەســـتی ئیسرائیلیەکان. ئەسەد ناتوانێت بەرگەی شەڕی ئیســـرائیل بگرێت، یاخود تەنانەت ناکۆکیەکی بچووکیـــش، لەبـــەر ئەوەی ئابووری ســـوریا تێکشکاوە، بەهۆی ســـزاکانەوە، ئەوا ناتوانێت دۆخەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر بەرێت لەگەڵ ئیسرائیلدا. لەگەڵ ئەوەشـــدا، ئەگەر تەنگ بەدیکتاتۆرێـــك هەڵچنرێت و لەچارەنووســـی خۆی و کەســـانی دەوروبەری (عەلەویەکان) بترســـێت ڕەنگە کارێکی سەرشـــێتانە بکات. ئەوە هەمیشە وەك ئەگەرێك دەمێنێتەوە. بەڵام دەبێـــت درك بـــەوە بکات کـــە بەریەککەوتنی ســـوریا و ئیســـرائیل دەقـــا وەدەق نابێتەهۆی ئەوەی جیهانی عەرەبی/ئیسلامی دەستێوەردان بکەن و ســـوریا ڕزگار بکەن. هیچ وڵاتێکی ناوچەکـــە لەبارێکدا نییە شـــەڕ بەرپا بکات، تەنانەت لەدژی ئیســـرائیلیش. هیچ وڵاتێکی ناوچەکە بەرگەی شـــەڕ ناگرێت لەبەر دۆخی

**هیچ وڵاتێکی ناوچەکە بەرگەی شەڕ ناگرێت لەبەر دۆخی خراپی ئابوورییان. کەواتە ئەگەر ئەسەد بیر لەم ستراتیجیەتە بکاتەوە، ئەوا تەنیا فێڵ لەخۆی دەکات**

خراپی ئابوورییان. کەواتە ئەگەر ئەسەد بیر لەم ستراتیجیەتە بکاتەوە، ئەوا تەنیا فێڵ لەخۆی دەکات. ســـەبارەت بەهەوڵەکانـــی کۆمکاری عەرەبیش بـــۆ هێورکردنـــەوەی بارودۆخەکە، مـــن پێموایە جامیعـــەی عەرەبـــی دەتوانێت هەرچییەکی بووێت بیڵێت، مەســـەلەکە ئەوەیە ئایا ئەمە دەگۆڕێت بۆ سیاســـەت و بۆ کردار. پێم وانییـــە بەبێ هاوکاری هێزە ئەوروپییەکان، جامیعەی عەرەبی دەســـەڵاتی ئەوەی هەبێت کارێك دژی ئەســـەد یان سوریا بکات، ئەوەش بەبێ پشـــتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان نابێت، بەڵام ڕاســـتیەك هەیە ئەویش ئەوەیە کە سوریا لیبیا نییە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەم ڕاستیە دەزانێت و مەترسیەکانی ئەنجامدانی کردەوەی سەربازیش دژی سوریا دەزانێت چییە. هەروەها کارێکی لەم چەشنە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت ناکۆکیەکە بپەڕێتەوە بۆ ناوچەکە، بەدڵنیاییەوە لوبنانیش دەگرێتەوە، ڕەنگە بەشـــێکی عێراق و تورکیـــاش بگرێتەوە، دواتر ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئیسرائیلیش. ئەوەش مەترسیەکی گەورەیە. لیبیا حاڵەتێکی ئاسانتر بوو، لەبەر

ئەوەی سوپای لیبیا بچووکتر بوو لەسوپای سوریا، هەروەها ڕامالینی قەزافی لەدەسەڵات- ئەگەرچـــی چەند مانگێکـــی خایاند_ بەڵام ئاســـانتر بوو بەبـــەراورد بەهـــەر کارێکی لەم چەشـــنە لەســـوریادا. هەروەها دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە ڕژێمەکەی ئەســـەد پشـــتیوانی و دۆستایەتی ئێران و ڕوســـیای هەیە. بەڵام ئەگـــەر گریمانەی ئەوە بکەین ســـوریا دوای ئەســـەد چی بەســـەر دێت، من پێموایە ئەمە دەوەستێتە ســـەر ئەوەی کێ دەبێتە جێگرەوەی ئەسەد، ڕەنگە ئەندامە بەعسیە ڕاوێژکارەکانی بڕیاری پشـــت تێکردنی بـــدەن، لەو حاڵەتەدا، تەنیا بەشارئەســـەد خـــۆی دەڕووخێت، بەڵام ڕژێمەکەی دەمێنێتەوە. خۆپیشاندەران ئەمەیان ناوێت، دەیانەوێت تەواوی ڕژێمەکە بڕووخێت. بـــەڵام ئەگەر ئەو ســـیناریۆیە ڕوبدات، ئەوا ئەگەرێکـــی بەهێـــزی بەرپابوونی شـــەڕی ناوخۆ لەنێوان بەعســـییەکان و ئیسلامیەکاندا دێتەئـــاراوە، کـــە بەدڵنیاییـــەوە شـــەڕێکی کاولـــکار دەبێت. ئەگەر تـــەواوی ڕژێمەکەی ئەســـەدو پارتی بەعس بڕووخێـــن و بەتەواوی ڕابماڵرێن و پارت و ســـەرکردەیەکی ئیسلامی جێی بگرێتەوە. دووبارە ئەمە دەوەســـتێتە سەر سروشت و ئایدۆلۆجیای ئەو سیستمە سیاسیەو ئەوسیاسەتەی لەناوەوەو لەسەر ئاستی ناوچەکە پیـــادەی دەکات، بەتایبەتی ئەوەی کاریگەری لەســـەر لوبنان دەبێت. ئەمە دەوەســـتێتە سەر ئەو ئایدۆلۆجیایـــەی باوەڕیان پێیەتی، ئەگەر سەلەفی سەرسەخت بن، ئەوا ڕەنگە ڕووبەڕووی حزبوڵا لەلوبنـــان ببنەوە. ئەگەر«میانڕەو»بن، ئەوا کەمتـــر مەیلی دروســـتکردنی گرژییان دەبێت لەســـەر ئاستی ناوخۆو ناوچەیی. دەبێت چاوەڕێی بکەین و ببینین کە چی ڕوودەدات. بـــەڵام ڕامالینی ئەســـەد، بەتایبەتی ڕژێمی بەعس کاتی زۆری دەوێت، کە ڕەنگە شەڕی ناوخۆیشـــی لێبکەوێتەوە. زەحمەتـــە بتوانین لەئێستادا پێشبینی لەبارەی ئەم سیناریۆیانەوە بکەین)).

### میسر لەبەهاری عەرەبییەوە بۆ سەرکەوتنی ئیخوان و سەلەفییەکان

دوای ســـاڵێك تێپەڕبوون بەســـەر بەهاری عەرەبی، ئێستا بارودۆخەکە بەو جۆرەیە هەموو چاودێرێـــك پێیوایە دەبێت چـــاوەڕێ بکرێت بارودۆخەکـــە بۆکوێ دەچێـــت، لەبەر ئەوەی هێشتا کەس لەوە دڵنیا نییە هێزە ئیسلامییەکان (ئیخوان و ســـەلەفیەکان) بتوانن بارودۆخەکە بـــەرەو دیموکراتی بەرن، ســـەبارەت بەم لایەنە پرۆفیســـۆر بلاك بێرن لەدرێژەی قسەکانی بۆ گوڵان و ســـەبارەت بەئاییـنـــدەی ئەوەی پێی دەڵێن بەهاری عەرەبی وتی:(هەڵبژاردنەکانی میســـر وەك هەڵبژاردنەکانی جەزائیری پێش ٢٠ ســـاڵ لەمەوبەر دێتە بەرچاوم کاتێك سوپا دەســـتێوەردانی کردو هەڵبژاردنەکانی ڕاگرت، بۆیە من بەهەمان چاو سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەم و پێموایە خەڵکی ســـۆزێکیان لەگەڵ ئەو پارتە سیاســـییانە هەیـــەو کە دەنگ بەو پارتە سیاســـییانە بدەن تەنانەت بەبێ ئەوەی وردەکارییـــەکان بزانـــن لەبـــارەی کارنامـــەو بەرنامەکانی ئەو پارتە سیاســـییانە، هەربۆیە لێرەدا مەســـەلەکە پەیوەســـتە بەجـــۆری ئەو دیموکراســـییەتەی کە باسی دەکەین، هەرگیز چاوەڕوانـــی ئـــەوە ناکرێت دیموکراســـییەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوشێوە بێت لەگەڵ دیموکراسییەتی ئەمریکای باکوورو ئەوروپای ڕۆژئـــاوا لەبەرئەوەی چەندیـــن باکگراوندی کەلتووریی جیاواز هەیە، خودی خۆم هیوادارم دیموکراســـییەتی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بەوشـــەیەکی پڕ واتا دیموکراسی بێت، بەڵام جارێ نازانین چۆن دەبێت، بەڕای من دەستوور هیچ شتێك گرەنتی ناکات لەبەرئەوەی ڕاستە دەستوور پڕەنســـیپ و بنەما دیموکراسییەکان لەخۆدەگرێـــت، بـــەڵام لەوانەیـــە نرخی ئەو کاغەزەی نەبێت کە لەسەری نووسراوە، ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە بنەما دیموکراسییەکان لـــەدڵ و هـــزری هاووڵاتیـــان بەپیـــرۆزی بپارێزرێـــت، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا ئەرکێکی زۆر زەحمەتترە لەوەی شـــتێك لەســـەر پارچە کاغەزێك بنووسیتەوە، مەبەستم ئەوەیە کە زۆر ئاســـانە کۆشـــش بکەیت لەوبارەیەی کە چی بکەی بەدەستوور و بەچ زمانێك ئەو دەستوورە بنووســـی، بەڵام لەکۆتاییدا ئاکامەکانی تەنیا لەســـەر خەڵك دەبێـــت، بۆیـــە تەنانەت گەر دەستوورەکە بەهزرێکی بەرز و لەسەر بنەمای بیرۆکـــەی بونیادنەریـــش نووســـرابێت، ئەوە هیچ ســـوودێکی ئەوتـــۆی نابێت ئەگەر بێت و لەگەڵ شـــێوازی بیرکردنەوەی هاووڵاتیان نەگونجێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا مەبەســـتم ئەوە نییەو مەبەستیشـــم لەوەدا نییە کە ئەگەر لە«میسر»ڕژێمێکی ئیســـلامی حوکمڕانی بکات و لەڕووکەشـــدا سێکیولاریزم بێت، بەڵام مەرجیش نییە هاوشێوە بێت لەگەڵ ڕژێمەکەی «ئێـــران»، هەڵبەتە ئەندامانـــی «ئیخوانی موســـلمین» لەلێژنەی دەســـتوور دەستنیشان دەکرێن بـــۆ ڕەنگدانەوەی یەك تێڕوانین، بەڵام ئەگەر بێینە ســـەر خودی ئیخـــوان دەبینین چەندین بیروبۆچوونی جیاوازی لەخۆگرتووە، بەواتایەکـــی دیکـــە خـــودی «ئیخوانـــی موســـلمین» بریتییـــە لەهاوپەیمانێتییەك کە چەندیـــن بەرژەوەندی و گرووپـــی جیاوازی لەخۆگرتـــووە، بۆیـــە هیـــوادارم تێڕوانینیان ڕەنگدانەوە بێت بـــۆ بیروبۆچوونەکانی هەموو ئەندامەکانیان و نەك تەنیا ڕەنگدانەوە بێت بۆ ڕەوتێکی دیاریکـــراو لەچوارچێوەی«ئیخوانی موســـلمین»، بـــەڕای مـــن «ئیخوانـــی موســـلمین» تەنیا بەناو«ئیســـلامی» نییە وەك پارتی کریســـتیانی دیموکراتی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە «پارتی کرستیانی دیموکراسی» لە«ئەڵمانیا» کە لەڕووی باکگراوند و ڕەگی مێژووییەوە «کاتۆلیکی»یـــە، بەڵام ئەمڕۆ هیچ مەترســـییەك نییە لەوبارەیەی «پارتی کرستیانی دیموکراســـی» دەسەڵاتی سیاسی تەسلیمی «کڵێسەی کاتۆلیکی» بکات، بۆیە بەپێی باکگراوندەکەیان بەڕای من «ئیخوانی موسلمین» بەو شێوەیە نییە، لەوانەیە هەڵە بم، بەڵام هیوادارم «ئیخوانی موســـلمین» لەنێو ئەو هەموو بۆچوونە جیاوازانە «موعتەدیل» بـــن لەچوارچێوەی «ئیخوانی موســـلمین»، نازانم، بەڕای من پێویســـتە جارێ چاوەڕوان بین بزانین ئەنجامەکانی چۆن دەبێت)).



حەیات ئەلیف عەزیز بۆ گوڵان:

**ئیخوان و سەلەفیەکانی میسر پێویستە بەوەهابیەکانی سعودیە بەراورد بکرێن نەک بە پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا**


پرۆفیسۆر حەیات ئەلفی عەزیزیش پێیوایە ماوەی ســـاڵێك کەمە بۆ ئەوەی بتوانین حوکم لەســـەر کۆی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بدەین، بەڵام سەبارەت بەبارودۆخی میسر لەدرێژەی لێدوانەکانیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خـــۆی دەربـــڕی و وتی:(هەر وڵاتێکی ناوچەکە جیاوازە لەڕووی دامەزراوەو سیستمی سیاســـییەوە. دەبێت ئەوانـــە لەبەرچاوبگیرێت لەهەڵســـەنگاندنی کارایـــی بزووتنـــەوە دیموکراســـیخوازەکانی «بەهاری عەرەب»دا.

بەشـێك لەو پێوانەكردنە باری دانیشـتووانی وڵاتەكـە دەگرێتـەوە. میسـر گەورەتریـن دانیشتووانی هەیە، سوپایەكی زەبەلاحی هەیە، لەناو نوخبە سیاسیەكەدا چەندین لایەنی هەیە. ئەم فاكتەرانە كاریگەرییان هەیە لەسەر كارایی بزووتنەوە دیموكراسیخوازەكان. ئەگەر سیستمە سیاسییەكانی دوای شـۆڕش پابەندبوونێكی جدیان نەبوو بەدیموكراسـیەكی عەلمانییەوە، ئەوا سروشـتی ناعەلمانی (بونیادنراو لەسەر ئەساسی ئایینی) «دیموكراسیەكان» مایەی دژوارییەكی زۆرتر دەبێت. خواسـتی سەركردە ئایینییەكان بۆ مومارەسـەكردنی «سیاسەتی ئیسلامی میانڕەوی» تایبەت بەخۆیان-یاخود هەر ناوێكی دیكەی هەبێت-خواسـتێكی زۆر بەهێـزە، بـەڵام ڕاگرتنی هاوسـەنگیەكەی كارێكی زۆر زەحمەتە. پارتە ئیسـلامییەكان دەرەفتێك بەدی دەكەن بۆ سـوود وەرگرتن لەو بۆشایی دەسـەڵاتەی دروست بووە. ئیسلام و دیموكراسـی پێكەوە هەڵدەكەن، بەچەشـنی ئەوەی لەتوركیا و هیندسـتان دەیبینین، بەڵام ڕاگرتنی هاوسەنگی لەپێوەندیدا بەچۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئافرەتان و كەمینەكاندا لە «دەوڵەتێكی ئیسلامیدا» زۆر زەحمەتترە. بۆیە ئەم مەسـەلەیە دەوستێتەسەر ئەوەی پارتێكی ئیسـلامی و سـەركردایەتی ئەو پارتە چۆن جیاوازی لەنێوان دیموكراسـیەتی ئیسـلامی «میانڕەو» و تیوكراتیەكی توندڕەوی دەكەن. ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی تۆ چۆن پێناسەی چەمكی «توندڕەوی» دەكەیـت، لەبەر ئەوەی خودی ئیخوان موسـلمین لەنێوخۆیدا دابەش بووە (واتە ئیجماعێك نییە لەنێویاندا) لەبارەی ئایدۆلۆجیاكەیانەوەو لەبارەی ئەوەی چ شتێك وەك ئایدۆلۆجیای ئیسلامی سیاسی بگرنەبەر. سـەلەفیەكان زیاتر چەقبەسـتووترن، كەواتە پێموایە ئەوان زیاتر بەو ئاڕاستەیەدا كار دەكەن كە ئێمە پێیی دەڵێین «توندڕەو». بەڵام لەناو ئیخواندا ئیجماع نییە، هەروەها ئیخوان بەسەر جیلەكاندا دابەش بوون: چینی بەساڵاچووەكە پتر تێڕوانینێكی چەقبەستوویان هەیە بەبەراورد بەئەندامە گەنجەكانیان)).

## ئیخوان و سەلەفیەكانی میسر داد و گەشەپێدانی توركیا نین

شوێنكەوتووانی ئیخوان لەتەواوی ناوچەكە لافی ئەوە بەئیخوان و سەلەفیەكانی میسرەوە لێدەدەن، بـەوەی گوایە دەتوانـن مۆدیلێكی هاوشێوەی توركیا لەمیسـر دووبارە بكەنەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئەوانەی شارەزای بنەچەی ئایدلۆژیەتی ئیخوان و سەلەفیەكانی میسرن، پێیانوایە ئـەم دوو حاڵەتە جیاوازن و هەرگیز پێكەوە بـەراورد ناكرێن، پرۆفیسـۆر حەیات ئەلقی عەزیز پێیوایە ئیخوان و سەلەفیەكانی میسر پێویستە بەوەهابیەكانی سعودیە بەراورد بكرێن نەك بەپارتی دادو گەشەپێدانی توركیا، سـەبارەت بەم لایەنە و لەدرێژەی لێدوانەكەیدا بۆ گوڵان وتی: (میسر و توركیا لێكجیاوازن، لەبەر ئەوەی دامەزرێنەری توركیا، مسـتەفا كەمال ئەتاتورك، ئایدۆلۆجیایەكی نەتەوەیی، لەسەر ئەساسی عەلمانی و دیموكراسی، بەسەر زۆرینەی موسڵمانەكەدا سەپاند. هەرگیز میسر سەركردەیەك یان ئایدۆلۆجیایەكی لەو چەشنەی بەخۆوە نەبینوە. پارتە ئیسـلامییەكانی میسر دەتوانن هەندێ سـوود لەئاك پارتی وەربگرن، بـەڵام بەدڵنیاییەوە میسـر توركیا نییە، بۆیە باشترە بەراوردەكە بەسعودیە بكرێت گونجاوترە، چەمكی ئایدۆلۆجیای ئیسلامییەكان لەمیسر، لێچكوون و تێڕوانینەكانی زیاتر هاوشـێوەی وەهابییـەكان/ سـەلەفییەكانی سـعودیەیە، لەڕاسـتیدا، چالاكوانی عەلمانی-لیبرالی و دیموكراسیخوان هەبوون لەمیسر كە پێشەنگی شۆڕشەكە بوون، بەڵام پێدەچێت ئیسلامییەكان شۆڕشـەكەیان «فڕاندبێـت»، ئەویـش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بۆشـایی دەسـەڵاتەی دروسـت بووە، لەگەڵ تەلاعوبەكانی سوپای میسردا)).

بەڵام پرۆفیسۆر ستیڤن بلاك بیرن كە خۆی تایبەتمەندە لەسـەر ئیسـلام و بەراوردكردنی ئایینەكان، ئەو ڕاشـكاوانەتر لەسەر ئەم پرسە قسەی كردو بەگوڵانی ڕاگەیاند: (جیاوازییەكی گەورە لەنێوان میسر و توركیا هەیە، «توركیا» خاوەن مێژوو و كەلتورێكی جیاوازە، ئەو پارتە ئیسـلامییەی كە ئەمرۆ لە«توركیا»دا هەیە زۆر هاوشـێوەیە لەگەڵ پارتی «كرسـتیانی دیموكراسـی» لـە «ئەڵمانیـا»، پارتێكی



ستیفن بلاك بیرن بۆ گوڵان:

**پارتە ئیسلامییەكان دەرفتێک بەدی دەكەن بۆ سوود وەرگرتن لەو بۆشایی دەسەڵاتەی دروست بووە**

ئایینییە، بەڵام لەچوارچێوەی سیسـتەمێكی سێكیولار كاردەكات و بەباشە و خراپەكانی ٩٠ سـاڵە بەردەوامە، بەڵام ئەم شتە لە«میسر» بوونی نییە، ڕژێمە سێكیولارەكەی «موبارەك» هەمووانـی ڕەتدەكردەوە لەئیسـلامییەكان و لیبراڵەكان و سـێكیولاریزمەكانیش كە هانی خەڵكیـان دەدا لەگۆڕەپانـی «تەحریـر»، وتووێژی زۆر لەسەر مۆدێلەكەی «توركیا» كراوە و پێشنیاركراوە پیادەبكرێت، بەڵام هەست ناكەم ئەم شتە لە «میسر» ڕوودەدات، لێرەشدا دەگەڕێمەوە سـەر وەڵامەكەم بۆ پرسـیاری یەكەمتـان، هـەروەك ئاماژەمپێكـرد ئەوان ئەگـەر بیانەوێ ئەوە دەتوانن لە «میسـر» دەستوورێكی سـێكیولار بنووسنەوە و لەسەر مۆدێلەكـەی «توركیـا» دایبڕێـژن، بەڵام باوەڕناكـەم ئەو شـتە بكـەن، تەنانەت گەر ئەو شـتەیش بكەن ئـەوە لەو بڕوایـەدا نیم پێكهاتەكانی پەرلەمانی میسری و پێكهاتەی دەنگدەرەكان بایەخ بەو جۆرە سیسـتەمە بدەن، بەڕای من ئەزموونەكەی «توركیا» شـتێكە كـە دەكرێ لەڕووی تیۆرییـەوە پیادەبكرێت، بەڵام گەر بێینە سەر شـێوازی بیركردنەوەی هاووڵاتیانی «میسـر» ئـەوە هەرگیز لەو بڕوایەدانیم پێكەوە بگونجێـن، بەپێچەوانەی توركەكان، لە «تونس»یش قسـەكراوە لەسەر ئەزموونەكەی «توركیا»، لەوە دڵنیا نیم گەر «تونس» پیادەی بكات، بەڵام هەسـتدەكەم «تونس» لەمڕووەوە زیاتر سـەركەوتوو دەبێت لەڕووی پیادەكردنـی نموونەكەی «توركیا» بەڵام هاوكات ئەمە مانـای ئەوە ناگەیەنێت كە من پێشـبینیی ئەوە بكەم كە ئەم شتە لە «تونس» ڕوودەدات. هۆكاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگێڕمەوە هەمیشە ئەم مەترسییە لەبارەی ئەو هەڕەشـەیەی هەیە، كاتێك پارتێكی ئایینی سـەركەوتنی زۆر گەورە لەدەسەڵاتی سیاسی بەدەسـت دێنێت ئـەوكات «مەد و جەزر»ی ئایین لەگەڵ چارەنووسـی پرۆسەی سیاسی پێكەوە گرێدەدرێنەوە لەلایەن ئەو كەسـانەی كە ئیسـتغلالیان كردووە بۆیە پێم ناخۆشـە و حەزناكەم ببینم ئایینی «ئیسلام» ڕەتبكرێتەوە تەنیا لەبەرئەوەی پارتێكی سیاسیی ئیسلامی ناوی ئیسلام-ی ئیسـتغلال كردووە و لەبری ئەوەی پارتە سیاسییەكە ڕەتبكرێتەوە دەبینین ئاكامەكەی لەسەر ئیسلام دەشكێتەوە، بەڕای مـن ئەمە ئاكامێكی خراپـە و پێموایە ئەمە وانەیەكە، بۆیە هیوادارم گرووپە ئیسـلامییە جیـاوازەكان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت بگەنە ئەو ڕاستییەی كە پێكەوەگرێدانی چارەنووسی ئایینی و چارەنووسـی سیاسی شتێكی زۆر مەترسیدارە)).

### عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ( گوڵان ):

# لە٢٠١٢ بەچوار شێواز پرۆژە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان دابین دەکەین

**عەلی سندی وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم دیمانەی گۆڤاری گوڵان دا باس لەدوا وردەکارییەکانی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٢ ی هەرێمی کوردستان دەکات کە سەرەڕای کەمکردنەوەی بڕەکەی بەڵام پرۆژەکانی خزمەتگوزاری ئاوو کارەبا لەڕیزبەندی پێشەوەی ئەو پرۆژانە دانراوە کە بڕیارە لەساڵی نوێ دا بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە. وەزیری پلاندانان لەم دیمانەیەدا وەڵامی چەندین پرســی تری پێوەنداری بە پلانی ســتراتیژی پەرەپێدان و پرۆســەی سەرژمێری و ڕاهێنانی فەرمانبەران و بەرنامەو کاری داهاتووی وەزارەتەکەیانی دایەوە؛ کە لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بەڕێزیان بڵاودەکەینەوە..**



*** وەكــو كەســێكی شــارەزاو پێوەندار بە داڕشــتنی بودجــەوە دەكرێــت بزانیــن دوا وردەكارییەكانــی بودجەی ســاڵی ٢٠١٢ ی هەرێمی كوردســتان بەكوێ گەیشتووە، ئایا بودجــەی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاكان چۆنە؟**

- پرۆژە یاســای بودجەی ســاڵی ٢٠١٢ هێشتا لە پەرلەمانی عێراق دەرنەچووە، وەك هەموو ساڵێك ئەم كارە لە بەغدا دواكەوتووە و ئەمەش كاریگەری هەیە لەســەر ئێمە بۆ پێشكەشكردنی پرۆژە یاسای بودجەكە. لەگەڵ وەزارەتی دارایی زوو هەموو ئامادەكارییەكمان كرد بۆ پێشكەشكردنی بودجەیەكی تۆكمە، كە ئێســتا لە ئەنجومەنــی وەزیرانەو لەوێش كاری زیاتــری لەســەر دەكەیــن. بەڵام تا ژمــارەی پەســەندكراو لەلایــەن پەرلەمانی عێراقەوە نەگاتە ئێمە ناكرێت ئەم پرۆژە یاسایە پێشكەشی پەرلەمان بكرێت.

بەپێی زانیارییەكانی ئێمە، بڕی تەرخانكراو بۆ هەرێمی كوردستان كەمكراوەتەوە لە زیاتر لــە ١٥ ترلیۆنەوە بــۆ ١٢.٦ تریلۆن كە ٣.٩ ترلیــۆن لەمە بۆ پــرۆژەكان دانراوەو لەمەش ٠.٨٢ ترلیــۆن بۆ پەرەپێدانــی پارێزگاكانی هەرێمی كوردســتان دانراوە،٣ ترلیۆن و ٨٠ ملیار بۆ وەبەرهێنانی وەزارەتەكان.

*** ئایا ئەو بودجەیە دەتوانێت كۆی پرۆژانە تەمویل بكات كە خەڵكی ناوچە جیاوازەكانی هەرێمی كوردستان داخوازی دەكەن، یا لەئاست داواكاری وەزارەتەكانی هەرێم دایە ؟**

- بەهۆی ئــەو هەلومەرجــە مێژووییەی خەڵكی هەرێمی كوردســتان پێیدا تێپەڕییەوە و ئەو وێرانكارییەی كــە ناوچە جیاوازەكان تووشــی هاتــوون، ژمــارە و گوژمەی ئەو پرۆژانــەی خەڵكــی ناوچە جیــاوازەكان و وەزارەتەكان پێشكەشــیان دەكــەن زۆر زیاترە لەو بــڕە پارەیەی كە هەیە، واتا خواســتی خەڵــك زیاتــرە لــەوەی دەكرێــت بودجە دابینی بكات. بەڵام ســەرباری ئەوەش ئێمە هەوڵمانداوە زۆرترین پرۆژە جێبەجێ بكەینەوە و بەشێوەیەكی یەكسان بەســەر ناوچەكاندا دابەشیان بكەین. ســەبارەت بە دابەشكردنی پرۆژەكان بەســەر وەزارەتەكاندا، ئەمە بەپێی ئەولەویەتەكانی پێداویستی ڕۆژانەی خەڵك

## بڕی تەرخانكراوی بودجە بۆ هەرێمی كوردستان لە ١٥ ترلیۆنەوە بۆ ١٢،٦ ترلیۆن كەمكراوەتەوە

## دواكەوتنی دەرچوونی پرۆژە یاسای بودجە لەبەغدا كاریگەری لەسەر هەرێمی كوردستانیش هەیە

و كۆمەڵــگا دەكرێــت، هەندێــك وەزارەت ژمــارەی پرۆژەكانــی زۆرە لەبەرئــەوەی راســتەوخۆ خزمەتگوزاری گرنگ پێشكەش دەكات بە هاووڵاتیان بــۆ نمونە پرۆژەكانی ئاو و كارەبا.

*** لەهەڵبژاردنــی پــرۆژەو ریزبەنــدی بودجە ڕەچاوی چی دەكرێت، ئایا ئەمســاڵ ئەولەوییەت دراوە بەچی بەتایبەتی كە هەموو ســاڵێك پــلان دادەنرێت كەچــی لە ١٠٪ی پێداویستی وەزارەتەكان دابین دەكرێت ؟**

- وەك لە وەڵامی پرســیاری پێشــوودا ئاماژەم پێدا، بڕیاردان لەسەر پرۆژەكان بەپێی پێداویستی خەڵك دەبێت. لەبەرئەوە هەندێك وەزارەتــی خزمەتگوزاری پرۆژەی زیاتریان بۆ تەرخان دەكرێت وەك لە هەندێكی تر. كاری ئێمە ڕاگرتنی هاوســەنگییە لەنێوان خواستی خەڵــك و وەزارەتەكان و ئەو بــڕە پارەیەی لەبەردەستدایە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان. هەموو ساڵێك هەمان پرسیار لە ئێمە دەكرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە بەدرێژایی چەند ساڵێك توانیمان زۆربــەی پــرۆژە ســتراتیژییەكانی ژێرخان دابیــن بكەین، ئەوكاتە ژمــارەی پرۆژەكان كەمدەبنــەوە دەتوانین زۆربەی ئەو پرۆژانەی جێبەجێ بكەین كە پێشكەشمان دەكرێت.

*** چــۆن هاوســەنگی لەنێــوان ناوچــە جیاوازەكانی كوردستان لەدابەشكردنی پرۆژەكان دەكرێت؟**

- هەمــوو ناوچــە جیاوازەكانی هەرێمی كوردســتان پێداویســتی هەمەجۆریان هەیە بۆ خزمەتگــوزاری و پرۆژەكانی پەرەپێدان، ئەو میكانیزمــەی ئێمە پەیــڕەوی دەكەین لەبەرچاوگرتنــی پــرۆژە ســتراتیژییەكانی وەك ئــاو و كارەبایــە پاشــان ژمــارەی دانیشــتوانی ناوچەكان و گرنگیی پرۆژەكان لەبەرچاودەگرین، هەروەها هەندێك خاڵی تر لەبەرچاودەگیرێن كە پەرلەمانی كوردســتان لە یاســای بودجەی ساڵی ٢٠١١دا پەسەندی كــرد، وەك گرنگیدانــی زیاتر بــە ناوچە ســنوورییەكان و ناوچــە زیانلێكەوتوەكانی هەرێمی كوردستان.

*** پێت وا نییە پێویســتە بۆ ساڵی داهاتوو بودجەیەكــی زیاتر بــۆ هاووڵاتیانی كوردو پرۆژەكان لــە ناوچە دابڕێنــراوەكان تەرخان بكرێت لەم ڕووەوە چی كراوە ؟**

- سەبارەت بە ناوچە دابڕێنراوەكان، كێشەكە لەوەدایــە كە ئــەم ناوچانە لــە حكومەتی عێراقی فیدراڵــەوە وەك هەموو ناوچەكانی تری عێراق بودجەیان بــۆ تەرخانكراوە بەڵام بۆ نموونــە ناوچەی شــنگار لەچوارچێوەی پارێــزگای نەینەوادا بودجەی بۆ تەرخانكراوە بەڵام پارێزگای نەینەوا پرۆژەكانی ئەم ناوچانە تەمویــل ناكات، لەبەر هــۆكاری ناكۆكی سیاسی و سیاســەتی پەراوێزخستن. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ٢٠١١ بە چوار شێواز پرۆژە بۆ ئەم ناوچانە دابینكراوە لە بەشــە بودجەی هەرێمی كوردستان، یەكەم لەناو پرۆژەكانی وەزارەتەكانی حكومەتــی هەرێم بەپێی توانا پرۆژەیان بــۆ جێبەجێكراوە، دووەم لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان و سێیەم لە بڕی پارەی تــەواوكاری پەرەپێدانی پارێزگاكان پرۆژەیان بۆ تەرخانكراوە، چوارەم بڕی ٧٠ ملیار دینار لەلایــەن پەرلەمانی كوردســتانەوە بڕیاری لەسەردرا كە بەپێی ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچانــە پرۆژەیان بۆ تەرخــان بكرێت. بەڵام پێداویستی ئەو ناوچانە زۆر لەوە زیاترە، ساڵی ٢٠١٢ هەوڵ دەدەین بەپێی توانا بەهەمان شێوە بەردەوام دەبین.

*** ئایا پێت وایە لە پەرلەمانی كوردســتان دوور لە حزبایەتی و ململانێ سیاســیەكانی نێوان پارتە سیاسیەكان بەتایبەتی لەنێوان پارتە فەرمانڕەواكان و ئۆپۆزســیۆن گفتوگۆیەكی زانســتی و ڕێكوپێك بۆ ڕێكخستنی بودجەو چارەسەركردنی كەموكوڕییەكانی بەڕێوەدەچێت واتــا ڕەخنــەو بۆچوونــەكان دوور بێــت لە موزایەدەی سیاسی و حزبایەتییەوە؟**

- پەرلەمانــە ســەركەوتووەكانی جیهــان لەڕێگای كەڵەكردنی ئەزموون و زانیارییەوە پێشــدەكەون، پەرلەمانی ئێمەش ساڵ بە ساڵ ئەزموونی زیاتر كەڵەكە دەكات و ئەدای باشتر دەبێــت. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگــە بەرژەوەندی گشتی بخرێتە پێش هەموو بەرژەوەندییەكانی ترەوە، ئەوجا ئەگەر بەرژەوەندی گشتی ڕێگەیدا هیچ كێشەیەك نییە ئەگەر ململانێی حیزبی بەشێوەیەكی زانستیانە بكرێت. گفتوگۆكانی پەرلەمان ڕەنگدانەوەی ئــەو كۆمەڵە توانا و شارەزاییە جیاوازەن كە لە پەرلەمان كۆبۆتەوە. هەروەها دوو ساڵە

## پلانی پەرەپێدانی ستراتیژی بۆ ساڵانی (٢٠١٢ – ٢٠١٦) ئامادەكراوە تا گفتوگۆی لەسەر بكرێت

## لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان کار بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان خواستی خەڵک و وەزارەتەکان دەکرێت

بارودۆخێکی تایبەت لە پەرلەمان دروست بووە بەهۆی هەبوونی ئۆپۆزسیۆنەوە، کە ئەمەش ئاساییە و گفتوگۆکان زیاتر دەکات. لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر بودجە وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی و ئابوری وەک یەک تیم لەگەڵ پەرلەمان کاردەکەن و وەڵامی هەموو پرسەکان دەدەنەوە.

*** ئایا پلانی ئابووری کە ماوەیەکە وەزارەتی پلاندانان سەرقاڵێتی بەکوێ گەیشت؟**

- ئێمە کاروبارەکانمان لەچوارچێوەی چەند پلانێکدا ڕێکخستووە، کە هەندێکیان نێودەوڵەتین وەک چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عێراق (UNDAF) و ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە (MDG goals) کە هەرێمی کوردستان پەسەندی کردووە و پێوەی پابەندە، هەندێکی تر عێراقین و هەرێمی کوردستان پەسەندی کردووە، وەک ستراتیژی کەمکردنەوەی هەژاری کە هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی زیاتری بەدەستهێناوە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق. جگە لەمانە وەزارەتەکان پلانی خۆیان هەیە وەک وەزارەتی کارەبا کە پلانێکی سێ ساڵەیان هەیە و وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی دە ساڵەیان هەیە و وەزارەتی ئاوەدانکراوە و نیشتەجێکردن پلانی ڕێگاوبانەکانیان هەیە کە پێنج ساڵەیە، ئێمەش هاوکاری و هەماهەنگی پێویستیان لەگەڵ دەکەین.

ئێمە پلانی پەرەپێدانی ستراتیژی بۆ ساڵانی (٢٠١٢ – ٢٠١٦)مان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١ تەواوکردوە و پێشکەشی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم و هاوکارە نێودەوڵەتییەکانمان کردوە، بۆ ئەوەی بە را و سەرنجەکانیان دەوڵەمەنتری بکەن. پاش ئەمە چاکسازی پێویستی تێدا دەکرێت و پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت بۆ پەسەندکردن و پاشان پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت. جێگەی ئاماژەیە کە ئەم پلانە نابێتە بەدیلی ئەو پلانانەی کە هەن، بەڵام هەوڵ دەدەین ببێتە چوارچێوەیەک بۆ هەموو پلانەکانی تر و ساڵانە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

*** پرۆسەی سەرژمێری چی بەسەر هاتووە ئایا بۆچی ئەم پرۆسەیە دوادەخرێت، سەبارەت بە پرۆسەی سەرژمێری کوردستانیش بۆچی ئەنجام نادرێت؟**

- پرۆسەی سەرژمێری کراوەتە بابەتێکی سیاسی لەکاتێکدا کە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی تەکنیکییەو پێویستە سیاسەتمەداران تەنیا بڕیاری جێبەجێکردنی بدەن، بەڵام هەلومەرجی عێراق بۆتە هۆی دواخستنی ئەم پرۆسەیە. ئێمە هەمیشە پێداگیریمان لە جێبەجێکردنی کردووە، چونکە خزمەت بە پرۆسەی پلاندانان و پەرەپێدان دەکات، بەڵام هەندێک لایەنی عێراقی خوێندنەوەی نادروست بۆ ئەم پرۆسەیە دەکەن و بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەنجامدانیدا. ئێستا دیار نییە کەی ئەم پرۆسەیە لە عێراق جێبەجێ دەکرێت، بەڵام ئێمە هەمیشە دوپاتی دەکەینەوە کە بەڕێوەبردنی وڵات و ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان پێویستی بە ئامار و داتا هەیە و ئەمانەش پێویستیان بە سەرژمێری گشتی هەیە. سەبارەت بە ئەنجامدانی سەرژمێری لە کوردستان ڕێگری یاسایی هەیە، چونکە بەپێی یاسای ژمارە (٤٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی عێراقی سەبارەت بە سەرژمێری گشتی دانیشتووان،

## لەدابەشکردنی پرۆژەکان میکانیزمی لەبەرچاوگرتنی پرۆژە ستراتیژیەکان و گرنگیدانی زیاتر بە ناوچە سنووری و زیان لێکەوتووەکان دەگیرێت

هەروەها بەپێی دەستوری عێراقی بڕیاردان لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری یەکێکە لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵ، ئێمە هەمیشە پابەندبووین بە دەستورەوە و دەمانەوێت سەرژمێری لە سەرانسەری عێراق ئەنجام بدرێت، چونکە وێنەکە تەواو نابێت ئەگەر سەرژمێری تەنیا لە کوردستان ئەنجام بدرێت.

*** پێوەندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چی ئاژانس و ڕێکخراوێکدا هەیە پێت وایە توانیبێتمان سوود لەو ڕێکخراوانە وەربگرین؟**

- بەپێی یاسای وەزارەتی پلاندانان، یاسای ژمارەی ٧ی ساڵی ٢٠٠٦، یەکێک لە ئەرکەکانی وەزارەتی پلاندانان هاوکاری و هەماهەنگی کردنە لەگەڵ ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان لەبواری پەرەپێداندا. ئێمە هاوکاری و هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ هەموو ئاژانسە نێودەوڵەتییەکاندا وەک (USAID)، بانکی جیهانی و (KOICA) و (JICA) هەروەها لەگەڵ ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاریمان لەبواری


## بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی وڵات پێویستی بەئامارو داتا هەیە ئەمەش بێ سەرژمێریی گشتی بەدەست نایەت

گرنگدا هەیە. چەندین پرۆژەی گرنگمان بەهاوبەشی ئەنجامداوە و کۆبوونەوەی وەرزی لایەنە کۆمەکبەخشەکان ئەنجام دەدەین کە هەموو ئەم ئاژانسانە بەشداری تێدا دەکەن و بانگهێشتی کونسوڵی وڵاتان دەکەین، بەپێی بابەت بانگهێشتی وەزیری پەیوەندیداریش دەکەین. مەبەستی سەرەکیی ئەم کۆبوونەوە وەرزیانە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕایە و دروستکردنی هەماهەنگی زیاترە لەنێوان ئێمە و هاوکارە نێودەوڵەتییەکانماندا، تا ئێستا ٨ کۆبوونەوەمان ئەنجامداوە لە ٢ ساڵی رابردودا.

لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دەستمانکردوە بە پرۆژەیەکی تایبەت بە ناونیشانی (Cost-sharing) کە تەمویلکردنی هاوبەشە لەنێوان ئێمە و هاوکارە نێودەوڵەتییەکان، هەندێک پرۆژەمان جێبەجێ کردوە و هەندێکیش لە ساڵی داهاتوودا جێبەجێ دەکرێن، کە بەهاوبەشی تەمویل دەکرێن لەنێوان ئێمە و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەش ئەزموونێکی تازەیە و سوودی زۆری دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان لەچەند روویەکەوە: یەکەم دڵنیایی دەکەین لە باش بەڕێوەچوونی پرۆژەکان، دووەم گواستنەوەی شارەزایی و فێربوونە لەو ئاژانسانەوە کە ئەزموونی کەڵەکەبووی چەندین ساڵەیان هەیە. بە دانپیانانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی تر، وەزارەتی پلاندانان سەرکەوتووانە بواری هاوکاری نێودەوڵەتی بەڕێوەدەبات، ئەمەش هاندەرێکی ترە بۆ ئێمە بۆ ئەوەی کاری زیاتر بکەین بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان.

*** تاچەند توانیومانە لەرووی پەرەپێدانی مرۆییەوە پەرە بە سەرمایەی مەعریفی بدرێت، بەتایبەتی کە ئێوە خاوەنی بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتین بەو ناوەوە؟**

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی لە وەزارەتی پلاندانان چەندین کاری گرنگی کردوە لەبواری پەرەپێدانی توانای فەرمانبەرانی حکومەتدا. ئەمساڵ ڕێبەرێکمان دەرکرد بۆ راهێنانی فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکان. هەموو فەرمانبەرێکی تازە دامەزراو رەوانەی لای ئێمە دەکرێت بۆ




راهێنان. هاوکات چەندین خولی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی تواناکان بۆ هەموو ئاستەکان دەکەینەوە و ساڵانە چەندین فەرمانبەر لەناوەوەی هەرێم راهێنانی تایبەتمەند وەردەگرن. هاوکات هاوکارە نێودەوڵەتییەکان راهێنانی تایبەتمەند لەناوەوە و دەرەوەی هەرێم پێشکەش دەکەن بە فەرمانبەرانی حکومەت، ساڵانە کۆیکای کۆری و جایکای ژاپۆنی چەندین خولی راهێنانی گرنگ دەکەنەوە بۆ فەرمانبەران کە زۆربەیان لە دەرەوەی وڵاتن و لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بەڕێوەدەبرێن. سەرەڕای ئەمەش لە دوو ساڵی رابردوودا چەندین فەرمانبەر سوودمەندبوون لە پرۆژەی تواناسازییە، کە پاش چەند ساڵێک کاریگەریی ئەمە دەبینین.


جگە لەمانەش لەبواری دڵنیایی جۆری (Quality Assurance)دا قوتابخانەی نیشتیمانی بەریتانی بۆ حکومەت (National School of Governmen t British) لەڕێگای وەزارەتمانەوە هاوکاری

## بناغە دانراوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فەرمانبەران و باشترکردنی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بەهاووڵاتیان

وەزارەت و فەرمانگەو پارێزگاکان دەکات بۆ دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و پێشکەشکردنی راهێنان بە کارمەندەکانیان، دوای دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکان، ئێستا ئەم رێکخراوە راهێنان لەسەرکار بە کارمەندەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە دەکات بۆ دڵنیاییکردن لەئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێن.

دەتوانین بڵێین کە بواری ڕاهێنانی فەرمانبەران بە بەراورد بە چەند ساڵێک پێش ئێستا نەک تەنیا رێکخستنی زیاتری بۆ کراوە لەڕووی دامەزراوەییەوە، بەڵکو لەڕووی کوالیتییەوە زۆر باشتر بووە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە پرۆسەکە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بە پەرەپێدانی بەردەوام هەیە، ئێستا بناغەی کارەکان دانراون و لە ساڵانی داهاتوودا بەشێوەیەکی رێکخراوتر راهێنان بە هەموو فەرمانبەران دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی فەرمانبەران و باشترکردنی خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان بە هاووڵاتیان.

# هەتا کەی عێراق بەبێ سەرژمێریی دانیشتووانەوە دەمێنێتەوە؟



د: خەلیل ئیسماعیل محەمەد

لەهەر زەمان و شوێنێکدا سەرژمێری گشتی دانیشتووان، بەردی بناغەیە بۆ هەر پرۆسەیەکی کە پێوەندی بە پەرەپێدانی نەتەوەییەوە هەبێت. لەبەرئەوەی لەسەر ئاستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی نەخشەڕێگەی بونیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی لەسەر دادەڕێژرێتەوە. ئەوەش بەپێی ئەو بەرپرسیارێتیەی دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیاندا، بەو شێوەیەی لەگەڵ ڕێژەو قەبارەی دانیشتووان و چەشن و ئاستی پێداویستییەکانیان بگونجێت..

لای کەس ناشاردرێتەوە کە بەهۆی ئەم شێوازی سەرژمێرییانەوە، دیمەنی گشتی و کامڵ و وردەکارییەکانی هەموو گۆڕانکارییە دیمۆگرافیەکانی کۆمەڵگە دەخرێتە پێش چاوان، بە تایبەتیش دابەشبوونی جیۆگرافی و قەبارەی دانیشتووان و چەشن و خەسڵەتەکانی ژیانیان لەتەمەن و جۆرو قەبارەی هێزی کارو دابەشبوونی ئابووری و دابەشبوونی دانیشتووان بە پێی ژینگەو تەندروستی و خوێندن...ئەو جۆری زانیارییانەش بۆ خۆیان دەبنە دەفرێك و دەوڵەت بەرنامەو پلانەکانی پەرەپێدانی تیا دادەنێت، چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و کەرتە تایبەتەکان..

بەبێ بوونی ئەو دەفرەش تایبەتمەندانی بوارەکانی پلاندانان و دامودەزگاکانی تری پێوەندیدار پێیانەوە ناچار دەبن ڕوو لە شێوازی گریمانەیی و ئەگەرەکان بکەن، ئەو شێوازانەش لە بایەخ و گرنگێتی پرۆسەکان کەم دەکەنەوەو ڕەنگە ببێتە هۆی سەرنەکەوتنیشیان.

وێڕای هەموو بارودۆخە ناسەقامگیرەکانی ناو عیراق کە لە سەدەی پێشوودا هەبوون هەموو کات عیراقیش وەك زۆربەی وڵاتانی جیهان مکوڕو سوور بووە لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە لە ئان و وادەی خۆیدا، واتە عیراق لە جێبەجێ کردنی هیچ سەرژمێرییەك دوانەدەکەوت هەر لە یەکەمین سەرژمێرییەوە لە ساڵی ١٩٢٧ تا دوایەمین سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧.

لە ساڵی ١٩٢٦یەکەمین فەرمانگەی نفووس لە عیراق دامەزرێنراو بەخێرایی شەرعیەتی خۆی وەرگرت بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتووان و کەوتە کار، هەر لە ساڵی ١٩٢٧وەو هەر دەساڵ جارێك بە ڕێك و پێکی تا ساڵی ١٩٩٧ سەرژمێری گشتی ئەنجام دەدرا، گەرچی سەرکەوتنی ئەو سەرژمێرییانە بەهۆی بارودۆخی ناسەقامگیری عیراقەوە کە بە دژواری بارودۆخدا تێدەپەڕی زۆر مسۆگەر نەبوون و لە لایەکی تریشەوە ئەزموون و شارەزایی لەم بوارەوە نەبوو، بەڵام سەرژمێرییەکان بۆ خۆیان ڕەنگدانەوەی بایەخی ئەو پرۆسە گرنگە بوون تەنانەت لەو بارودۆخە دژوارانەشدا هەر پێویست بوون.

دەتوانرێت بووترێت کە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٤٧یەکەمین هەوڵی سەرکەوتوو بوو لەو بوارەوە کە عیراق هەر دە ساڵ جارێك بەردەوام بوو لەسەرئەنجام دانی تا ساڵی ١٩٩٧.

واش چاوەڕوان دەکرا کە ساڵی ٢٠٠٧ سەرژمێری ئەنجام بدرابووایە، بەڵام بۆ وادەیەکی دیارینەکراو دواخرا!!

گەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتەوە لە ١٩٢١وە مێژووی عیراقی هاوچەرخ بخوێنینەوە دەبینین تژییە بە جەنگ و گوشتاری بەردەوام و ناسەقامگیری چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یان هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی..بەڵام هیچ کاتێك لەسەرژمێری گشتی دانیشتووان لە وادەکانی خۆی دوا نەکەوتووە، چونکە پێویستییەکی هەنووکەیی هەبووە بۆ بونیادنان و ئاوەدانکردنەوە وەك چۆن لە جەنگ و کوشتاریشدا هەر پێویستە..

لە ماوەی ساڵانی شەستەکاندا عیراق تاڵاوی جەنگی لەنێوان هێزەکانی بزافی ڕزگاریخوازی کوردو سوپای عیراقیدا چێشت، کە تا مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ درێژەی کێشا، لە ساڵانی حەفتاکانیشدا لە دوای شکێنرانی ڕێکەوتننامەی ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٤ هەمدیسان جەنگی ناوخۆی عیراق بەردەوام بوو تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١هاوکات جەنگێکی درێژخایەن لە نێوان عیراق و ئێران بەرپا بوو لە ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨و پریشکی ئاگرەکەی هەموو پارێزگاکانی عیراقی تەنییەوە، بەڵام هەرحکومەتی ئەوسای عیراق سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا، کە دوایەمینیان سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٩٧ بوو، سەرەڕای ئەو بارودۆخە شوومەی گەمارۆی ئابووری کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٩٠وە بەسەر عیراقدا سەپاندبووی و هەموو دامودەزگاکانی میری و سەربازیشی لە بەشێکی گەورەی کوردستانی عیراق کشاندبووەوە.

بە دڵنیاییەوە گرنگێتی و پێویست بوونی سەرژمێرییەکان لە پشتەوەی ئەو پابەندبوونە یاساییەوە بوون کە لە وادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت و سوود لە ئاکامەکانی وەربگیرێت بۆ خزمەتی هەردوو لایەنی هاووڵاتیان و دامودەزگاکانی دەوڵەت، بە ئامانجی زامن بوونی دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە لایەك و هەروەها پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری وڵات لە لایەکی ترەوە..

بەهۆیەوە مافی هەر هاووڵاتییەك بوو لە عیراقدا بپرسیایە: بۆچی ئەم پشتگوێخستن و دواخستنەی سەرژمێری دانیشتووان کە وا بڕیار بوو لە ٢٠٠٧ ئەنجام بدرابوایە، ئاخۆ ئەو هەموو گۆڕانکارییە دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و شارستانیەی وڵاتەکە بە خۆیەوە بینیویەتی بەس نین بۆ ئەوەی بە خێرایی و لە وادەی خۆی زیاتر دوانەخرێت؟! چۆن هاووڵاتی عیراقی بە هەنجەتی ناسەقامگیری وڵات قەناعەت پێ دەهێنرێن تا زیاتر سەرژمێری دوا بخرێت؟!


ئەی چی لە بەرانبەر بەند و بڕگە دەستوورییەکانی عیراق دەوترێت کە لە ساڵی ٢٠٠٥ وەکە لە چەند شوێنێکیدا جەختی کردۆتەوە لە بایەخی گرنگی سەرژمێریی دانیشتووان بە تایبەتیش لە ماددەی ١٤٠ تا چارەسەرێکی دادپەروەرانەی و کۆتایی بۆ ناوچەکانی کە کێشەیان لەسەرن بکرێن، کە دواتر ئاسایش و سەقامگیری وڵاتەکەی پێ مسۆگەر دەکرێت؟!

تا کەی ئەم بڕیاری دواخستنەوەیە درێژەی دەبێت؟! تا کەی دامو دەزگاکانی عیراق و لیژنەکانی پلاندانان و کارگێڕی و مەزەندەکردن و تەخمیناتی دانیشتووان پلان و بەرنامەی پێوەندیدار بۆ پرۆژەکانی پەرەپێدانی نەتەوەیی دادەڕێژنەوە؟!

خودایە من ئەمەم ڕاگەیاندو شایەتحاڵ بن..

**عیراق لە جێبەجێ کردنی هیچ سەرژمێرییەك دوانەدەکەوت هەر لە یەکەمین سەرژمێرییەوە لە ساڵی ١٩٢٧ تا دوایەمین سەرژمێری ساڵی ١٩٩٧**

# ئەدای ئابووری عێراق دەکەوێتە بەردەم ئەگەرە خراپەکان



دکتۆر نەرمین مەعروف*

**دبوونمان لە عێراقێکی ناسەقامگیر ئەوە دەخوازێت هەلەکان لەدەست نەدەین و خێرایی لەبەرنامە چاکسازییەکان بکرێت**

لە ئاکامی تێکچوونی ئەو تەبایی یە سیاسییەی کە لەنێوان کوتلە سیاسییەکان لەپەرلەمان و حکومەتی عێراق هەیە، هەر زوو شوێنەوارەکانی بەسەر بارودۆخی ئاسایش و ئاڵۆزبوونی پرسە سیاسیەکان رەنگی دایەوە، کە راستەوخۆش رەنگدانەوەی خراپی لەسەر بارودۆخی ئابووری وڵات دەبێت، ئەوەی من لێرەدا زیاتر دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم شوێنەوارە مەترسیەکانی ئاڵۆزبوونی دۆسێی سیاسی و ئاسایشە بەسەر بارودۆخی ئابووری و ئەو ئەگەرانەی کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت. چونکە هەروەك چۆن چاودێرانی سیاسی و توێژەرەوەکان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کشانەوەی هێزە ئەمەریکیەکان مەترسی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە هەرواش بیزنسکاران و وەبەرهێنەران و بازرگانان دەیانڕوانیە ئەگەرە تاڵەکانی خراپبوونی بارودۆخەکە و راوەستانی زۆر لە پرۆژەو کاروچالاکی ئابوورییانە بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە وەبەرهێنەرە بیانیەکان و کۆمپانیا بیانیەکانەوە هەیە. ئەم بارودۆخە نیشانەیەکی باش نی یە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت وەبەرهێنان لە داهاتوودا لەعێراق بکەن، بەوەی مەترسی کۆمپانیاکان لەکارکردن لە عێراق زیادیکردووە تەنانەت لای ئەو کۆمپانیانەشی کە ئێستا کارو پرۆژەیان هەیە چونکە بەردەوامبوونیان واتا زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بەبەرژەوەندییەکانیان .

کەوتنەوەی تەنگژەکانی ئەم دواییەی عێراق بەو ئاراستەیە دەڕوات کە ململانێیەکانی کوتلە سیاسیەکان لەناو پەرلەمانی عێراق دژوارترو ئاڵۆزتر دەبێت، بەمەش کاریگەری خراپی لەسەر دواکەوتنی بودجە دەبێت، چونکە لەدۆخێکی ململانێ دا دوور لە لۆژیك و بنەما زانستیەکان بڕیار لەسەر بەندەکانی ناو بودجەو بڕگەکانی دەدرێت، واتا زیاتر کاریگەری سۆزو هەڵوێستی سیاسی و حزبی زاڵ دەبێت لەسەر ئاراستەکردن و بڕیاردانی بودجەکە هەربۆیە لەم دۆخەداو لەکۆتایی ساڵدا ئەدای ئابووری عێراقی دەکەوێتە بەردەم پرسیارو ئەگەرە خراپەکان و بۆ هیچ حکومەتێکیش باش نی یە سالی نوێ بەو ئاڵۆزی و خراپبوونی باری ئابووری و ئاسایش و سیاسیەوە دەست پێ بکات، بەرادەیەك عێراق دەخاتە بەردەم هەموو ئەگەرە خراپەکان، ئەمە لەکاتێکدا کە خۆی ئابووری عێراق و توانای حکومەت کەوتۆتە بەردەم کۆمەڵێك کێشەو گرفتی ئابووری کە بەراستی پێی دەوترێت قەیران و دژوارییەکی ئاڵۆز .

بەو پێیەی کوردیش بەشێکی گرنگە لەعێراق و پەرلەمانی عێراق و گرفت و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێرو بەغدا کەم نین بەتایبەتی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ باوەشی نیشتمان و دەیان کێشەی تری جۆراوجۆر، هاوکات زۆر لە سیاسەتە ئابوورییەکانمان بەستراوەتەوە بەبەغداوە کە گرنگترینیان مەسەلەی بودجەو بەشە داهات و بەهای دیناری عێراقی و چەندین مەلەف و بەشی تر، هەربۆیە گەر پەیوەندییەکان لە نێوان کوتلە سیاسیەکان تێکبچێت و کوتلەی کوردستانیش لەبەغدا دوور نابێت لەو ئاڵۆزییەوەو پەیوەندییە ئابوورییەکانیشمان کاریگەری خراپی بەردەکەوێت بەتایبەت لەمەسەلەی بودجەدا . بەمشێوەیە ئەوناجێگیرییەو تەنگژە سیاسییە کە رەنگە گۆڕانکاری خراپ بەدوای خۆیدا بهێنێت لەناوەندەکانی بڕیارو جومگەکانی دەسەڵات لەبەغدا کە پەیوەندییان بەبارودۆخە ئابوورییەکە هەیە بەتایبەتی گۆڕانکاری لە وەزارەتەکانی وەکو بازرگانی و دارایی یا بانکی ناوەندی کە بەهەر ئاقارێکدا بشکێتەوە بەتەئکید کاریگەری لەسەر دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستانیش دەبێت. هەر گۆڕانکارییەك لەبواری دارایی و بانکی لە عێراقدا ڕوربدات هەرێمی کوردستانیش پێوەی پەیوەست دەبێت، چونکە ئەو دوو بوارەیە کۆنترۆڵی سیاسەتی دارایی و نەختینەیی لە هەموو عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە دەکەن. ئەو پرسیارەی کە پێویستە وەڵام بدرێتەوە ئەوەیە: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی کوردستان بۆ ئەگەرەکانی هەر پێشهاتێکی خراپ و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئابووری هەرێمەکە خۆیان ئامادە کردووە؟ بەتایبەت ئەگەرە هەرە خراپەکان. چونکە زۆرجار بوونی بەرنامەو پلانی ئابووری یا بوونی یەدەگی دراو و خۆ ئامادەکردن کارێکی باش و پێویستیەکی بەردەوامە، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستیەش بوترێت کە ئەوە بانکی ناوەندییە سیاسەتی دراو دادەڕێژێت و هەرێمی کوردستان بەپێی بنەماکانی دەستوور مافی دەرکردن و چاپکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی دراوی نییە، بۆ نموونە کاتێك بەهای دیناری عێراقی لەسەرجەم بازاڕەکانی کوردستان بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی نزم بۆوە کە لە هەفتەی ڕابردوودا لەهەرێمی کوردستان ڕوویدا، حکومەت نەیتوانی کۆنترۆڵی ئەو بارودۆخە بکات چونکە کۆنترۆڵکردن و دەستێوەردانی بانکی هەرێم بۆ ناو کاروباری بانکی ناوەندی پێویستە لەڕێگای یاساو ڕێنماییەوە بێت کەحاڵی حازرو بەپێی دەستوور لە عێراقدا بوونیان نییەو تەنیا بەنکی ناوەندی بەغدایە ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە. لەم دۆخەدا بەردەوام بوونی وتووێژەکان و بەردەوامێتی گفتوگۆ تاکە زامنە بۆ خۆ دوورخستنەوە لەئەگەری کەوتنەوەی تەنگژە سیاسی و ئابوورییەکانیش، هاوکات چارەسەرکردنی گرفت و کێشە ئابوورییەکانمان لە ڕێگای چاکسازییەکی سەرتاسەرییەوە زامنی بوونی حکومەتێکی سەرکەوتوو بەهێزە کە شوێنەوارەکانی ئەو تەنگژانەی بەغدا لەسەر هەرێم کەم بکاتەوە .

لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی وادا ئەرکێکی تریان دەکەوێتە سەر شان ئەویش پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هاووڵاتیانی کوردە لە ناوچە دابڕێنراوەکان یا ئەو ناوچانەی بەماددەی ١٤٠ دانراون، چونکە دەرچوونی باری ئاسایش لەو ناوچانە دەبێتە هۆی دووبارە کۆچ پێکردنی کوردەکان و دەرکەوتنی تەنگژەی ئابووری و کۆچ و لەدەستدانی ئەو ناوچانە، بەتایبەتی کە بارودۆخی ئابوورییان باش نییەو خراپبوونی بارودۆخە ئەمنیەکەشی دەکەوێتە سەر.

تەنگژەکەی ئەمدواییەی بەغداو ئەگەرەکانی ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکە با ببێتە بیرهێنانەوەیەکیش بۆ هەرێمی کوردستان کە بوونمان لە عێراقێکی ناسەقامگیرو ناجێگیر ئەوە دەخوازێت هەلەکان لەدەست نەدەین و پێش ئەوەی دووچاری دۆخێکی ئاڵۆزی وەکو بەغدا بین و بەهەمان چارەنووسدا تێپەڕ بین پێویستە خێرایی لەبەرنامە چاکسازییەکان بکرێت و بەردەوامی پێ بدرێت، گەربێتوو هەڵەیەك لە شوێنێکدا یا بوارێکدا ڕوویدا بێت هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت، چاکسازی خۆی لە خۆیدا نوێبوونەوەیەکەو لەهەمان کاتیشدا راستی و نییەت پاکی دەسەڵات دەردەخات بەرامبەر بەو کۆمەڵگایەی کە دەنگی پێداوەو هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی بکات.

*** شارەزا لەبواری پەرەپێدانی ئابووری و راگری کۆلێژی بازرگانی**

## ١٥هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی کە موڵکی کوردە نەگەڕێنراونەتەوە

# حکومەتی عێراق هێندەی بایەخ بە حەویجە دەدات بایەخ بە داقوق نادات

داقوق کەوتۆتە ناوچەیەکی کشتوکاڵییەوەو چەندین شوێنەواری سەردەمی خەلافەتی ئیسلامی و عەباسی تێدایە، یەکێك لە شوێنەراەکانی منارەکەیەتی. داقوق لە ساڵی ١٩٨٨ بۆتە قەزاو ناحیەکانی (تازەو ڕەشادو ١١٢ گوند) لەخۆ دەگرێت، کە لەبوارەکانی خزمەتگوزاری کەموکورتی زۆری هەیەو تەنانەت هەموو گوندەکانیشی ئاوەدان نەکراونەتەوە، ژمارەی دانیشتووانەکەشی نزیکەی ٦٢ هەزار کەسەو دابەشبوون بەسەر ڕێژەی ٢٨هەزار کوردو ١٩هەزار عەرەب و ١٥ هەزار تورکماندا، بەڵام بەهۆی دووبارە هاتنەوەی عەرەب و کۆچکردنی گوندنشینە کوردەکان لەسنووری داقوقەوە ئەگەری کەمبوونەوەی ڕێژەی کوردو بەپێچەوانەوە زیادبوونی ڕێژەی عەرەب دەکرێت، ئەمەش دووبارە بوونەوەی سیناریۆکانی ( تەعریب و تەرحیل و تەهجیر)ە، کە لەساڵی ١٩٦٢ەوە دەرهەق بەکوردی داقوق کراوەو تا ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بووە، لەو پرۆسە یەدا ڕژێمی بەعس عەرەبی خەڵکانی(بەدوو) یان کە خەڵکی عێراقیش نین هێناونیەتە شوێنی کورد.

ئەم قەزایە لەڕووی خومەتگوزارییەوە پشتگوێ خراوەو بەهیچ شێوەیەك گرنگی بە ناوچەکە نەدراوە، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە گەرچی ناوچەکە لەدەرەوەی سنووری ئیدارەی هەرێم مایەوە، بەڵام تارادەیەك حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەو کارێکی خزمەتگوزاری تێدا ئەنجام داوە، ئەمەش لەئاست ئەو وێرانەیی و فەرامۆشکردنەدا نەبووە، کە دەرهەق بەدانیشتووان و ناوچەکە کراوە.

تیمی گۆڤاری (گوڵان) سەردانی قەزای داقوقی کردو لە نزیکەوە چەند هاووڵاتییەکی دواندو، دواتر ڕەخنەو گلەییەکانی هاووڵاتیانی ئاڕاستەی هەر یەك لە (ئەحمەد عەلی) قایمقامی قەزای داقوق و (دکتۆر ئەمیرخدا کەرەم) سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق کرد، کە پوختەی وەڵامەکان لەم ڕاپۆرتەدا بڵاودەکەینەوە.



### کێشەکانی زەوی و زارو موڵکداریی وەکو خۆی بە هەڵواسراویی ماوەتەوە

سەبارەت بەوەی کە ڕاگواستن و تەعریب لەم ناوچەیەدا لە چ ئاستێك دابوو، یان ئەو گوندە کوردانەی خاپوور کرابوون و ئێستا ئاوەدانکراونەتەوە ئەحمەد عەلی حەسەن قایمقامی قەزای داقوق لە بارەیانەوە وتی: هەموو گوندە کوردەکانی سنووری قەزاکەمان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کاولکرابوون و خەڵکەکەی بۆ شارو شوێنی تر ڕاگوازرابوونەوە، ئێستا هەموو ئەو گوندانە لە لایەن خەڵکەکەوە ئاوەدانکراوەتەوەو بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایی خانوویان بە قوڕو خشت دروستکردووە، چونکە لە لایەنی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان هاوکاری نەکراون، هەروەها ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقیش لە ناوچەکەمان تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە دەبێت ئەوەش بزانین ئەو ماددەیە تەنیا بۆ کورد نییە، بەڵکو بۆ هەموو پێکهاتەکانی عێراقەو هەموو لایەکیش کوردو عەرەب و تورکمان سوودی لێ

### داواکارم لە حکومەتی ناوەندو هەرێمی کوردستان گرنگی بە منارەکە بدەن و بیپارێزن

وەردەگرن و چەند کەسانێك لە پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە ١٠ ملیۆنەکەیان وەرگرتووە لە پاشان گەڕاونەتەوە شاری کەرکوك و ئەو شوێنانەی کەپێشتر تێیدا نیشتەجێبوون، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەوانەی لە ماددەی ١٤٠ کار دەکەن زۆر کەمتەرخەمن لە جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییەدا، چونکە بە جدی و بە پراکتیکی هەنگاوی بۆ نەنراوەو تا ئێستا هەموو کێشەکانی وەکو زەوی و زارو موڵکداری وەکو خۆی بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

ئەو گوندە کوردانەو هەندێ شوێنی تریش لە سنووری قەزای داقوق کە سیاسەتی ڕاگواستنیان بەرامبەر کراوە زەوی و زارەکانیشیان کێشەی لەسەر دروست بووە، بەڵام دەبێت ئێمە ئەوە بزانین هەموو پێکهاتە ڕەسەنەکانی ناوچەکەمان بە کورد و عەرەب و تورکمان وەکو براو پێکەوە ژیاون، بەڵام ئەوەی دەرهەق بەسنوورەکە کراوە لەلایەن

### لە ڕووی بودجەوە ڕاستە بەپێی ژمارەی دانیشتووان بودجە تەرخان دەکرێت بەڵام لەچاو هەندێك قەزاو ناحیەی عەرەبەکان زۆر کەمتر بۆ ئێمە دادەنرێت

ڕژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکانی عێراقەوە بووە، نەك لە لایەن نەتەوەی عەرەبەوە، داقوق لەڕووی برایەتی و پێکەوەژیان و سەقامگیری ئەمنییەوە لە هەموو ناوچە دابڕێنراوەکانی تر باشترە، لە لایەکی ترەوە بۆ گەڕانەوەی زەوی و زارو موڵك بۆ خاوەنە ڕەسەنەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداری نووسینگەی دەستەی داواکاری موڵکداری لە قەزای داقوق کراوەتەوەو داواکاری و کێشەکان لەلایەن خەڵکەکەوە پێشکەش بەو دەستەیە کراوە، تائێستاش هەنگاوو کاری باشی لە بەرژەوەندی خاوەن ماف و خەڵکە ڕەسەنەکە ئەنجامداوە.

#### ١٥هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵی نەگەڕاوەتەوە بۆ کورد

هەر سەبارەت بەو زەویانەی کە پێشتر خرابووە سەر ناوی عەرەبی هاوردەو ئێستاکە خاوەنە ڕەسەنەکەی کە کوردن هاتوونەتەوە سەر زەویەکانیان، گەرچی ئێستاش ئەو زەویانە لەڕووی یاساییەوە هەر لەسەر ناوی عەرەبەکانەو نەگۆڕاوەتەوە سەر ناوی خاوەنە ڕەسەنەکەی کە کوردە دکتۆر ئەمیر خدا کەرەم سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق وتی: کێشەی زەوی و زارو موڵکداری سنووری قەزای داقوق کێشەیەکی گەورەیە، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق زۆری لە ئاوارە ڕەسەنەکانی ئەو ناوچەیە گەڕاونەتەوە سەر زەوییەکانیان، ئەو گەڕاوانەش بە پێی بڕیارێکی دەستووری کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دەرچووە سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی سەرجەم ئەو گرێبەستانەی کە لە سنووری قەزای داقوق هەیە بە پێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری، واتە هەموو ئەو زەویانەی کە لە لایەن ڕژێمی بەعسی لە کوردەکان

### ٤٠ قوتابخانەی کوردی مۆری بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەیان نەکردووە بە زمانی کوردی

وەرگیراونەتەوەو دراوە بە عەرەبی هاوردە ئەو زەویانەش دەبێت بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنی خۆی تا ئێستاش ٧٥٪ی ئەو گرێبەستانە گەڕێنراونەتەوە، گەرچی ئێمە بە بڕیارێك ئەو گرێبەستانەمان هەڵوەشاندۆتەوە لەگەڵ عەرەبەکان و دراوەتەوە بە جوتیارە کوردەکانی ناوچەکە، ماوەی زیاترلە ٤ساڵە کورد بۆ خۆیان مامەڵەو کار لەسەر زەویەکانیان دەکەن، بەڵام تا ئێستاش هەندێ کێشە لەمبارەوە ماوەو ئەو ڕووبەرەی کێشەی لەسەرەو نەگەڕاوەتەوە زیاتر لە ١٥هەزار دۆنم زەوی کشتوکاڵییە.

#### گرووپە تیرۆریستەکان زیاتر مۆڵگەکانیان لە نزیك کەرکوکە

سەبارەت بە بارودۆخی ئەمنی و ژمارەی گرووپە تیرۆریستەکان لە سنوورەکە قایمقامی قەزای داقوق وتی: لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو تەنیا یەك کردەوەی تیرۆریستی لە قەزای داقوق ڕوویداوەو زۆر بەکەمی هەست بە خەڵك و گرووپی تیرۆریستی لەم ناوچەیە دەکرێت و ناڵێین خەڵکی خراپ و

### قوتابخانەی ئامادەی هەمیە تا ئێستاش مامۆستای وانەی بیرکاری و ئینگلیزی نییە

شۆڤێنی هەر نییە، بەڵام زۆر کەمە یا لەبەر ئەوەی خەڵك و پێکهاتەکانی ئەو شارۆچکەو سنوورە مێژوویەکی زۆرە لەگەڵ یەك دەژین و هەر هەموو ڕێز لە دابونەریت و کەلتوری یەکتر دەگرن، لەلایەکی ترەوە لایەن و دەزگا ئەمنییەکانی قەزای دووبز زۆر دڵسۆزو چاوکراوەن بۆ پاراستنی ئاسایشی شارۆچکەو سنوورەکەو پیادەی یاسا بەبێ جیاوازی لە نێوان هەموو خەڵك دەکەن. سەبارەت بەوەی کە باس لەوە دەکرێت کە برایانی کاکەیی ڕووبەڕووی تیرۆر دەبنەوە، ئەم حاڵەتانە لە سنووری قەزای داقوق نییەو زیاتر لە ناو شاری کەرکوك ڕوویداوە، لەبەر ئەوەی شاری کەرکوك جۆرەها کەس و خەڵکی لێ دەژی و گرووپە تیرۆریستەکان زیاتر لەوێ خۆیان حەشارداوەو مۆڵگەکانیان لە نزیك کەرکوکە.

#### عەرەبە هاوردەکان بوونەتە پێگەیەك بۆ شاردنەوەی تیرۆریستان

سەبارەت بە تەعریبی سنوورەکەو



ئەحمەد عەلی حەسون
قایمقامی قەزای داقوق بۆ(گوڵان):

# حکومەتی ناوەندی لە ئاوەدانکردنەوەی گوندە کوردنشینەکان کەمتەرخەم بووە

دروستکردنی چەند کۆمەڵگایەك بۆ عەرەبە هاوردەکان لەسنوورەکەدا سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق پێی وابوو سنووری قەزای داقوق وەکو هەموو سنووری ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان بەر شاڵاوی تەعریب و ڕاگواستن کەوتووە جگە لەمە ١١ کۆمەڵگای تەعریب لەسنوورەکە دانرابوو کە عەرەبی هاوردە هاتبوون و عەرەبی بەدو بوون و بەئەسڵ عێراقیش نین، کە نزیکەی ١٠٠٠ خێزانی عەرەبی هاوردە لەسنووری داقوق هەبوو و لەو ١١ کۆمەڵگایەش پاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس ٥ کۆمەڵگای عەرەب هەر ماونەتەوە کە بریتین لە (سەعد – وەحدە – خالید – عومەر بن خەتاب – بەشێك لەئەبوسەراجی عەسرییە)،: ئەم کۆمەڵگایانەش هۆکاری سەرەکی کەوتنەوەی کێشەو گرفتی ئەمنی ناوچەکەن و پاڵپشتیەکی شۆڤێنی بەهێزی ئەم کۆمەڵگایانە دەکرێن و تەنانەت ئەم عەرەبانە ماددەی ١٤٠ی دەستووریش نایانگرێتەوە، چونکە لەبنەڕەتدا عێراقی نین. جگە لەبوونی ٥ کۆمەڵگای تەعریب لە سنووری داقوق لەدوای رووخانی رژێمی سەدامەوە زیاتر لە ٢٠٠ خێزانی عەرەب هاتوونەتە ناوچەکەمان و تێکچوونی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکەو کەرکوك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم عەرەبانە بوونەتە پێگەیەك بۆ شاردنەوەی تیرۆریستان و نانەوەی کێشە.

### یەك جۆگەی ئاودێری لەم سنوورە دروست نەکراوە

سەبارەت بەو کارو پرۆژانەی بۆ گوندەکانی سنووری قەزای داقوق کراوە و کەموکوڕییەکانی بواری کشتوکاڵی

## ناوچەکە لە قەرزو کەرەستەی کشتوکاڵی بێبەشن

قایمقامی قەزای داقوق وتی: ڕاستە گوندەکان هەر لە لایەن گوندنشینەکانەوە ئاوەدانکراونەتەوە بە تایبەتی گوندەکانی کوردنشینەکان بۆ خۆیان خانوویان بە قوڕوخشت دروستکردووەو لەم لایەنەوە حکومەتی ناوەندی کەمتەرخەمەو پێویست بوو هاوکاریان بکرێت و خانووەکان بە شێوەی سەردەمیانە دروست بکەنەوە، بەڵام لە لایەنی خزمەتگوزارییەکانەوە بۆ هەموو گوندەکان ڕێگای قیرتاو یا ڕێگای چەوڕێژیان بۆ دروستکراوە، هەورەها هیچ گوندێك لە سنوورەکە نییە پرۆژەی ئاوی نەبێت و بیری ئاویخواردنەوەی بۆ لێنەدرابێت، هەرچەندە بۆی هەیە لە هەندێ گوند کێشەی ئاویخواردنەوە سەری هەڵدابێت و ئەوەش بە هۆی وشکەساڵی و باران نەبارینەوەیە، لە هەر گوندێکیش ئەو کێشەیە هاتبێتە پێش بە زووترین کات چارەسەرمان کردووە. لەم سنوورەدا وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی عێراق زۆر کەمتەرخەمەو تا ئێستا تاکە یەك جۆگەی ئاودێری دروست نەکردووەو لە هەموو لایەنەکانی تریش وەکو

## ماوەی ساڵێکە نەخۆشخانەی سەد قەرەوێڵەیی داقوق جێبەجێ نەکراوە

قەرزی کشتوکاڵی پێدانی ئۆتۆمبێل و ئامێر هاوکاری و پشتگیری نەکردوون، هەروەها لە سنوورەکەمان سایلۆمان نییەو ناوچەکەش ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، بۆیە بە پێویستی دەزانین بەپێی داهاتی گەنم و جۆی سنوورەکە سایلۆیەك لەقەزای داقوق دروست بکرێت و بۆ ئەو مەبەستە داوام لە وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی عێراق کردووەو تا ئێستاکە وەڵامیشی نەداوینەتەوە.

### کێشەی تەسویەو کووژانەوەی زەوی هەیە

سەبارەت بەبوارەکانی ماستەرپلانی داقوق و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی تر قایمقامی قەزای داقوق وتی: داقوق تا ئێستا ماستەرپلانی نییە، بەڵام نەخشەیی بنەڕەتیمان هەیەو هەموو ئیشوکارو پرۆژەکانی شارۆچکەکە بە پێی ئەو نەخشە بنەڕەتییە جێبەجێ دەکرێت، گەرچی بۆ فراوانکردنی سنووری شارەوانی ئێستاکە کێشەی تەسوییەو کوژاندنەوەی زەویمان هەیە، هەر لەبەر نەبوون زەوییەشە نەتوانراوە پرۆژەی نەخۆشخانەیەکی سەد قەرەوێڵەی کە ماوەی زیاتر لە ساڵێك دەبێت بۆ قەزای داقوق دەرچووە بچێتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لەلایەکی ترەوە ئەو ڕێگا سەرەکییەی نێوان داقوق و قەزای دوزخورماتوو کە ڕێگایەکی یەك سایدو خراپە و زۆر قەرەباڵغی و هاتوچۆی لەسەرە و ڕۆژانە ڕووداو و کارەساتی هاتوچۆی جەرگبڕی لێ ڕوودەدات، هەر بۆیەش بە ڕێگای مەرگ ناو دەبرێت و چەندین نووسراو هەوڵمان لەگەڵ لایەنی پێوەندار داوە کە ئەم ڕێگا سەرەکییە چاك بکەن کە دەمارێکی زیندوو و سەرەکی هاتوچۆیە لە عێراقدا،



دکتۆر ئەمیر خدا کەرەم
سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق بۆ (گوڵان):

# ئەمساڵ ٣٤ فەرمانبەر دامەزراوەو لەکاتێکدا لەحەویجە ٦٠٠ فەرمانبەر دامەزراوە

گەرچی تا ئێستا بەدەنگ داواکارییەکانمان نەهاتوون و کارو پرۆژەکانی حکومەتی عێراق بە تایبەتی لە بواری ڕێگاوبان و چەند لایەنی تر زۆر بە سستی بەڕێوە دەچێت هەر بۆیەش ڕێگاوبان و شەقامەکانی زۆربەی شاروشارۆچکەکانی عێراق خراپ و بێ سەروبەرن و هۆکاری سەرەکی کارەساتی هاتوچۆن بە بەردەوامی.

### منارەو شوێنەوارەکان فەرامۆشکراون

منارە کە یەکێکە لەو شوێنەوارانەی کە فەرامۆشکراوە کاری بۆ نەکراوە لەمبارەیەوە قایمقامی قەزای داقوق وتی: هیچ کارو پرۆژەیەکمان بۆ شوێنەوارەکانی داقوق ئەنجام نەداوە لە دەسەڵاتی ئێمەشدا نییە کارو پرۆژە بۆ شوێنەوارەکان جێبەجێ بکەین، چونکە بەغدا ڕێمان لێ دەگرێت و خۆشیان ئامادە نین هیچ هەنگاو کارێك ئەنجام بدەن، گەرچی دەتوانرێت هەر وەکو منارەکەی شاری هەولێر ئەم منارەیەش گرنگی پێ بدرێت و کنەو پشکنینی بۆ بکرێت، لێرەدا داواکارم لە حکومەتی ناوەندو هەرێمی کوردستان هەولبدەن ئەو شوێنەوارە مێژووییە گرنگەمان بخەنە بەرنامەو پلانەکانیان و هەولی پاراستنی بدەن، لە کۆتاییدا داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی توانایان لە ئەنجامدانی هەندێ کارو پرۆژەی سەرەکی هەروەکو دروستکردنی باخچەو پارك و گۆڕەپانی وەرزشی و زیاتر گرنگیدان بە خوێندنی کوردی هاوکاریمان بکەن و لەم بوارانەی کەموکوڕیمان هەیە کارو پرۆژەمان بۆ ئەنجام بدەن، هەرچەندە لە ساڵانی ڕابردوش حکومەتی هەرێم بەپێی ئیمکانیات و

**گەرچی ناوچەیەکی کشتوکاڵیمان هەیە بەڵام بێ سایلۆینە**

بودجەکەی هەندێ کارو پرۆژەی لە سنووری قەزای داقوق جێبەجێکردوە. هاوکات زۆر پێویستە حکومەتی بەغدا لەو مەرکەزیەتە کەم بکاتەوەو هەندێك دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایمان بۆ دابەزێنێتە خوارەوە تاوەکو بتوانین کارو خزمەتگوزاریی پێشکەش بە هاووڵاتیان بکەین، چونکە هیچ بودجەیەك و دەسەڵاتێکی دارایمان نییەو ئەو بودجەیەی کە ساڵانە بۆ کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان قەزای داقوق تەرخان دەکرێت کەمەو بە پێی پێویست نییە.


### لە کۆی ٤٠ قوتابخانەی کوردی تەنیا لە ١٥ قوتابخانە ئاڵای کوردستان هەڵکراوە

سەبارەت بەخوێندنی کوردی و بوونی کەموکوڕی سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق وتی: لەماوەی ٨ ساڵدا خوێندنی کوردی لە سنوورەکەدا کراوەتەوە، بەڵام لەم ڕووەوە چەندین کێشەو گرفتمان هەیەو بایەخێکی باش و جیدی بە خوێندنی کوردی نادرێت، من دیکۆمێنتم لایە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەم لە کۆی ٤٠ قوتابخانەی کوردی تەنیا لە ١٥ قوتابخانە پابەندی بڕیاری تایبەت بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بوون، لەمەشدا بەڕێوەبەرە کورد کەمتەرخەم بوون و تەنانەت لەم ٤٠ قوتابخانەیە تا ئێستا مۆری بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەیان نەکردووە بە زمانی کوردی، گەر مامۆستایەك گرنگی بەئاڵای کوردستان و زمانی کوردی نەدا کە دەستووری یاسای عێراقی مۆڵەتی پێداوە ئەی چۆن پرۆگرامی خوێندنی کوردی پێش دەخات. لەلایەکی ترەوە پێویستە لەمەودوا سەرجەم خوێندکارانی خوێندنی کوردی لەناوچەکانی ماددەی ١٤٠ لەزانکۆکانی کوردستان وەربگیرێن. هاوکات پێویستە ئەو کەموکورییەی کە لەمیلاکات و مامۆستای وانە زانستیەکان هەیە چارەسەر بکرێت بۆ نموونە هەندێك ئامادەیم هەیە تا ئێستاش مامۆستای وانەی بیرکاری و ئینگلیزی نییە.

**ڕێگای مەرگی نێوان داقوق و دووزخورماتوو چارەسەر نەکراوە**

سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق لەکۆتاییدا وتی: حکومەتی ناوەندی لەزۆر لایەنەوە جیاوازی لەنێوان ناوچەو سنوورەکاندا دەکات هەر بۆنموونە لەدامەزراندنی ئەمساڵ ٣٤ فەرمانبەر بۆ ئێمە دامەزراوە کەچی بۆ حەویجە ٦٠٠ کەسیان دامەزراندووە، هەروەها لە ڕووی بودجەوە ڕاستە بەپێی ژمارەی دانیشتووان بودجە تەرخان دەکرێت، بەڵام لەچاو هەندێك قەزاو ناحیەی عەرەبەکان زۆر کەمتر بۆ ئێمە دادەنرێت بۆنموونە ئەمساڵ نزیکەی ١١ ملیار دیناریان بۆ تەرخانکردوین کە ئەمەش بەشی پرۆژەیەکی مامناوەندیش ناکات ئەی چۆن بتوانین لەو وێرانی و کاولکارییەی کە دووچاری بووین ڕزگارمان بێت.

# عەقڵیەتی شاخ و کەڵچەری شاخ!



پ. د. ئازاد نەقشبەندی*

دەمێکە دیـــاردە دزێوەکانی نێو کۆمەڵگاکەمان گرێدەدرێــت بە شــاخ و چیاوە، وەك بڵێیت شـــاخ و چیاکان بەرپرســـن لە هێنانـــە کایەی جۆرێك لە بیرکردنەوەی کۆن و دواکەوتوو کە سەردەمی بەسەر چـــووە و یان بڵێیت کە شـــاخ و چیاکان داهێنەری کەڵچەرێکـــی دواکەوتووی نەخـــوازراوە. ئەم جۆرە بۆچوونانـــە کە لە کاتی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی زاخۆ و دەوروبەری بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنە بێنراو و بیســـراوەکاندا بە چڕی دووبارە دەبنەوە و گوێ بیســـتیان دەبین، بەتایبەتی لـــە لایەن ئەوانەی کە خاوەنی ئەزموونی شـــاخ و چیا نین، بە مەبەستی ڕەخنە گرتن و یان بۆ زڕاندنی ناوی نەیارەکانیان.

پشـــت بەســـتن بەوەی کە ئامـــاژەی بۆ کرا بە پێویستی دەزانین کە بپرسین:

ئایـــا شـــاخ و چیاکان بەرپرســـن لـــە هێنانە کایـــەی بیری کـــۆن و دواکەوتوو؟ ئایا شـــاخ و چیـــاکان داهێنەری کەڵچەرێکـــی دواکەوتوون کە بەرپرســـە لە ڕووداوە نەخوازراوەکانی ئەمڕۆی نێو کۆمەڵگاکەمان؟ یان بە ڕاشـــکاوە تر بپرسین: ئایا ئەوانەی لە ڕۆژە دژوار بـــێ هیواکاندا بەرگرییان لە میللەت و نیشـــتمان دەکرد خاوەنی بیری کۆن و دواکەوتوون؟ یان خاوەن کەڵچەرێکن کە بەرپرسە لە کێشـــەکانی ئەمڕۆمان؟ بە پێچەوانەشەوە ئەوانەی کە دوورە پەرێزبوون لەگەڵ و شـــۆڕش و نیشتمان خاوەنـــی بیری نـــوێ و پێشـــکەوتوو و هەڵگری کەڵچەرێکن کە کێشـــەکانمان چارەســـەر دەکات و برینەکانمان سارێژ دەکات؟

پێگـــەی ئاینی و سروشـــت وجیۆپۆلیتیکی چیاکان و هەڵســـەنگاندنی ڕۆڵی چیانشینەکان و پێشـــمەرگەکانی شۆڕشـــەکانی نەتەوەکەمان، کە ئەم ئازادییـــەی ئەمڕۆیان بۆ بەدەســـت هێناوین و کە بـــە کورتی ئاماژەیان بـــۆ دەکەین، وەڵامی یەکلاکەرەوەی ئەو پرســـیارانە دەداتـــەوە وەك لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

یەکەم: پێگەی ئاینی چیاکان: شاخ و چیاکان خاوەنی پێگەی ئاینی بەهێزن وەك ئەم راســـتیانە دەیسەلمێنن:

١ - لە چەندین شـــوێن لـــە قورئانی پیرۆزدا شـــاخ و چیاکان بە ڕووداوێکی لە سرووشت بەدەر (موعجیـــزە)، هەژمار کـــراون. (أفلا ینظرون الی الابل کیف خلقت، و الی السماء کیف رفعت، والی الجبال کیف نصبت، والی الأرض کیف ســـطحت؟) «سورە الغاشیة».

٢ – چیاکان لە قورئانی پیروزدا بە ســـنگ و مێخی گۆی زەوی دانراون کە هاوســـەنگیەکەی ڕادەگـــرن (ألـــم نجعل الأرض مهـــادأ؟ و الجبال أوتادأ؟) «سورە النبأ».

٣ – چیاکان هەمیشـــە جێـــگای لێقەوماوان بووە بە تایبەتی ئەوانی کە ویســـتوویانە بەرگری لە بیروباوەڕەکانیان بکەن و لە جەوری ســـتەمکاران ڕزگاریان بێـــت، دیاریترین نموونەیش لاوانی خاوەن ئیمانی، (أصحاب الکهف) بوون، کە موعجیزەیەکی یەزدانیە. (أم حســـبت أن أصحاب الکهف و الرقیم کانوا من ایاتنا عجبـــا)، (نحن نقص علیك نبأهم بالحق انهـــم فتیة ءامنوا بربهـــم وزدناهم هدی). (سورە الکهف)

٤ - مرۆڤ لە باوەشی چیاکاندا زیاتر هەست بە مەزنی پەروەردگار و هەســـت بە نزیکی لێیەوە دەکات. بـــە ڕێکەوت نەبووە کە چیاکان هەمیشـــە خەڵوەتـــگای پێغەمبەران و پیاوچـــاکان بوون، لە نێوانیشـــیاندا خەڵوەتـــگای پێغەمبەری ئیســـلام (محەمەد) درودی خوای لە سەر بێت، (غار حراء لە چیای طور).

دووەم: سروشتی چیاکان: مرۆڤی دانا دەتوانێت گەلێك نەریتی جوان لە سروشتی چیاکانەوە فێربێت. سروشتی چیاکان فێرمان دەکات کە:

١ - یەکگرتووبیـــن، چیاکان بە دەگمەن بە تاك دەردەکەون.

٢ - بەخشندە بین، چیاکان داهات و سامانەکانیان لە بەفر و باران دەبەخشـــنە بنارەکان. چیا ئەوەندە بەخشندەیە کە بەرگی خۆی، خاکەکەی، دادەماڵێت و دەیبەخشێتە نزمایەکانی دەوروبەری.

٣ - تەسکی وفراوانی بنچینە و بنەوانی چیاکان ئاســـتی بەرزی لوتکەکانیان دەست نیشان دەکات. ئـــەو چیایانەی کـــە خاوەنی بنچینـــە و بنەوانی فراوانن خاوەنی لوتکەی بـــەرزن، پێچەوانەی ئەم

> «تاکە دوستی کورد چیاکانە». دیارە کەسیش ناتوانی نکۆڵی لە ڕۆڵی چیاکان بکات لە پاراستنی نەتەوەی کورد و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی

بۆچوونەیش راستە. ئەم سروشتەی چیا فێرمان دەکات کە مەرجی هەڵکەوتنی سەرکردەی لوتکە لە کۆمەڵگاکاندا بوونی قاعیدەیەکی جەماوەری فراوانە.

٤ - سروشتی لوتکەی چیاکان، کە جێگای سەرنج و تەماشاکردنن لە هەموو لایەنێکەوە، بە سەرکردەکان دەڵێت: «وریابن و ئاگەداری هەڵسوکەوتتان بن، چونکە ئێوەیش وەك من لە هەموو لایەنێکەوە کەوتونەتە ژێر دووربینی چاودێریکردنی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا».

٥ - نەریتی جوانی لوتکەی چیاکان، کە یەکسانانە دەڕوانێتە هەموو دەوروبەرەکەی و دادپەروەرانە سامانەکەی بەسەریاندا دابەش دەکات، وانەی دادپەروەری فێری سەرکردەکان دەکات.

سێیەم: پێگەی جیۆپۆلیتیکی چیاکان: جیۆپۆلیتیکناسان لە بۆچوون و تیۆرەکانیاندا بە شێوەیەکی ئەرێنی باس لە رۆڵ و بایەخی چیاکان دەکەن و دەڵێن:

١ – ئەوانەی لە شوێنی بەرز بژین خاوەنی بیری بەرزن.

٢ – ژینگەی سەختی چیاکان، بە پێچەوانەی ژینگە نەرمەکان، پیاوان لە لاوازی و بێ هێزی دوور دەخاتەوە.

٣ – هەرێمە شاخاوییەکان هاندەری هەستی ئازادی و سەربەخۆیین.

٤ – چیاکان ئامرازێکی گرنگی دەستنیشانکردنی سنووری دەوڵەتین.

٥ – چیاکان بەربەستێکی سروشتی گرنگن کە نیشتمان لە پەلاماری دوژمنان دەپارێزن.

چوارەم: رۆڵی چیا وچیانشینەکان و پێشمەرگەکانی شۆڕشەکانمان لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان: دەکرێت رۆڵی چیا و چیانشینەکان و پێشمەرگەکانی شۆڕشەکانمان لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە:

١ – چیاکان بۆ ئێمەی کورد هەمیشە پشت و پەنا بووە بە شێوەك کە دەوترا: «تاکە دۆستی کورد چیاکانە». دیارە کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لە رۆڵی چیاکان بکات لە پاراستنی نەتەوەی کورد و راپەڕین و شۆڕشەکانی.

٢ – چیانشینەکان پاڵپشت و سووتەمەنی راپەڕین و شۆڕشەکانی نەتەوەکەمان بوون و لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان و پشتگیریکردنیان لە راپەڕین و شۆڕشەکانی بەشە شێریان بەرکەوتووە لە زیان و قوربانیەکاندا.

٣ – پێشمەرگەکانی کوردستان، کە بارەگا و بنکەکانیان لە باوەشی چیاکاندا بووە کەسانی شۆڕشگێڕ بوون. شۆڕشیش بە ساکارترین پێناسە بریتیە لە: «ئەنجامدانی گۆڕانکاری بنەڕەتی بە ئاراستەیەکی ئەرێنی و گونجاو لەگەڵ ئاراستەی مێژوو لە ژیانی کۆمەڵگادا». گۆڕینی ژیانی دیلی و کۆیلەیەتی و ستەمکاری و دواکەوتوویی کۆمەڵگا.....تاد، بە دابینکردنی ژیانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو.

٤ – دەسکەوتەکانی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان بەرهەمی خەباتی گەلەکەمانە و لە ریزی پێشەوەیش بەرهەمی خەباتی پێشمەرگەکانی نێو باوەشی چیاکانی کوردستانە کە بە خەباتیان توانیان بەرگری لە بوونی نەتەوەکەمان بکەن لە رۆژە دژوار و تاریکەکاندا و ئەم ئازادییەی ئەمڕۆ، کە بۆ نەیارەکانیشیان دابینکراوە، بە دەست بێنن.

کە پێگەی ئاینی و سروشتی و جیۆپۆلیتیکی چیاکان و رۆڵی چیانشینەکان و پێشمەرگە شۆڕشگێڕەکانی نێو باوەشی چیاکانی کوردستان بەو شێوەیە بێت کە باسمان کرد، بۆمان نییە بپرسین:

ئایا رەوایە بەو شێوە رەهایە ئەزموونی شاخ و مێژووەکەی ناشرین بکەین و ناوی بزڕێنن بۆ مەبەستێکی تایبەتی؟

ئایا پێشمەرگەکانی نێو چیاکان خاوەنی عەقڵیەتی شۆڕشگێڕی بوون یان کەسانی خاوەن عەقڵیەت و کەڵچەری دواکەوتوو و یاخی لە یاسا وەك دوژمنانی گەلەکەمان ناویان لێنابوون؟

ئایا رووداوی چەند دیاردەیەکی نامۆ و نەخوازراو لە نێو شۆڕشدا، کە لە دوور و نزیکەوە پێوەندی نەبووە و تایبەت نەبووە بە عەقڵیەتی چیاو و کەڵچەری چیاوە، رێگەمان پێدەدات، وەك نەیارانی میللەتەکەمان دەیانەوێت کوێرانە پەلاماری مێژووەکەمان بدەین و ناشرینی بکەین؟

چەند دروستە دیاردە دزێوەکانی نێو کۆمەڵگاکەمان، کە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکین، بە تەنیا گرێ بدەین بە عەقڵییەت و کەڵچەری شاخەوە؟

لە کۆتایدا دەپرسین ناشرینکردنی مێژووی سەروەرییەکانمان و ناوزڕاندنی ئەزموونی شاخ لە بەرژەوەندی کێیە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بەجێ دێڵین بۆ ویژدانی ئەوانەی خاوەن ویژدانن و وەك لە وتارێکی پێشووماندا باسمان کردووە، جارێکی تر دەڵێین: «ئەوان گردەکانیان دەکەن بە چیا با ئێمە چیاکانمان بە گرد نەکەین».

**ناشرینکردنی مێژووی سەروەرییەکانمان و ناوزڕاندنی ئەزموونی شاخ لە بەرژەوەندی کێیە؟**

**ئەوان گردەکانیان دەکەن بە چیا با ئێمە چیاکانمان بە گرد نەکەین**